# ژ ، وەکو...ژیان



مەسعود لەعلی

**چیرۆکە ئیلهام بەخشەکان بۆ دروستکردنی ژیانێکی شاد و سەرکەوتوو**

ئەگەر هەست دەکەیت کەسێکی تر
بوونی هەیە کە دەتوانێت
ژیانی تۆ بگۆڕێت
لەئاوێنە بڕوانە.



Scanned with CamScanner

# ژ ، وەکو...ژیان ①

**چیرۆکە ئیلهام بەخشەکان بۆ دروستکردنی ژیانێکی شاد و سەرکەوتوو**


**نوسینی: مەسعود لەعلی**

وەرگێڕانی: **بەرهەم ناودەشتی**



چاپی یەکەم

٢٠١٤



Scanned with CamScanner

ناسنامەی ...

- ناوی کتێب: ژ، وەکو...ژیان ١
- نووسینی: مەسعود لەعلی
- وەرگێڕانی: بەرهەم ناوردەشتی
- بابەت: چیرۆکە رەوشتییەکان، خۆناسین.
- بەرگ: فواد کەولۆسی
- شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- ساڵی چاپ: ٢٠١٤
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی: (١١٧١)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

پێرست...


پێشەکی ........ ٧
بەشی یەکەم ........ ٩
شادمانی و بەختەوەری ........ ٩
( (خۆشی لە ژیان ببینە) ) ........ ١١
( (رازی شادمانی) ) ........ ١٤
( (هێنری فۆرد و پیرەمێردی گولفرۆش) ) ........ ١٥
( ( چیرۆکی هەوو سەتڵ ) ) ........ ١٦
( (تێڕوانین وادە هەموو شتێک) ) ........ ١٧
( ( هەژار یان دەوڵەمەند ) ) ........ ١٩
( (پێشبینی کەش و هەوا) ) ........ ٢٠
( (ئەمجارەش منالێک بوو) ) ........ ٢١
( (شکاندن ) ) ........ ٢٣
((دۆرۆسی و جادووگەری شاری ئەڵماس) ) ........ ٢٤
(ئاقڵ و شێت) ........ ٢٧
( (خۆت بە) ) ........ ٢٨
( (ژ) ) وەکو..ژیان ........ ٢٩
( (دەنگدانەوەی ژیان) ) ........ ٣٠
(هەرچییەك بیکەیت بەرانبەر خۆت دەیکەیت) ........ ٣٢
( (بە کێشەکان پێبکەنن)) ........ ٣٤
( (کێشەکان لەباوەش بگرە) ) ........ ٣٥
( (پەیوەستی) ) ........ ٣٧
((ئازادبوون لە رابردوو)) ........ ٣٨
(زیندانی یان پاسەوان) ........ ٣٩
بەشی دووەم ........ ٤١
خۆشەویستی و عەشق ........ ٤١
( (غەریبەیەك بوونی نییە) ) ........ ٤٣
(گەڕانەوە) ........ ٤٥
(تەنیا کات دەتووانیٚ لە مەزنایەتی عەشق تێبگات) ........ ٤٧


Scanned with CamScanner

((چیرۆکی دوو دەرباچە)) ....................
(ئەمڕۆ ئەتوانم چ کارێکی باش ئەنجام بدەم!) .................... ٦٠
((ئەمانەت)) .................... ٦١
(کام میرەڵدانە بەرزتر دەبێتەوە؟!) .................... ٦٢
((حاڵەتی پارە)) .................... ٦٣
((پاسەوان)) .................... ٦٩
((ترس یان عەشق)) .................... ٧٠
((ژەهری خۆپەرستی)) .................... ٧١
((لە قسەوە تا کردار)) .................... ٧٣
((عەشقی باڵندەیەکی سەربەست)) .................... ٧٤
((عەشق چییە!)) .................... ٧٦
((گوێگرتنی چالاکانە)) .................... ٧٧
((جیاوازیی نێوان راست و هەڵە)) .................... ٧٩
((کڕیار بەدەستی بەتاڵ نەڕوات)) .................... ٨٠
((راستی)) .................... ٨١
((قائیمەی حساب)) .................... ٨٢
((پێشکەش بێت بە دایکان)) .................... ٨٤
((چەپکەگوڵێک بۆ دایك)) .................... ٨٧
((منالان کەی گەورە دەبن؟)) .................... ٨٨
((خاتوو تامپسن)) .................... ٩٠
((ناو و ئامرازی پەیوەندی)) .................... ٩٤
بەشی سێیەم .................... ٩٧
ژیان و بواری [illegible] .................... ٩٧
((وێستگەی خودا)) .................... ٩٩
((میر و ئەمیرە)) .................... ١٠٠


Scanned with CamScanner

((دە فەرمان)) .......... ١٠٢
((پرسیار و وەلام)) .......... ١٠٣
((نزا)) .......... ١٠٤
((قەفەس و راگویزەر)) .......... ١٠٥
((لەگەل خوا ها هەموو شتێک ئاسانە)) .......... ١٠٦
((بەهرەمەند لە نزا)) .......... ١٠٧
((لە دەرفەت نزیکە)) .......... ١٠٨
((کەبەشتن بە خودا)) .......... ١٠٩
(( وەکو منال )) .......... ١١٠
((بەدەستهێنانی رەزامەندی خودا)) .......... ١١١
((خودایە سوپاس)) .......... ١١٢
((سوپاسگوزاری)) .......... ١١٤
(( کلیلی ئالتونی )) .......... ١١٦
بەشی چوارەم .......... ١١٧
سەرکەوتن .......... ١١٧
((دەستپێکی کۆتاییەك)) .......... ١١٩
((فرین)) .......... ١٢٠
((موعجیزەی هێزی بیرکردنەوە)) .......... ١٢١
((هێنانەبەرچاوی ئەفرێنەرانە)) .......... ١٢٢
((وێنایەکی ئاگایانە لەبارەی خود)) .......... ١٢٤
((باوەڕ بکەن...)) .......... ١٢٥
( (فراوانیی رەها) ) .......... ١٢٦
(( لەدایکبوون بۆ سەرکەوتن )) .......... ١٢٨
(( باڵندە ماسیخۆرەکان )) .......... ١٣١
((روانین لە ئامانج)) .......... ١٣٤
((میکانیزمی گەڕان بەدوای ئامانج لەلایەن مرۆڤەوە)) .......... ١٣٥
((جیاوازی لە هەوڵدایە)) .......... ١٣٦
((بەرنامەڕێژی و ئەولەویەت بەندی)) .......... ١٣٧
((ئیمانت بە ئامانجەکانت هەبێت)) .......... ١٣٨
((یەك سەرنج)) .......... ١٣٩
((من دەتووانم)) .......... ١٤١

Scanned with CamScanner

((با خۆراگری لە مەرەحەتەوە فێر بین)) ........ ١٤٢
((هەمی بە ئاڵتون موسرینەوە)) ........ ١٤٣
((موعجیزەی هەرەموایسوس)) ........ ١٤٥
((مەشخەل بە)) ........ ١٤٦
((ئامەرووزی سوتیمر تۆ سەرکەوتن)) ........ ١٤٨
((موابیس سات)) ........ ١٤٩
((وانەیەك لە ئاپلیۆنەوە)) ........ ١٥٠
((هاوڕێی هەمیشەیی)) ........ ١٥١
((بستنی ئا، مەرج نییە بە ماناى نا بێت)) ........ ١٥٣
((هەوڵی ئامانجدار)) ........ ١٥٥
((وانەیەك لە منالانەوە)) ........ ١٥٧
((تیروانینی نەطرینەرانەی منالێك)) ........ ١٥٩
(.....ترین وشە) ........ ١٦٠
(( کاری چاك کردن، کردنێکی پراوپڕە )) ........ ١٦١
((وەلامەکان دەگۆڕێن)) ........ ١٦٣
بەشی پێنجەم ........ ١٦٥
چەند زیادەیەك ........ ١٦٥
((مەشخەڵی عەشق)) ........ ١٦٧
((دەستێك دەنگی نییە)) ........ ١٦٩
((ئارامی لە کێشمەکێشی رۆژگاردا)) ........ ١٧١
((وەکو کانی بە)) ........ ١٧٣
((کام رەنگە بالاترە)) ........ ١٧٤
((سوپاسگوزاری کەموکوڕیی هاوسەرەکەت بە)) ........ ١٧٧
((چیرۆکی شا و وەزیر)) ........ ١٧٨
((دەستانی پارێزەر)) ........ ١٨١
((رازی گەورەی ئارامی)) ........ ١٨٣
((بازرگان و چوار هاوسەر)) ........ ١٨٥
((سوپەرمارکێتی بەهەشتی)) ........ ١٨٨

Scanned with CamScanner

# پێشەکی

پاشایەك كۆشكێكی هەبوو بە وەزیر و كارگوزاری زۆرەوە. ئەو لە هەموو شوێنێكەوە دانایان، ژیر و هونەرمەندانی بۆ كۆشكەكەی بانگهێشت كردبوو و وەزیرەكانی بە دانایی و دینداری و زیرەكی ناسرابوون.

رۆژێك لە رۆژان حەكیمێك هاتە كۆشكی پاشا. پاشا بە بینینی زۆر خۆشحاڵ بوو و بەخێرهاتنی كرد. زۆر رێزی گرت و لێی پرسی:

(ئەی كار راست بۆچی هاتوویتە كۆشك؟)

حەكیم لە وەڵامدا وتی: (پاشا، بیستوومە وەزیرەكانتان لە ژیری و داناییدا بەناوبانگن بۆیە سێ بوكەڵەم هێناوەتە ئێرە تاوەكو وەزیرەكانتان تاووتوێیان بكەن و بڵێن كامیان باشترە).

پاشا بوكەڵەكانی دایە وەزیرە گەورەكەی خۆی كە لە هەمووان هۆشمەندتر بوو. وەزیر سەیرێكی بوكەڵەكانی كرد و داوای لە پاشا كرد فرمان بكات تەلێكی ئاسنی بۆ بێنن. پاشا بەلایەوە سەیر بوو و داواكارییەكەی وەزیری قبوڵ كرد.

وەزیر تەلە ئاسنینەكەی بردە ناو گوێچكەی راستی یەكێك لە بوكەڵەكان. تەلە ئاسنینەكە لە گوێچكەی چەپی بوكەڵەكە هاتە دەرەوە و وەزیر بە بزەیەكەوە سەیری حەكیمەكەی كرد و بوكەڵەكەی بەلاوەنا. پاشان بوكەڵەی دووەمی هەڵگرت و تەلەكەی بردە ناو گوێچكەی راستییەوە. ئەمجارە تەلەكە

لە دەمیەوە هاتە دەرەوە، وەزیر بزەیەكی كرد و بوكەڵەی دووەمیشی بەلاوەنا. بوكەڵەی سێیەمیشی هەڵگرت و تەلەكەی خستە ناوی گوێچكەی راستیەوە. بەڵام

تەڵەکە نە لە دەمی مانە دەرەوە و نە لە گوێچکەیەوە. پاشا و خەڵکی کۆشک تامەزرۆیانە دەیانڕوانییە ئەم دیمەنە.

لە هەمان کاتدا، وەزیری گەورە ڕووی کردە حەکیم و وتی: (ئەی مەزن سێیەمین بوکەڵە لە هەموویان باشترە. لە ڕاستیدا سێ بوکەڵەکە ڕەمزێکن بۆ گروپە مرۆییەکان و تێگەیشتن و هۆشیارییان. مرۆڤەکان بەسەر سێ پۆلدا دابەش دەبن: یەکەم، ئەو کەسانەی کە قسەکانیان لە گوێچکەیەکەوە وەردەگرن و لە گوێچکەکەی ترەوە دەریدەکەن. دووەم، ئەو کەسانەی کە قسەکان دەبیستن و تێیان دەگەن تاوەکو بتوانن باش قسە بکەن و سێیەمین گروپ ئەوانەن کە بە گیان قسەکان گوێبیست دەبن و وەکو گەنجینەیەک لە دڵی خۆیاندا دەیانپارێزن. لەم سێ گروپە، سێیەمیان لە هەموویان باشترن).

حەکیم لەبەرانبەر هەبوونی وەزیرێکی وەها هۆشیاردا پیرۆزبایی لە پاشا کرد و ڕێزی لێنان و پێش ئەوەی کۆشک جێ بهێڵێت ڕوویکردە پاشا و ئەهلی کۆشک و وتی: (لە ژیاندا هەمیشە گوێبیستی قسەی ژیرانە بن و هەوڵ بدەن ماناکانی دەرک بکەن و لە هۆشی خۆتاندا پەروەردەی بکەن و بۆ ژیانێکی باشتر و جوانتر بیخەنەگەڕ).

ئەم کتێبە کۆمەڵەیە لە ئیلهامبەخشترین چیرۆکەکان کە ئێمە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە کۆمان کردوونەتەوە و وەرمانگێڕاون، بەو هیوایەی کە ئەم کۆمەڵەیە وەکو چۆن سوودی بە ئێمە گەیاندووە بۆ خوێنەرانیش بەسوود و کاریگەر بێت و ئێوە بتوانن لە کاتە جیاجیاکانی ژیاندا بۆ ژیای باش سەرکەوتوو و بەختەوەر کەڵکیان لێوەرگرن. بەڵام هەروەکو حەکیم دەیویست هەموان فێر بکات، زانین بەس نییە، دەبێ پەیمان بدەین کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا پیادەیان بکەین.

**مەسعود لەعلی**

Scanned with CamScanner

# بەشی یەکەم

## شادمانی و بەختەوەری

**بێ بەرهەمترین ڕۆژمان ئەو ڕۆژەیە کە پێنەکەنیبین**

Scanned with CamScanner

ئەو کەسەی کە بەردەوام بە رەشبینی و حوکمدانەوە
دەڕوانێتە جیهان وەکو ئەو پەڕە پڕکراوەیە کە
هیچی تازەی لەسەر نانوسرێ.

# ( (خۆشی لە ژیان ببینە) )

کوڕێك لەگەڵ باوکیدا لەسەر زەوییەکی کشتوکاڵی ئیشیان دەکرد. ئەوان لە ساڵێکدا، چەندان جار عەرەبانە کۆنەکەیان پڕ دەکرد لە بەروبومی سەوزە و بۆ فرۆشتنەوەی دەچوونە نزیکترین شار.

ڕۆژێکیان بەیانیی زوو، مانگاکەیان بە عەرەبانەکەیان بەستەوە و گەشتە درێژەکەیان دەست پێکرد. کوڕەکە بۆچوونی وابوو کە ئەگەر خێراتر بە ڕێگادا بڕۆن و سەرانسەری ڕۆژ و شەو سەفەر بکەن ئەوا دەتوانن تەقریبەن سبەی زوو دەستن بکەن بە فرۆشتن.

باوك وتی: (قورس مەیگرە کوڕەکەم، دەبێ کەمێك ئاسانگیر بیت). کوڕەکە سوور بوو لەسەر قسەکەی: (ئەگەر ئێمە لە دەستپێکی فرۆشتندا پێش ئەوانیتر بکەوینەوە ئەوا شانسێکی باشترمان دەبێت لەوەی کە نرخێکی باش بخەینەڕوو). باوك وەڵامی نەدایەوە و کڵاوەکەی بۆ سەر چاوەکانی هێنایە خوارەوە و لەسەر کورسی عەرەبانەکە خەوت. پاش چوار سەعات و بڕینی چوار مایل، گەیشتە خانوویەکی بچوك. باوکەکە لە خەو هەڵساو پێکەنی و وتی: (ئێرە ماڵی مامتە. وەرە بوەستین و پشوو بدەین). کوڕەکە بە دەم سکاڵاوە وتی: (لە ئێستادا ئێمە سەعاتێکمان لەدەستداوە). دوو پیرەمێرد زۆر پێکەنین و قسەیان کرد و گەنجەکە

بە بێ ئۆقرەییەوە ئەملا و ئەولای خۆی دەڕوانی. پاش سەعاتێك دیمەنی ڕێگاكەیان گرتەوەبەر تا ئەوەی كە گەیشتنە دووڕیانێك و باوكەكە مانگاكەی بە لای ڕاستدا ئاراستە كرد.

كورەكە وتی: (ڕێگای چەپ كورتترە). باوك وتی: (بەڵێ دەزانم. بەڵام ئەم ڕێگایە جوانتر و سەرنجڕاكێشترە) كوڕەكە بە ناڵەناڵەوە لێی پرسی: (تۆ گرنگی بە كات نادەیت؟) باوك وتی: (من گرنگییەكی زۆر بە كات دەدەم بۆیە هەوڵدەدەم خۆشی لە هەموو ساتێكی ژیان ببینم و ستایشی بكەم). ڕێگایەكی پڕ پێچ و لوول بەناو بێدەشتێكی پڕ لە گژ و گیا و گوڵی كێویدا ڕەت دەبوو بە كەناری سەرچاوەیەكی بەخوڕدا درێژ دەبووەوە. ئەمەش دیمەنێك بوو كە گەنجەكە لەبەر توڕەییەكەی نەیدەبینی. هیچ كاتێك سەرنجی نەدابە ئاوابوونی جوان و بێ وێنەی خۆر. ساتەوەختی زەردەپەڕ بوو گەیشتنە دەشتێكی ڕەنگاوڕەنگ.

پیرەمێردەكە هەوای تازەی هەڵدەمژی لەكاتێكدا كە گوێی لە ئاوازی ڕێژگەی سەرچاوەكە دەگرت و بەرە بەرەش جڵەوی مانگاكەی ڕاكێشا تاوەكو بوەستێت. بە ئارامی وتی: (وا باشترە لێرە پشوو بدەین). كوڕەكە بە تۆنێكی ڕەقەوە وتی: (ئەمە دوایین جارە لەگەڵ تۆدا بێمە سەفەرێك.

تۆ زیاتر ئارەزوومەندی بینینی خۆرئاوابوون و بۆنكردنی گوڵەكانیت نەك بەدەستهێنانی پارە و دەستكەوت).

باوك بە پێكەنینەوە وتی: (ئەمە باشترینە شتە كە بەدەمتا هاتووە). پیرەمێرد هەر لەو ساتەدا لە عەرەبانەكەی هاتە خوارەوە تاوەكو بخەوێت و دەستیكرد بە پرخەپرخ. كوڕەكە لە ئەستێرەكان ورد دەبووەوە. شەو بە هێمنی تێدەپەڕی، لەكاتێكدا كە كوڕەكە نائارام و شڵەژاو بوو. بەر لە هەڵهاتنی خۆر، گەنجەكە بەپەلە باوكی ڕاتەكاند تاوەكو هەڵسێت. مانگەكەیان خستە جوڵە و درێژەیان بە

گەشتەکەیاندا. پاش برینی مایلێك تووشی جوتیارێکی غەریبە بوون کە لە هەوڵی هێنانە دەری عەرەبانەکەیدا بوو لە چاڵێك. باوکەکە پێشنیاری ئەوەی کرد بچن بە هانایەوە و یارمەتی بدەن. کورەکە وتی: (تا کاتێکی زیاتر لەدەست بدەین؟) باوکە وتی: (ئارام بگرە کورم. دەشێ ڕۆژێکیش تۆ بکەویتە چاڵێکەوە. دەبێ لەکاتی پێویستیندا یارمەتی ئەوانیتر بدەین). کورەکە بە بێزارییەوە گەڕایەوە. تەقریبەن سەعات هەشت بوو. مانگاکە لە دەشتەکەدا هەر دەڕۆیشت. لەناکاو هەورەتریشقەیەکی ئافاتبار ئاسمانی رووناك کردەوە و دواتر تۆفان هەڵیکرد. لە کەناری تەپۆلکەکانەوە ئاسمان تلۆخ هەڵگەڕا.

پیرەمێرد وتی: (بڕوانە، پێدەچێ لە نزیکی شار باران بێ). کورەکە بە ناڕەزاییەوە وتی: (ئەگەر پەلە بکەین دەتوانین هەر ئێستا بەروبوومەکانمان بفرۆشین). پیرەمێرد دەستیکرد بە ئامۆژگاریکردنی کورەکە و وتی: (قورس مەیگرە، کەمێکە ئارام بگرە تاوەکو خۆشی لە ژیانت ببینیت).

درەنگ و تەقریبەن دوانیوەڕۆ بوو کە گەیشتنە ئەو تەپۆلکانەی کە لەسەریانەوە دیمەنی شار دیاربوو. وەستان و کەمێك لەو دیمەنە ورد بوونەوە. هیچ کامیان توانای قسەکردنیان نەبوو تا ئەوەی کە کوڕەکە دەستی لە ملی باوکی کرد و وتی: (ئێستا لە مەبەستەکەت تێگەیشتم). مانگاکەی خۆیان گەڕاندەوە و بە ئارامی دەستیانکرد بە دوورکەوتنەوە لەو شتەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناوی شاری (هیرۆشیما) بوو.

تۆ بە دەگمەن لە کارێکدا سەرکەوتوو دەبیت مەگەر ئەوەی کە کارەکە بە ئارەزوومەندییەوە وەکو سەرگەرمییەك و خۆشییەك ئەنجام بدەیت.
(بیرۆکەکانی بەڕێوەبردن)

## ( (رازی شادمانی) )

پشیلەیەکی پیری وێڵگەڕ تەماشای بێچووە پشیلەیەکی دەکرد کە بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و بەدوای کلکیەوە بوو. پشیلە پیرەکە هۆکاری ئەم سوڕانەوەیەی لێ پرسی.

بێچووە پشیلەکە لە وەڵامدا وتی: (بەندە تازە لە قوتابخانەی پشیلەکان بواری فەلسەفەم تەواو کردووە. لە خوێندنەوەکانی خۆمدا گەیشتوومە ئەو ئەنجامەی کە: یەکەم، شادمانی گرنگترین شتە بۆ هەموو پشیلەیەك. دووەم شادمانی لە کلکی پشیلەدایە.

گەیشتوومە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر ئەوەندە بەدوای کلکەکەمەوە بم کە سەرەنجام بەدەستی بێنم ئەوا دەگەمە شادمانی هەمیشەیی). پشیلە پیرەکە وتی: (تۆ دەزانیت کە من پشیلەیەکی وێڵگەڕم و هەرگیز دەرفەتی ئەوەم نەبووە تا وەکو تۆ بچمە قوتابخانەیەکی سەنگین. هەموو تەمەنم تەنیا لە ناو کۆڵانەکان بەسەر بردووە. بەڵام منیش هەر گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامە.

من فێربووم کە شادمانی گرنگترین شتە بۆ پشیلە و ئەم شادمانییە لە کلکیدایە. جیاوازیی من و تۆ تەنیا لە یەك شتدایە. من گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر کەسێك سەرقاڵی کاری خۆی بێت و تەنیا ئەو شتانە ئەنجام بدات کە بۆی گرنگن، لە هەرکوێیەك بێ، شادمانی بەدەست دێنێ).

Scanned with CamScanner

ڕێگای گەیشتن بە بەختەوەری و خۆشی لەسەر دوو بنەمای بنەڕەتی بونیاد نراوە: ئەوەی کە ئارەزوومەندیت پێی بدۆزیتەوە و کاتێك کە دۆزیتەوە هەمووی بوونتی بۆ تەرخان بکەیت.

(جۆن دی راکفێلەر)

## ( (هێنری فۆرد و پیرەمێردی گوڵفرۆش) )

هێنری فۆردی ملیاردێری ئەمریکی هەموو هەینییەك لای گوڵفرۆشەکە گوڵی بۆ ژنەکەی خۆی دەکڕی. جارێکیان بە پیرەمێردی گوڵفرۆشی وت:

(دوکانێکی زۆر جوانت هەیە. بۆچی لقێك ناکەیتەوە؟)

گوڵفرۆش لە وەڵامدا وتی: (قوربان ئەی دوایی؟)

هێنری فۆرد وتی: (پاشان لقی تر لەناو شاردا).

گوڵفرۆش وتی: (ئەی دوایی؟)

هێنری فۆرد بە توڕەییەوە وتی: (دەی دوایی ئەگەیتە ئاسودەیی).

گوڵفرۆش وتی: (قوربان ئاسودەیی هەر ئەو شتەیە کە من ئێستا هەمە).

فۆرد لە بارێکدا کە هەناسەی لێبڕابوو دوکانەکەی جێهێشت.

Scanned with CamScanner

لە دونیادا هیچ شتێك لە خودی خۆیدا مانای نییە، بەڵکو هەستەکان، رەفتارەکان و کاردانەوەکانمان بەرانبەر هەر شتێك بەندە بە شێوازی درککردن و وێنامان بۆ ئەو شتە.

(ئەنتۆنی رۆبنز)

## (( چیرۆکی دوو سەتڵ ))

دوو سەتڵ لەناو بیرێکدا چاویان بە یەکتری دەکەوێت. یەکێکیان زۆر گرژ و مۆن و وشك بوو. بۆیە سەتڵی دووەم بۆ دەربڕینی هاوخەمی لێی پرسی: (با بزانم چیتە، بۆ نارەحەتیت؟)

سەتڵە گرژومۆنەکە وتی: (ئەوەندە منیان خستە ناو بیر و هەڵیانکێشامەوە کە ئیتر ماندوو بووم. ئەزانیت پڕبوون بەهیچ شێوەیەك گرنگ نییە بۆم، هەمیشە بە بەتاڵی دەگەڕێمەوە ئێرە).

سەتڵی دووەم پێکەنین دەیگرێ و بە پێکەنینەوە دەڵێت: (تۆ بۆچی وەها بیر دەکەیتەوە؟ من هەمیشە بە بەتاڵی دێمە ئێرە و بە پڕی دەگەڕێمەوە. دڵنیام ئەگەر تۆش وەکو من بیرت بکردایەتەوە ئەوا دەتتووانی دڵخۆشتر بژیت!)

Scanned with CamScanner

بەختەوەرترین مرۆڤ کەسێکە کە بیر لە باشترین بیرۆکەکان دەکاتەوە.

(ویلیام لیۆن)

# ( (تێڕوانین واتە هەموو شتێک) )

بێوەژنێکی بێ دەرەتان بوو کە دوو کوڕی هەبوون! ئەوەندە لەڕولاواز بوو کە نەیدەتوانی کار و کاسبیەک بکات. بۆیەییەکەی لەسەر کڕین و فرۆشێکی ناچیزە بوو کە کوڕەکانی ئەنجامیان دەدا. ئەو هەمیشە نیگەرانی کڕین و فرۆشەکەی کوڕەکانی بوو و بە هاندانی بەردەوام ئومێدەوار بوو کە لە کارەکەیاندا سەرکەوتوو بن. یەکێك لە کوڕەکانی چەتری دەفرۆشت، بۆیە هەموو بەیانییەك بێوەژنە بێ دەرەتانەکە دەمی سپێدە لە خەو هەڵدەستا و سەیری ئاسمانی دەکرد تا بزانێ باران دەبارێ.



ئەگەر ئاسمان تەڵخ و هەوراوی بووایە، ئەوا بە خۆشحاڵییەوە دەیگوت: (سوپاس بۆ خودا، بەدڵنیاییەوە ئەمڕۆ چەند دانەیەك دەفرۆشێت!) بەڵام ئەگەر ئاسمان ڕووناك و خۆرەتاو بووایە، ئەوا خەمی هەموو دنیا دەهاتە سەر

دڵی. ترس هەموو جەستەی دادەگرت، چونکە منداڵەکەی ئەو ڕۆژە چەتری نەدەفرۆشت. کوڕەکەی تری باوەشێنی دەفرۆشت. بێوەژن هەموو ڕۆژێك سەر لە بەیانی لە خەو هەڵەستا و دەیڕوانییە ئاسمان. ئەگەر خۆر لە پشت هەورەکان شاراوە بووایە و ئەگەری باران بارین هەبووایە، زۆر نارەحەت دەبوو و لەژێر لێوانەوە دەیگوت بەخوا ئەمڕۆ کەس باوەشێن لە منداڵەکەم ناکڕێت.

باشی و خراپی کەش و هەوا هیچ کاریگەرییەکی نەدەخستە سەر حاڵی بێوەژنەکە. ئەو هەمیشە شتێکی لە هەگبەدا بوو بۆئەوەی خەم دایبگرێت. ئەگەر خۆرەتاو بووایە هەستی بە نارەحەتی دەکرد چونکە کەس چەتری لە منداڵەکەی نەدەکڕی. ئەگەر خۆرەتاو نەبووایە و ئاسمان هەوراوی بووایە دیسان هەستی بە نارەحەتی دەکرد چونکە کەس باوەشێنی لە منداڵەکەی نەدەکڕی. بێوەژنی بێ دەرەتان بە هەبوونی دیدێکی وەها ژیانی بە تەواوی دۆڕاندبوو. ڕۆژێکیان بێوەژن ڕێکەوتی هاوڕێیەکی دەکات کە پێی دەڵێت: (ئەزیزم تۆ هەڵەیت. تۆ لە هەموو حاڵەتێکدا براوەیت نەك دۆڕاو. ئەگەر خۆرەتاو بێت خەڵکی باوەشێن دەکڕن. ئەگەر باران ببارێت خەڵکی چەتر دەکڕن). ئەم لۆژیکە سادە و هۆشیارکەرەوەیە بەسەر مێشکی بێوەژنی بێدەرەتاندا زاڵ بوو و ئەوی گۆڕی. لەو ساتەوەختە بەدواوە بزەی ڕەزامەندی هەرگیز لە لێوانی بێوەژن نەتۆرا.

( (تۆوە گەورەکان) )

**سەرنج:** هەمیشە لە ژیانتاندا هۆکار هەن بۆ دڵخۆشی و هۆکاریش هەن بۆ دڵتەنگی. بەختەوەریتان بەندە بەوەی کە بیرلە نیعمەتەکانتان بکەنەوە نەك لە کێشەکان و کەموکوڕییەکانتان.

***

Scanned with CamScanner

دەریایەک و گۆماوێکی بچووک جیاوازییان نییە
ئەگەر ڕووی بچن ئاسمان هی تۆیە

# (( هەژار یان دەوڵەمەند ))

ڕۆژێکیان باوکێکی دەوڵەمەند کوڕەکەی و خێزانەکەی بۆ گەشت بردە گوندێک تاوەکو بە کوڕەکەی پیشان بدات خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش چۆن دەژین. ئەوان ڕۆژ و شەوێک لە کێڵگەی خێزانێکی زۆر هەژار ژیان. کاتێک کە لە گەشتەکەیان دەگەڕانەوە، باوک لە کوڕەکەی پرسی: (سەفەرەکە چۆن بوو؟)

-کوڕ: (زۆر باش بوو باوکە).

-باوک: (بینیت خەڵکی هەژار چۆنن؟)

-کوڕ: (بەڵێ)

-باوک: (ئەی چی فێر بوویت؟)

کوڕەکە لە وەڵامدا وتی: (فێربووم کە ئێمە لە ماڵ سەگێکمان هەیە و ئەوان چواریان هەیە. ئێمە حەوزێکمان هەیە کە تەنیا لە ناوەڕاستی حەوشەکەدایە و ئەوان زەلکاوێکیان هەیە کە کۆتایی نییە. ئێمە لە باخەکەماندا گڵۆپمان هەیە و ئەوان ئەستێرەکانیان هەیە. حەوشەکەی ئێمە تاوەکو حەوشەی بەردەم درێژ دەبێتەوە و ئەوان هەموو بەردەمیان چۆڵە). کاتێک کوڕەکە قسەکانی تەواو بوو، باوکەکە چیتر نەیدەتوانی قسە بکات، کوڕەکە بەم ڕستەیە کۆتایی بە قسەکانی هێنا: (سوپاس باوکە کە پیشانتدام ئێمە چەنێک هەژار و زەحمەتکێشین).

ڕووداوەکانی جیهانی دەرەوە لە دەستی ئێمەدا نین بەڵام لە کاردانەوەماندا بۆ ئەم ڕووداوانە سەربەستین و کەس ناتوانێت ئەم سەربەستییەمان لێ داگیر بکات.

(ڤیکتۆر فرانکڵ)

## ( (پێشبینی کەش و هەوا) )

گوێ لە گفتوگۆی دوو هاوڕێ بگرە کە باسی کەش و هەوا دەکەن:

کەسی یەکەم: (پێت وایە ئەمڕۆ کەش و هەوا چۆن دەبێت؟)

کەسی دووەم: (ئەو کەش و هەوایەی کە من حەزم لێیەتی).

کەسی یەکەم: (چۆن دەزانیت کەش و هەوا بە جۆرێك دەبێت کە تۆ حەزت لێیەتی؟)

کەسی دووەم: (ئەزانیت ئەزیزم، لە ژیاندا تێگەیشتووم کە هەمیشە ناتوانم ئەو شتەی کە حەزم لێیە هەمبێت...بۆیە فێر بووم کە هەمیشە ئەو شتەی کە بەدەستی دێنم حەزم لێی بێت و بەدڵنیاییەوە کەش و هەوایەك دەبێ کە من حەزم لێیەتی).

سەرنج: خۆشی و خەمباریمان بەرانبەر ڕووداوەکان بەندە بە شێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵیاندا نەك ناوەڕۆکیان.

خۆتان بەم بیرکردنەوەیە برازێننەوە: گرنگ نییە ئەوانیتر چ جۆرە حوکمێک لەسەر من دەدەن، چونکە من هەرچۆنێک بێت کەسێکی بەنرخ و سەنگینم.

(بیرۆکەکانی عەشق و توانایی)

## ( (ئەمجارەش منالێک بوو) )

مامۆستا و شاگردێک کە پیاوێکی بێ قژ و کەچەڵ بوو گەیشتنە دەوروبەری شارێک. لەوێ چەند منالێک ئەبینن کە سەرقاڵی یاری بوون. یەکێک لە منالەکان چاوی بە سەری کەچەڵی شاگردەکە کەوت و بە دەنگی بەرز بەمنالەکانی تری وت: (سەیرکەن! سەری ئەمە وەکو کدو لوس و بێ مووە!) منالەکانی تر بە بیستنی ئەم رستەیە لە کابرا ورد بوونەوە و پێکەوە دەستیانکرد بە پێکەنین! کابرای کەچەڵ بزەیەکی کرد و بەرەو رووی مامۆستاکەی وتی: (منالن و نابێ گوێ لە قسەیان بگریت!) و پاشان بێ ئەوەی گوێ بداتە منالەکان لە قسەکردن لەگەڵ مامۆستاکەیدا بەردەوام بوو. دوای ئەوەی چەند سەعاتێک بە رێگادا رۆیشتن گەیشتنە دەروازەی شار و و پاسەوانەکانی دەروازە بە بێ رێزییەوە رێگەیان لێگرتن زو دەستیانکرد بە گەڕان لەناو کەل و پەلەکانیاندا. لەم میانەدا یەکێک لە پاسەوانەکان بە بێڕێزییەوە بەرەو رووی شاگردەکەی وتی: (هۆی کەچەڵی درێو! وەرە بوخچەکەت بکەرەوە بزانین چی تیایە!)

تورەیی روخساری کوڕە کەچەڵەکەی داگرت و بێ ئەوەی لەدەست خۆیدا بێت بەرەو پاسەوانەکە چوو تا شەڕی لەگەڵ بکات. مامۆستا بەخێرایی خۆی گەیاندە بەردەم کوڕە کەچەڵەکە و شتێکی بە گوێیدا چرپاند. لەپڕ کوڕەکە هێور بووەوە و بە خوێنساردییەوە بوخچەکەی خستە بەردەم پاسەوانەکە تاوەکو بیپشکنێت.

پاسەوان کە بە کاردانەوەی کوڕە کەچەڵەکە و هێمنییەکەی زانیبوو، پاش پشکنینی وردی بوخچەکانی ئەو دووانە و نەدۆزینەوەی شتێك گومانـاوی، هەردووکیانی ئیزندا و لەکاتی ماڵئاواییدا بە پۆزەوە وتی: (ئەرێ بەراست چی بوو جەنابی کەچەڵ! لەپڕ هەڵچوویت و دواتر لەناکاو بە قسەی هاوڕێکەت هێور بوویتەوە! ئەوە هاوڕێکەت چی وتبوو! ؟)

کوڕە کەچەڵ سەیرێکی مامۆستاکەی کرد و بە بزەیەکەوە وەڵامی دایەوە: (شتێکی نەوت کە بە کەڵکی ئێوە بێت! بابەتێکە لەنێوان من و ئەودا، هاوڕێکەم تەنیا وتی با وابزانم ئەمجارەش هەر منداڵێك بوو!)

***

Scanned with CamScanner

گرنگ نییە ئەوانیتر چەنێك ڕێزت لێدەگرن، گرنگ ئەوەیە کە چەنێك شیاوی ڕێزلێگرتنیت.
(مەسعود لەعلی)

## ( (شکاندن ) )

ڕۆژێکیان کەسێك چووە دیداری بودا و قسەی ناشیرینی پێ وت. بەڵام بودا بێ ئەوەی باکی بەم شکاندنە هەبێ، بە هێمنی سەیری کرد.



کاتێك دوایی مریدەکانی ڕازی ئەم هێمنییەیان لێ پرسی، وتی: (وایدابنێ کەسێك دیارییەکت بۆ دەنێرێت و تۆ وەریناگریت و یان نامەیەك بگاتە دەستتان و نەیکەیتەوە. ئێستا کە ئەگەری ئەوە هەیە ناوەڕۆکی نامەکە و یان ئەو دیارییە هیچ کاریگەرییەکەی لەسەر تۆ نەبێت. هەر جارێك کە شکێنرایت بەم جۆرە بیر بکەرەوە. هیچ کاتێك هێمنی خۆت لەدەست نادەیت.

سەرنج: ئەو پێگە و پایەی کە بێ سنوور و پەراوێز بێت، هەرگیز بەهۆی بێ ڕێزی ئەوانیترەوە ناڕوشێت.

Scanned with CamScanner

مرۆڤیش تا ئەو کاتە شادمانە کە خۆی دەپەرێزێت.
(ئەلیکساندەر لۆرنسین)

# ((دۆرۆسی و جادووگەری شاری ئەڵماس) )

خەلکی پێیان وایە بە راکردن لە بارودۆخێکی ناخۆش دەتـووانن لێـی رزگـار بن. نازانن کە بۆ هەر کوێیەك بچن رووبەڕووی هەمان باروددۆخ دەبنـەوە و ئەوەنـدە ئـەم ئەزموونانە لە ژیاندا دووبارە دەکەنەوە تا ئەو وانانەی کە پێویستە فێری بن، دەرك دەکەن. ئەم نموونەیە لە چیرۆکی (جادووگەری ئەڵماس)یشدا دەبینم. (دۆرۆسـی)ی کیژۆڵەی ساوا زۆر خەمبارە، چونکە ژنـی خراپـەکاری گوندەکـە دەیـەوێ (توتـو)ی سەگی لێ بسەنێت.

بـەهۆی زۆریـی نائومێدییەکەیـەوە دەچـێتە لای پـوورە (ئێمـا) و مامـە (هێنـری) تاوەکو رازی دڵی لایان باس بکات. بەڵام ئەوان لەبارێکدا کە هەزار کار و گرفتارییان هەیە، پێی دەڵێن:

-(راکە برۆ بەدوای ئیشی خۆتەوە).

کیژۆڵەکـە بـە (توتـو)ی سـەگی دەڵێـت: (ئـەو سـەرەی سەرەوەیە...سـەرەوەی ئاسمانەکان...ئـەو شـوێنەی کـە هـەمووان بەختــەوەرن و تەنانـەت یـەك کەسـی خراپەکاریشی لێ نییە، شوێنێکی زۆر بەرز هەیە کە دەمەوێ لەوێ بم!)

لەناکاو بایەکی توند لە (کانساس)ەوە هەڵدەکات و دۆرۆسی و توتـو هەڵـدەگرێت و بەرەو بەرزایی ئاسمان بۆ شاری ئەڵماس دەیانبات.

Scanned with CamScanner

سەرەتا هەموو شتێك باش و خۆش دیارە بەڵام دووبارە هەمان ترس و ئەزموونە کۆنەکان سەر دەردێننەوە. ئێستا خراپەکاری گوندەکە بووەتە جادووگەرێکی ترسناك کە دیسان دەیەوێ (توتو) برفێنێت و ئێستا زۆر حەزی دەکرد بتوانێ بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی لە (کانساس). بەڵام پێیان وتووە وا باشترە کە جادووگەری شاری ئەڵماس بدۆزێتەوە چونکە ئەو زۆر بەهێزە و دەتوانێت خولیاکەی بەدی بێنێت.

(دۆرۆسی)یش دەست دەکات بە گەڕان تاوەکو جادووگەری شاری ئەڵماس بدۆزێتەوە. لە ڕێگەدا داهۆڵێك دەبینێت کە لەبەرئەوەی مێشکی نییە زۆر نیگەرانە. پیاوە ئاسنینەکە دەبینێت کە لەبەرئەوەی دڵی نییە زۆر نارەحەتە و ڕێکەوتی شێرێك دەکات کە لەبەرئەوەی دڵ و ئازایەتی نییە زۆر نیگەرانە. دۆرۆسی پێیان دەڵێت: (وەرن هەمووان بچینە لای جادووگەری شاری ئەڵماس. هەرچییەکمان بوێت ئەمانداتێ).

سەرەنجام دەگەنە کۆشکی شاری ئەڵماس و دوای ئەو دەکەون.

بەڵام هەمووان لە وەڵامدا دەڵێن تاوەکو ئێستا کەس نەیتوانیووە بیبینێت، چونکە جادووگەرەکە بەشێوەیەکی نهێنی لە کۆشکەکەدا دەژیت. بەڵام بە هاوکاریی فریشتەی چاکی باکوور، دەچنە ناو کۆشکەوە و لەوێ بۆیان دەردەکەوێت کە جادووگەرەکە هەر دەستەڕە ساختەچییەکەیە کە لە گوندەکەی دۆرۆسی لە کانساس دەژیت. هەمووان پێیان وایە ئیتر ناتووانن بگەنە ئاواتی خۆیان و نائومێد دەبن.

بەڵام فریشتەی چاکی باکوور، پیشانیان دەدات کە لەپێشدا گەیشتوونەتە ئاواتی خۆیان. لەو ڕووەوە کە داهۆڵ هەموو جارێك کە ڕووبەڕووی ڕووداوێك دەبووەوە ناچار بوو بڕیار بدات چی بکات، مێشکی تیادا پەیدا بووە. پیاوە ئاسنینەکە بۆی

Scanned with CamScanner

دەردەکەوێت کە دۆرۆسی خۆش دەوێت، کەواتە دڵی تیادا دروست بووە. شێریش بە دڵ و ئازا بووە چونکە هەر کاتێک کە شتێك روویدەدا ناچار بوو ئازایەتی بخاتەڕوو.

فریشتەی چاکی باکوور لە دۆرۆسی دەپرسێت: (تۆ چی لە ئەزموونەکانی خۆت فێر بوویت؟) و دۆرۆسیش لە وەڵامدا دەڵێت: (فێری ئەوە بووم کە ئەو شتەی دەمەوێ لە ماڵی خۆم و لە حەوشەی خۆمدایە). ئەو کاتە فریشتەی چاکی باکوور گۆچانە جادووییەکەی هەڵدەگرێت و دۆرۆسی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.

هەر لەو کاتەدا دۆرۆسی لە خەو هەڵدەستێت و تێدەگات کە داهۆڵ و پیاوە ئاسنینەکە و شێر هەر ئەوانەن کە لە کێڵگەکەی مامیدا کار دەکەن و زۆریش خۆشحاڵن کە دۆرۆسی دووبارە گەڕاوەتەوە لایان. ئەم چیرۆکە فێرمان دەکات کە (ئەگەر لە کێشەکانی خۆمان رابکەین ئەوا دوامان دەکەون).

(فلورانس سکاول شین)

ئەگەر خۆم ماندوو بکەم تا وەکو ئەو بم ئەی کێ
وەکو من دەبێ.

(پەندی جولەکە)

# (ئاقڵ و شێت)

لە باخی نەخۆشخانەیەك رێکەوتی گەنجێکم کرد کە رەنگی پەڕیبوو و وەکو گێژ لای منەوە دانیشت و وتم: (بۆچی لێرەیت) و ئەو بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم و وتی: (ئەمە پرسیارێکی ناپەیوەندیدارە بەڵام هەر وەڵامت دەدەمەوە).

باوکم کۆپییەکی لە خۆی لە من هێناوەتەکایەوە و مامیشم هەر ئەوەی کردووە. دایکم من بە وێنەیەکی نایابی باوکی خۆی دەزانێت. خوشکەکەم داوای لە مێردە دەریاوانەکەی کرد تا من بکاتە نموونەیەکی کتومتی خۆی. براکەم پێی وابوو کە دەبێ وەکو ئەو بم واتە وەرزشکارێکی باش. مامۆستاکانیشم، مامۆستای فەلسەفە، مامۆستای مۆسیقا و لۆژیکزان، هەمان بڕیاریاندا و هەریەکەیان منیان بە وێنەدانەوەی خۆیان لە ئاوێنەدا لەقەڵەمدا و بۆیە هاتوومەتە ئێرە. لێرە ئەقڵێکی زیاتر دەدۆزمەوە، لانی کەم لێرە دەتوانم خۆم بم). لەپڕ سەیری منی کرد و وتی: (بەڵام تۆ بڵێ ئایا تۆش بەهۆی فێربوون و راوێژی باشەوە لەگەڵ کەسێکی تردا هاتوویتە ئێرە؟) منیش لە وەڵامدا وتم: (نا، من سەردانکەرێکم) و ئەویش وتی: (تۆ یەکێکی لەو کەسانەی کە لەودیوی نەخۆشخانە دەژین).

(جوبران خەلیل جوبران)

Scanned with CamScanner

خەلکی، لاساییکردنەوە یان بەهەدەریدان.
(مەولەوی)

## ( (خۆت بە) )

کاتێك کە بوو بە جێنشینی باوکی، هەرکەسێك پێی دەگەیشت دەیگوت:
-گەنجۆ! تۆ هیچ شتێکت لە باوکت ناچێت!)
ئەویش لە وەلامدا دەیگوت:
(بەپێچەوانەوە، مـن زۆر لـە بـاوکم دەچـم. ئـەو هـیچ کەسـێکی نـەدەکردە سەرمەشقی خۆی. منیش هەروا!)

***

بڕیاریدا واز لـە جگەرەکێشـان بێنێـت، چـونکە بـۆی دەرکـەوتبوو کـە ماوەیەکـە لەگەڵ بڵاوبوونـەوەی دوکـەڵی جگـەرە لـە هـەوای ژوورەکـەدا، بەبـەغا دلگیرەکـەی دەکۆکێت. بردیە لە پزیشکی ڤێتێرنەری نـەوەك جگەرەکـە زیـانێکی پێگەیانـدبێت.
پزیشکەکە پشکنینی بۆ بەبەغاکە کرد و وتی:
-(نەخۆش نییە تەنیا لاسایی کۆکینەکەی تۆ دەکاتەوە!)
پرسیار: (تۆ لاسایی کۆکینەکانی کێ دەکەیتەوە؟)
پرسیار: (تۆ لاسایی کۆکینەکانی کێ دەکەیتەوە؟)

Scanned with CamScanner

# ( (ژ) ) وەکو...ژیان

سەرەتا دەمردم بۆئەوەی ئامادەیی تەواو بکەین و دەست بکەین بە خوێندنی زانکۆ.

دوایی دەمردم بۆئەوەی خوێندنی زانکۆییم تەواو بێت و دەست بە ئیش بکەم.

دوایی دەمردم بۆئەوەی هاوسەرگیری بکەم و منالّم ببێت.

دوایی دەمردم بۆئەوەی منالّەکان گەورە ببن و بچنە قوتابخانە و من بتوانم بگەڕێمەوە سەر ئیش.

دوایی دەمردم بۆئەوەی خانەنشین ببم و ئێستا کاتی مردنم هاتووە و لەپڕ تێگەیشتم کە بیرم چوو بژیم...



Scanned with CamScanner

یاسای داچاندن دەڵێت: ئێمە داچێنراوەکانی خۆمان درەوێنە دەکەین، نە کەمتر نە زیاتر.

(ستیڤان کۆڤی)

# ((دەنگدانەوەی ژیان))

کوڕ و باوکێک لە شاخ پیاسەیان دەکرد کە لەپڕ قاچی کوڕەکە بەر بەردێک کەوت و بەریووەوە و هاواری کرد: (ئاییی!)

دەنگێک لە دوورەوە هات: (ئاییی!)

کوڕەکە بە سەرسوڕماوییەوە هاواریکرد: (کێیت؟)

وەڵامەکە ئەمە بوو: (کێیت؟)

کوڕەکە هاواریکرد و وتی: (ترسنۆک!)

وەڵامەکە ئەمە بوو: (ترسنۆک!)

کوڕەکە بە سەرسوڕمانەوە لە باوکی پرسی: (ئەوە چییە؟)

باوکەکە بزەیەکی کرد و وتی: (کوڕم سەیرکە و پاشان بی دەنگێکی بەرز هاواریکرد: (تۆ قارەمانیت!)

دەنگەکە وەڵامی دایەوە: (تۆ قارەمانیت!)

کوڕەکە دیسان زیاتر سەری سوڕما.

باوکی بۆی روونکردەوە: (خەڵکی دەڵێن ئەمە دەنگدانەوەی شاخە، بەڵام لە راستیدا ئەمە دەنگدانەوەی ژیانە).

هەر شتێك کە بیڵێیت و ئەنجامی بدەیت، ژیان هەر ئەوەت وەڵام دەداتەوە. ئەگەر عەشقت بوێت ئەوا عەشقی زیاتر لە دڵدا دێتەکایەوە و ئەگەر بەدوای سەرکەوتندا وێڵ بیت ئەوا حەتمەن بەدەستی دێنیت. هەرچییەکت بوێت ژیان هەر ئەوەت پێدەبەخشێت.



Scanned with CamScanner

لە پاداشتەکانی کردار غافڵ مەبە
گەنم لە گەنم دەڕوێت و جۆ لە جۆ
(مەولەوی)

# (هەرچییەك بیكەیت بەرانبەر خۆت دەیكەیت)

كوڕێك چووبووە سەفەرێكی دوور و چەند مانگێك بوو ئاگایان لێی نەمابوو. بۆیە دایكی نزای دەكرد كە بە سەلامەتی بێتەوە ماڵەوە. ئەم ژنە هەموو ڕۆژێك نانی بۆ ئەندامانی خێزانەكەی دەكرد و هەمیشە نانێكی زیادەشی دروست دەكرد و لە پشت پەنجەرەكەوە دایدەنا تاوەكو ڕێبوارێك كە لە وێوە ڕەت دەبێت هەڵیگرێت. هەموو ڕۆژێك پیاوێكی قەمبور بەوێدا ڕەت دەبوو و لەبری ئەوەی كە سوپاسی بكات دەیگوت: (ئەگەر كارێكی خراپ بكەیت لەگەڵتا دەمێنێتەوە و ئەگەر كارێكی چاك ئەنجام بدەیت بۆت دەگەڕێتەوە).

ئەم بەسەرهاتە هەموو ڕۆژێك بەردەوام بوو تا ئەوەی كە ژنەكە لە قسەكانی كابرای قەمبور ناڕەحەت و زویر بوو. بەو لەبەر خۆیەوە وتی: (ئەو نەك تەنیا سوپاسمان ناكات بەڵكو هەموو ڕۆژێك هەر ئەو ڕستەیە دووبارە دەكاتەوە. نازانم مەبەستی چییە؟)

ڕۆژێكیان كە ژنەكە لە قسەكانی كابرای قەمبور بە تەواوی بێزار ببوو بڕیاریدا لەدەستی ڕزگاری بێت. بۆیە نانەكەی ژەهراوی كرد و بە دەستە لەرزۆكەكانی لە پشت پەنجەرەكە داینا، بەڵام لەپڕ لەبەر خۆیەوە وتی: (ئەوە چ كارێكە من

دەیکەم؟) دەستبەجێ نانەکەی دەستدایە و خستیە ناو تەنورەکە و نانێکی تری بۆ کابرای قەمبور دروستکرد.

پیاوەکە وەکو هەموو رۆژێکی تر نانەکەی دەستدایە و قسەکانی پێشووی دووبارە کردنەوە و رۆیشت. ئەو شەوە زەنگی دەرگای ماڵی ژنەکە لێیدا. کاتێك ژنەکە دەرگاکەی کردەوە، کوڕەکەی بینی کە لاواز و چەمابووەوە و جلی دڕاوی لەبەردا بوون. ئەو برسی، تینوو و ماندوو بوو. لەکاتێکدا کە دەیڕوانییە دایکی، وتی: (دایکە ئەگەر موعجیزە نەبووایە ئەوا نەمدەتووانی خۆم بگەیەنمە تۆ. هەر لە چەند هەنگاوێکدا لێرە برسی و لاواز بووم و خەریك بوو لە هۆش خۆم دەچووم، لەپڕ رێبوارێکی قەمبورم بینی کە هات بە هانامەوە. داوای پارووە نانێکم لێکرد و پێی دام و وتی: (ئەمە تاکە شتێکە کە هەموو رۆژێك دەیخۆم. ئەمڕۆ دەیدەمە تۆ چونکە تۆ پێویستت پێیەتی).

کاتێك دایکەکە ئەو بەسەرهاتەی بیست رەنگی روخساری پەڕی. بیری کەوتەوە کە سەرەتا نانێکی ژەهراوی بۆ کابرای قەمبور دروستکردبوو و ئەگەر گوێی لە ویژدانی نەگرتایە و نانێکی تری بۆ دروست نەکردایە، ئەوا کوڕەکەی نانە ژەهراوییەکەی دەخوارد. بەمشێوەیە دایکەکە لە مانای قسەکانی کابرای قەمبور تێگەیشت.

***

Scanned with CamScanner

کێشەکان ناتوانن شکستم پێ بێنن هەموو
کێشەیەک لەبەرانبەر بەهاری لێبراوانەی من چۆک
دادەدات.

(دالینشی)

## ((بە کێشەکان پێبکەنن))



پیاوێکی گەنج کە دەیویست رێگای مەعنەویەت بگرێتە بەر چووە لای مامۆستا. مامۆستای ژیر وتی: (تاوەکو ساڵێك پارە بدە بە هەر کەسێك کە هێرشت دەکاتە سەر). تاوەکو دوانزە مانگ هەر کەسێك کە هێرشی دەکردە سەر گەنجەکە، ئەو پارەی دەدایە). کۆتایی ساڵەکە چووەوە لای مامۆستا تاوەکو هەنگاوی دواتری فێر بکات.

مامۆستا وتی: (بچۆ شار و خواردنم بۆ بکڕە).

هەر کە کابرا ڕۆیشت، مامۆستا خۆی کردە دەرۆزەکەر و چووە دەروازەی شار. گەنجەکە گەیشت، مامۆستا دەستیکرد بە پێوتنی قسەی ناشیرین. گەنجەکە بە دەرۆزەکەرەکەی وت: (زۆر باشە! ناچار بووم ساڵێك پارە بدەمە هەر کەسێك کە قسەم پێ دەڵێت، بەڵام ئێستا دەتوانم بە بەلاش گوێم لە جوێن بێت، بێ ئەوەی کە عانەیەك بدەم). مامۆستا کاتێك گوێی لە قسەکانی گەنجەکە بوو، ڕووی خۆی پیشاندا و وتی: (ئامادەی بۆ هەنگاوی دواتر! چونکە فێربوویت بەرانبەر کێشەکان پێبکەنیت).

Scanned with CamScanner

سەختییەکان بەهای زانستییان هەیە ئەو
بارودۆخانەن کە فێرخوازی باش هەرگیز
لەدەستیان نادات.

## ((کێشەکان لەباوەش بگرە))

ئەم کارە تاقی بکەنەوە: هەردوو لەپی دەستتان بخەنەسەر یەك و پاشان بە لەپی دەستی راست فشار بخەنە سەر لەپی دەستە چەپ. ئەمەت کردووە؟

ئێستا ئەو پرسیارە لە گوێییە کە کاتێك بە دەستی راستت فشار دروست بکەیت ئایا بەشێوەیەکی خۆبەخۆ بە دەستی چەپت فشارێکی پەرچەکردار دروست دەکەیتەوە؟ پرسیارم لە هەر کەسێك کردووە وەڵامەکەی بەڵێ بووە. کاتێك لە بەرانبەر شتێکدا بەرەنگاری دەکەیت لە بەرانبەرتدا دەوەستێتەوە، یان لەبەرانبەردا فشارت بۆ دێنێتەوە.



زۆرجار ئێمە حەزمان لە بەرەنگارییە لە بەرانبەر ئەو شتانەدا کە لە ژیانماندا حەزمان لێیان نییە، لە بەرانبەر کێشەکاندا بەرەنگاری دەکەین.

چەندەی زیاتر فشار بێنین فشاریان زیاتر دەبێت. لەوانەیە بەلاتانەوە سەیر بێت، بەڵام کاتێك کە کێشەکان قبوڵ دەکەیت و دەیانگریتە باوەش و تەنانەت سوپاسگوزاری کێشەکانت دەبیت، بزانە

چی روودەدات. تا ئەو شوێنەی کە من دەیزانم کێشەکان تا رادەیەکی زۆر دیاری و نیعمەتی گەورەن لە بەرگێکی پێچەوانەدا. بەڵێ هەڵبەت ئەوەشم قبوڵە کە هەندێکیان لە بەرگێکی پێچەوانەتردان. کاتێک کێشەکان دەگرینە باوەش، رێگەچارەکان خێراتر بەدەست دێن و دەرفەتە گونجاوەکان دەناسینەوە و وزەی نێگەتیڤ و تەنگژەکان لێمان دوور دەکەونەوە.

(دێبرا راسێل)

Scanned with CamScanner

## ((پەیوەستی))

هیندییەکان کونێکی بچوك دەکەنە سنوقێکی قایم و چەرەسی وەکو بادەم یان گوێزی دەکەنە ناو. قەبارەی کونەکە بە ئەندازەیەکە کە مەیمون بتوانێت تەنیا یەك دەستی خۆی بخاتە ناو سنوقەکەوە، بە دەربڕینێکی تر مەیمون پاش چنگ لێدان لە چەرەسەکە ناتووانێت دەستی خۆی بێنێتەوە دەر.

بۆیە دوو ڕێگا زیاتر لەبەردەم مەیمونەکەدا نییە. ئەو دەتووانێت بە وازهێنان لە گوێز یان بادەمەکە ڕزگاری بێت و یان ئەوەی کە چنگیان لێ بەر نەدات و دەستی هەر لەوێدا بمێنێتەوە. مەیمونەکان زۆر جار ڕێگەی دووەم هەڵدەبژێرن.

ئێمە نوساوین بە چییەوە؟ دەبێ بیرمان بێت تا ئەو کاتەی کە دەستمانی لێ بەرنەدەین هەر لە تەڵەدا دەمێنینەوە و ئازادی بوونی نابێت.

# ((ئازادبوون له رابردوو))

رۆژێکیان گەنجێك دەچێتە لای عاریفی گەورەی شارەکەیان تاوەکو مامۆستا بیکاتە قوتابی خۆی. گەنجەکە وتی: (مامۆستا من هەرچییەك هەم بوو فرۆشتم و پارەکەیم بەسەر هەژاراندا دابەش کرد. تەنیا بایی ئەوەندەم لای خۆم هێشتەوە کە بتوانم بێمە ئێرە، ئەکرێ ڕێگای رزگاریم پیشان بدەیت؟)
مامۆستا داوای لە گەنجەکە کرد کە ئەو شتە کەمانەی ماویشیەتی هەر بفرۆشێت و لە شار بڕێك گۆشت بکڕێت و لە گەڕانەوەیدا گۆشتەکە لە جەستەی هەڵسوێت. گەنجەکە ئەوەی کە داوای لێکرا کردی. لە ڕێگەی گەڕانەوەدا سەگەکان و ئەو ئاژەڵانەی کە گۆشتیان دەویست هێرشیان کردە سەر. کاتێك گەنجەکە گەڕایەوە جەستەی بریندار و جلە دڕاوەکانی پیشانی مامۆستا دا و وتی: (من گەڕامەوە).
عاریفەکە وتی: (ئەو کەسانەی کە ڕێگای نوێ دەست پێدەکەن، بەڵام دەیانەوێ تۆزقاڵێك لە ژیانی پێشووشیان هەر بمێنێ، رابردوویان ئازاریان دەدات).

***

Scanned with CamScanner

کەسی زیندانی لە بەندیخانەیەکدا بهێنە بەرچاوی
خۆت دەبێ پاسەوانێك بیست و چوار سەعات
چاودێری بکات کێ زیندانییە؟
(سانیا رۆمان)

## (زیندانی یان پاسەوان)

کڵاو و سەر لە یەکتری جیا بوونەوە. یەکێکیان زیندانی بوو ئەویتریان پاسەوان. زیندانییەکە دەورەی مەحکومییەکەی بەسەر بردبوو و پاسەوان دەورەی خزمەتەکەی تەواو کردبوو. جانتاکانیان پڕ بوو لە رابردوو: خاولی کۆن ببوو، گوێزان ژەنگی هەڵێنابوو و ئاوێنەی گیرفان تلخ ببوو...

ئەوان چارەنووسی هاوبەشیان هەبوو و یادەوەرییەکانی خۆیان لە پشت شمشێرەکانی دەرگاوە جێ هێشتبوو و کاتێك کڵاو و سەر لە یەکتری جودا بوونەوە بەفر بەشێوەیەکی یەکسان بەسەریاندا دەباری.

***

# بەشی دووەم

## خۆشەویستی و عەشق

عەشق ژیان دەبەخشێت
ژیان رەنجی لەگەڵدایە
رەنج دڵەخورپەی لەگەڵدایە
دڵەخورپە ئازایەتی دەبەخشێت
ئازایەتی متمانە ئەبەخشێ
متمانە ئومێد دەهێنێتەکایەوە
ئومێد ژیان ئەبەخشێت
و ژیان، عەشق دەهێنێتە کایەوە

(مارگوت بیکل)

Scanned with CamScanner

هەموومان بەهەڵەکانی یەکێک ڕێگەیینە بەڵام پێمان وایە
جۆرێکین لەیەکتری. ئێمە ئامادە نین باوەڕ بەم
یەکێتییە بکەین و ناتوانین بیهێنینە بەرچاومان.
(ئەیل دۆناڵد ژلش)

# ( (هەرییەیەك بوونی نییە) )

جارێکیان لە درەنگانی شەودا نیوەتاریك بوو بە ڕێگادا دەڕۆیشتم کە لە پشت دەوەنێکەوە گوێم هاوارێك بوو. بەشێوەیەکی هۆشیارانە، بە هەنگاوی هێمنەوە ڕۆیشتم و گوێیەکانم هەڵخست. بۆم دەرکەوت ئەو دەنگەی بیستوومە دەنگی شەڕ و پێکدادانە، ترسام. دەنگی کێشمەکێشن دڕانی جل دەهات. بە دوورایی چەند مەترێك لەو شوێنەی کە لێی وەستابووم هێرش کرابووە سەر ژنێك.

بچمە ناو شەڕەکەوە؟ ترسی گیان ڕێگر بوو، لەبەرئەوەی ئەو شەوە لەپڕ بڕیارمدابوو ڕێگایەکی نوێ بۆ گەیشتنەوە ماڵەوە بگرمە بەر، جوێنم بە خۆم ئەدا. ئەی ئەگەر خۆشم ببوومایەتە قوربانییەکی نوێ؟ نەدەبووایە بچمە نزیکترین تەلەفۆن و پۆلیس ئاگادار بکەمەوە؟ هەرچەندە پێدەچوو ئەو کاتە کۆتایی نەیەت بەڵان ڕاڕایی ئەقڵم تەنیا ساتێکی خایاند. هاواری کچەکە لاواز و لاوازتر دەبوو. دەمزانی دەبێ دەستبەجێ دەستبەکار ببم، چۆن دەمتووانی خۆم کەڕ بکەم و بڕۆم؟

نەخێر، سەرەنجام بڕیارمدا، نەمدەتووانی پشت بکەمە ئەم ژنە نەناسراوە، هەرچەندە بەمانای خستنەمەترسی ژیانی خۆم بێت.

Scanned with CamScanner

من پیاوێکی ئازا نیم، وەرزشکاریش نیم. نازانم ئەم ئازایەتییە مەعنەوی و هێزە جەستەییە لە کوێ دێنم. بەڵام هەر کە بڕیارمدا یارمەتی ئەو ژنە بدەم، بەشێوەیەکی سەیر بوومە کەسێکی تر، بەرەو پشت دەوەنەکان رامکرد، ملی هێرشکەرەکەم گرت و لە ژنەکەم جیا کردەوە. دەستم لە یەخەی کابرا دابوو کە کەوتمە سەر زەوی، چەند خولەکێك ململانێم کرد تا هێرشکەرەکە لە شوێنی خۆی دەرپەڕی و رایکرد.

بە هانە هانەوە هەڵسامە سەر پێ و لە ژنەکە نزیك کەوتمەوە کە لە پشت درەختێکەوە گرمۆڵە ببوو و دەگریا. لە تاریکاییدا بە زەحمەت دەمتوانی جەستەی ببینم، بەڵام بەباشی دەمتووانم هەستی پێ بکەم کە لە ترسا دەلەرزی. لەبەرئەوەی نەمدەویست لەوە زیاتر ببمە هۆکاری ترس، لە دوورەوە دەستمکرد بە قسە لەگەڵیدا. بە نەرمی وتم: (تەواو بوو، کابرا رایکرد. مەترسیت لەسەر نەماوە).

بێدەنگییەکی درێژ هاتەکایەوە و پاشان گوێم لە چەند وشەیەکی سەرسوڕهێن بوو:(باوکە، ئەوە تۆی؟)

ئەو کاتە لە پشت درەختەکەوە، بچوکترین کچم، کاترین دەرکەوت)

(موعجیزە بچوکەکان)

Scanned with CamScanner

ئێمە لەبەرئەوە لەم دنیایەداین تا کاری باش بۆئەوانیتر ئەنجام بدەین. ئەوانیتر بۆچی لێرەن؟
من نازانم.
(دەبلیو.ئێچ.ئۆدن)

## (گەڕانەوە)

خانمێکی خەڵکی (کویین نیویۆرک) لە پەنجەرەی نهۆمی هەژدەهەمی شوقەی کرێی خۆی سەری هێنابووە دەرەوە و هاواری یارمەتی دەکرد. دەرگای حەمام لەسەری داخرابوو. منالە دوو ساڵانەکەی دەسکی دەرگاکەی خستبووە خوارەوە. دەرگای لە دەرەوەڕا داخستبوو. دوو منالەکەی تری کە چوار ساڵان و پێنج ساڵان بوون، بە تەنیا لە مەتبەخ بوون و خواردن لەسەر تەباخ بوو. ژنەکە لەوەدا بوو یان دەرگاکە بشکێنێت یان هەر هاوار و داوای یارمەتی بکات. بەڵام پێدەچوو هەردوو ڕێگاکە بێ سوود بن و بەرە بەرە ئومێدی لەدەست دەدا. هەر لەو بارودۆخەدا بوو کە گەنجێك کە شوێنی نیشتەجێبوونی چەند فرسەنگێك دوور بوو، ڕێکەوت کە ئەو ڕۆژە بێتە ئەو گەڕەکە. لەسەر شەقامەکەوە گوێی لە قیژەی ژنەکە بوو. دەستی بەرەو ڕووی ئەو ڕاوەشاند تا سەرنجی ڕابکێشێت، پاشان هاواری کرد: (دێمە سەرەوە تا یارمەتیتان بدەم). کەمێك دواتر ژنەکە لە پشت دەرگای حەمامەوە گوێی لە دەنگی ئەو بوو. پیاوەکە پێی وت: (جوان گوێ بگرە، پەنجەت بخەرە ناو ئەو کونەی کە دەسکەکەی کەوتووەتە خوارەوە، بیجوڵێنە و پەلکەکە ببەرە

سەرەوە، کەمێك دەرگاكە بەرز بكەرەوە و پاشان خێرا بیكەرەوە). ژنەكە پرۆسە سەیرەكەی ئەنجامدا و پاش كەمێك دەرگا كرایەوە.

ژنەكە كە لە زیندانە كاتییەكە هاتە دەرەوە، رایكرد تا بزانێ منداڵەكان لە چ حاڵێكدان. لە هاواری دایكیان ترسابوون و دەبووایە بیانگرێتە باوەش و هێوریان بكاتەوە. كە بینی هەرسێ منداڵەكەی سەلامەتن، روویكردە گەنجەكە و بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی: (چۆن دەتزانی بێیتە ناو شوقەكەمەوە و چۆن زانیت دەرگای حەمامەكەم بكەیتەوە؟)

پیاوەكە بە بزەیەكەوە وتی: (زۆر باش دەمزانی. من لێرە لەدایك بووم. پانزە ساڵ لەم شوقەیەدا ژیام. دەزانم چۆن بەبێ كلیل دەرگای شوقەكە بكەمەوە. دەسكی دەرگای حەمامەكەش هەمیشە بەردەبووەوە. وەكو چۆن كردنەوەی دەرگای حەمامەكەشم پیشان دایت!)

ئەنجام: هەندێ جار پێویستە بگەڕێینەوە بۆ رێگایەك كە پێشتر پێیدا رۆیشتووین بۆ یارمەتیدانی كەسێك كە دەیەوێ ئەو رێگایە ببڕێت كە ئێمە پێشتر بڕیومانە.

***

Scanned with CamScanner

گات زۆر بە خاوی ڕەت دەبێت بۆئەوانەی کە چاوەڕوانن.زۆر خێرا ڕەت دەبێت بۆئەوانەی کە دەترسن.زۆر کورتە بۆئەوانەی کە سەرخۆشن.زۆر درێژە بۆئەوانەی کە خەمبارن.زۆر ئەبەدییە بۆئەوانەی کە عاشقن.

(هێنری ڤۆن دیك)

## (تەنیا کات دەتوانێ لە مەزنایەتی عەشق تێبگات)

لە دوورگەیەکی جواندا هەموو هەستەکان دەژیان. شادی، خەم، لوتبەرزی، عەشق....ڕۆژێکیان هەواڵی ئەوە بڵاو بووەوە کە دوورگەکە بەم زووانە نقوم دەبێت. هەموو دانیشتووانی دوورگەکە قایەغەکانیان ئامادە کرد و دوورگەکەیان جێهێشت. بەڵام عەشق دەیویست تاوەکو دوایین سات بمێنێتەوە چونکە عاشقی دوورگەکە بوو. کاتێك دوورگەکە نقوم دەبوو، عەشق داوای یارمەتی لە (سامان) کرد کە بە قایەغێکی شکۆمەندانە دوورگەکەی جێ دەهێشت و پێی وت: (دەتوانم لەگەڵ تۆ سەفەر بکەم؟)

سامان وتی:(نا، بڕێکی زۆر ئاڵتون و ئەڵماس لەناو قایەغەکەدا هەیە و شوێنی تۆ نابێتەوە). بۆیە عەشق ڕوویکردە (لوتبەرزی) کە بە بە قایەغە جوانەکەی بەرەو شوێنێکی ئارام دەکەوتە ڕێ. لوتبەرزی وتی: (نا، ناتوانم تۆ لەگەڵ خۆمدا ببەم چونکە هەموو جەستەت تەڕ و پیس بووە و قایەغە جوانەکەی من پیس دەکەیت.

(خەم) لە نزیك عەشق بوو بۆیە عەشق پێی وت:

-(ڕێگە بدە لەگەڵ تۆدا بێم). خەم بە دەنگێکی کزەوە وتی:

Scanned with CamScanner

بم).

-(ئاخ، عەشق، من زۆر نارەحەتم و پێویستم بەوەیە تەنیا بم).

عەشق ئەم جارە چووە سۆراخی (شادی) و بانگی کرد، بەڵام ئەو ئەوەندە نوقمی خۆشی و خرۆش بوو کە گوێی لە دەنگی عەشق نەبوو.

تەوژمی ئاو تا دەهات زیاتر دەبوو. ئیتر عەشق نائومێد ببوو. لەناکاو دەنگێکی بەساڵاچوو وتی: (وەرە عەشق، من لەگەڵ خۆمدا ئەتبەم).

عەشق ئەوەندە خۆشحاڵ بوو کە تەنانەت بیری چوو ناوی بەساڵاچووەکە بپرسێت، بە خێرایی خۆی هەڵدایە ناو قایەغەکە و دوورگەکەی جێ هێشت. کاتێک گەیشتنە وشکانی، پیرەمێرد ڕێگای خۆی گرتەبەر و عەشق تازە زانی کە چەنێک قەرزاری ئەو کەسەیە کە گیانی ڕزگار کردووە.

عەشق چووە لای (زانست) کە سەرقاڵی شیکارکردنی پرسیارێک بوو لەسەر لمەکانی کەنار و لێی پرسی: (ئەو پیرەمێردە کێ بوو؟)

زانست لە وەڵامدا وتی: (کات)

عەشق بە سەرسوڕمانەوە وتی: ( کات؟ بەڵام بۆچی یارمەتی دام؟)

زانست بە بزەیەکی ژیرانەوە وتی: (**چونکە تەنیا کات لە مەزنایەتی عەشق تێدەگات**).

Scanned with CamScanner

لە دنیای سەوز و خۆشەویستیدا شوێنێک نییە
بەناوی (سەرەوو ئێرە)، بەڵکو هەموومان وەکو
خێزانێکی مرۆیی گەورە لای یەکترین.
(سۆزان جێفەرز)

# ((گرنگترین پرسیارەکان ژیان))

وایدابنێن ژیانتان کۆتایی هاتووە و لە جیهانی سەرەوە لە ژوورێکی گەورەدا چاوەڕوانیت تاوەکو چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکرێت و کارە دنیاییەکانتان هەڵسەنگێنرێت. پەڕە کاغەزێکت دراوەتە کە پرسیارێکی لەسەرە و دەبێ وەڵامی بدەیتەوە. ئەو وەڵامە گرنگ و بنەڕەتییەی کە ئەیدەیتەوە چۆنایەتی ژیانت لە جیهانی دواییدا دیاریدەکات. پێت وایە ئەم پرسیارە چی ئەبێت؟

ساتێك بیری لێ بکەنەوە. پێتان وایە خوداوەند لێتا دەپرسێت: (لە فلان ساڵدا چەنێك باجت داوە؟ چەنێك پارەت لە خۆت خەرج کرد؟)

بڕوام وایە ئەو پرسیارە گرنگ و بنەڕەتییە هیچ کام لەو پرسیارانە نابێت. پێم وایە دوای مردن تەنیا دەپرسین: (چەنێك باش خۆشەویستیت دەربڕی؟). (بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ کاریگەریت خستە سەر ژیانی چەند کەس؟) (دڵ چەند کەست خۆش کرد؟) (چەنێك خۆتت خۆش دەویست؟) (ئایا زانیت بۆچی هاتبوویتە دنیاوە؟)

Scanned with CamScanner

ئەگەر ئێمەش لە یەك لەدوای یەکی ڕۆژانی ژیانماندا ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین و بمانەوێ وەڵامێکی گونجاویان بۆ بدۆزینەوە و بڕوا بەوە بهێنین کە مۆدێلێکی گونجاوی ئەو بەهایانە بین کە بڵاویان دەکەینەوە و خۆمان بەرجەستەی ئەو گۆڕانکارییانە بین کە حەزمان لێیانە و لە دنیادا چاودێریان بین، ئەو کاتە جیهان گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکی زۆر سەرسوڕهێن و مەزنی بەسەردا دێت و ئاشتی و ئارامی و بەختەوەری لە هەموو شوێنێکدا زاڵ دەبێت.

((باربارا دی ئەنجلس))

دڵی ئێمە تەنیا لە ڕێگەی خۆشەویستی، سۆز دەربڕین، دڵخۆشکردن، هاوبەشبوون، یارمەتیدان، بەخشین، لەباوەشگرتن و گەرمکردنی دنیا لە ڕێگەی عەشقەوە دەتوانێت کۆتایی بە ڕەنج و ئازاری خۆی بێنێت.

(بیری عەشق و توانایی)

## ((دوایین ساتەوەخت))

لە گەرمەی یەکەم جەنگی جیهانیدا، ترس و تۆقین هەموو شوێنێکی گرتبووەوە. سەربازێك بۆی دەرکەوت کە دڵسۆزترین هاوڕێی لە سەنگەرێکدا لەژێر بارانی فیشەك و ئاگری دوژمندا گیری خواردووە. داوای لە فەرماندەکەی کرد ئەگەر دەکرێ بچێتە لای هاوڕێکەی و هەرچۆنێك بووە هاوڕێکەی بگەڕێنێتەوە پشت هێڵەکە.

فەرماندە وتی: (ئەتووانیت بڕۆیت، بەڵام پێم وانییە ئەوە بێنێ. لەوانەیە هاوڕێکەت تاوەکو ئێستا مردبێت. وا باشترە گیانی خۆت بپارێزیت!) ئامۆژگارییەکەی فەرماندە بەهیچ کوێیەك نەگەیشت و سەربازەکە بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێکەی دەستبەکار بوو. بەشێوەیەکی موعجیزەئاسا گەیشتە هاوڕێکەی و هەڵیگرت، لە کۆڵی نا تا دواجار گەڕاندییەوە پشت هێڵەکە.

لەکاتێکدا کە ئەو دووانە لە کۆتایی سەنگەرەکەدا بەیەکەوە تەنیا بوون فەرماندە هاتە ناوەوە و دەستیکرد بە پشکنینی برینەکانی هاوڕێی سەربازەکە و پاشان بە هێمنی سەری بەرز کردەوە و میهرەبانانە سەیرێکی سەربازەکەی کرد.

Scanned with CamScanner

فەرماندەکە وتی: (پێم وتی ئەوە نـاهێنێ. هاوڕێکـەت مـردووە). سـەربازەکە ل

وەڵامدا وتی: (نەخێر قوربان، ئەوەی دەهێنا).

(مەبەستت چییە کە ئەوەی دەهێنا؟ هاوڕێکەت مردووە، تێدەگەیت؟)

بەڵێ گەورەم، بەڵام نرخی ئەوەی هەبوو، چـونکە کاتێـك کـە گەیشـتمە سـەنگەر

ئەو هێشتا زیندوو بوو و زۆر خۆشحاڵ بووم کاتێك گوێم لێ بوو وتی:

(جیم.....دەزانم.....دەزانم کە تۆ بۆ رزگارکردنم گەڕاویتەوە).



خراپترین هەژاری، تەنیایی و ئەو هەستەیە کە
کەس ئێمەی خۆش ناوێت.
(دایکە تێرێزا)

# ((ئەو شەوەی کە باوکم مرد))

نیوەشەو تێپەڕیبوو. پەرستارەکە سەیرێکی ئەو گەنجەی کرد کە لەودیو تەختەکە وەستابوو و بە نیگەرانییەوە تەماشای نەخۆشەکەی دەکرد. پیرەمێردەکە پێش ئەوەی لەهۆش بچێت بەردەوام بانگی کوڕەکەی خۆی دەکرد. پەرستار لە پیرەمێردەکە نزیك کەوتەوە و بە هێمنی بە گوێیدا چرپاند: (کوڕەکەت لێرەیە، دواجار ئەو هات). نەخۆشەکە بە زەحمەت چاوەکانی کردەوە و سێبەری کوڕەکەی بینی کە لە دەرەوەی خێمەی ئۆکسجین وەستابوو.

نەخۆشەکە جەڵتەی دڵ لێیدا بوو و دکتۆر ئیتر ئومێدی بۆ مانەوەی ئەو لە ژیاندا نەمابوو. پیرەمێردەکە بە هێمنی دەستی درێژ کرد و پەنجەکانی کوڕەکەی گرت. بزەیەکی کرد و چاوەکانی داخست. پەرستارەکە لای ئەو تەختەوە کە کچێکی لەسەر راکشابوو کورسییەکی هێنا بۆئەوەی گەنجەکە لەسەری دابنیشێت. پاشان لە ژوورەکە چووە دەرەوە، لەکاتێکدا کە گەنجەکە دەستی پیرەمێردەکەی گرتبوو و بەئارامی دەستی پیا دەهێنا.

سەرووبەندی بەرەبەیان پیرەمێردەکە حاڵی خراپ بوو. گەنجەکە بە خێرایی پەنجەی نا بە دوگمەی ئیمێرجێنسییەوە. پەرستارەکە بە پەلە هاتە ژوورەوە و پشکنینی بۆ

نەخۆشەکە کرد بەڵام مردبوو. گەنجەکە بە نارەحەتییەوە روویکردە پەرستارەکەو لێی پرسی: (ببوورە ئەم پیاوە کێ بوو؟!)

پەرستارەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی: (ئەی ئەو باوکی تۆ نەبوو؟!)

گەنجەکە وتی: (نا، دوێ شەو هاتمە دیدەنی کچەکەم، یەکەم جار بوو بیبینم). پاشان ئاماژەی بەو تەختە کرد کە کچەکەی لەسەر راکشابوو. پەرستارەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی: (ئەی بۆچی هەر دوێنێ شەو نەتوت کوڕی ئەویت؟) پیاوەکە لە وەڵامدا وتی: (تێگەیشتم کە پیرەمێردەکە دەیەوێ پێش مردن کوڕەکەی ببینێت، بەڵام ئەو نەهاتبوو. ئەو ساتەی کە دەستی گرتم، تێگەیشتم کە ئەو ئەوەندە نەخۆشە کە ناتووانێ من لە کوڕەکەی جیا بکاتەوە. من دەمزانی ئەو لەو ساتانەدا چەنێك زۆر پێویستی بە منە....)

(رۆژی پڕۆپکین)

***

## ((پێشبڕکێی جوانی))

کۆمپانیایەکی سەرکەوتووی بەرهەمە جوانکارییەکان، لە شارێکی گەورە داوای لە خەڵك کرد کە نامەیەکی کورت لەبارەی جوانترین ژن کە دەیناسن لەگەڵ وێنەیەکی ئەو ژنەیان بۆ بنێرن. لەماوەی چەند هەفتەیەکدا هەزار نامە بۆ کۆمپانیاکە نێردرا.

نامەیەکی تایبەت سەرنجی کارمەندانی راکێشا و دەستبەجێ دایانە دەست سەرۆکی کۆمپانیاکە. نامەیەك لەلایەن کوڕێکی گەنجەوە نوسرابوو کە نوسیبووی خێزانەکەیان پەرتەوازە بووە و لە گەڕەکێکی هەژارنشین دەژین. پوختەی نامەکەی بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

ژنێکی جوان لە شەقامێکی خوارەوەی من دەژیت. من هەموو رۆژێك چاوم پێی دەکەوێت. ئەو، ئەو هەستەم دەداتێ کە من گرنگترین کوڕی ئەم دنیایەم. ئێمە پێکەوە یاری شەترەنج دەکەین و کاتێك جێی دەهێڵم هەمیشە بە دەنگێکی بەرز دەڵێت شانازیت پێوە دەکەم.

ئەو کوڕە نامەکەی بەم شێوەیە بە کۆتا گەیاندبوو: (ئەم وێنەیە دەریدەخات کە ئەو جوانترین ژنی دنیایە. هیوادارم هاوسەرێکی وا جوانم هەبێت).

سەرۆکی کۆمپانیاکە لەکاتێکدا کە لەژێر کاریگەریی ئەم نامەیەدا بوو، داوایکرد وێنەی ئەو ژنە ببینێت. سکرتێرەکەی، وێنەیەکی ژنێکی دەم بەخەندە و بێ ددانی دایە دەست کە بەتەمەندا چووبوو و لەسەر کورسییەکی کەمئەندامان دانیشتبوو.

Scanned with CamScanner

مووە سپییەکانی لە دواوە بەستبوو و روخساری چرچ و لۆچ ببوو. سەرۆکی کۆمپانیاکە بە خەندەیەکەوە وتی: (ئێمە ناتووانین بۆ ریکلام کەڵک لەو ژنە وەرگرین. ئەو پیشانی دنیای دەدات کە بەرهەمەکانی ئێمە هیچ پەیوەندییەکیان بە جوانییەوە نییە).

(کارلا مویەر)

***

Scanned with CamScanner

# ((غەریبەی ئاشنا))

جوتیارێکی پیر و بێ ددان و جوان لە نیپاڵ، شەوێکیان منی لە کۆڵیتەکەیدا جێکردەوە. کۆڵیتێکی دروستکراو لە کا و گڵ کە ئەندامانی خێزان و ئامرازە کشتیارییەکان و هەموو ئاژەڵەکانی هەر لەوێدا دانابوو.

گفتوگۆیەکی بێ سوود بوو بە زمانی نیشانە! بزەیەك، ئاڵوگۆڕی نیگایەك، یان پەیوەندییەك مەیسەر نەبوو. نە نەخشەیەکی لەوەی کە ئەمریکا کەوتووەتە کوێوە لابوو و نە لە هەموو تەمەنیدا قسەی لەگەڵ خۆرئاواییەك کردبوو. نە سواری ئۆتۆمبێل ببوو و نە یەك وشەی لە مێژوو بیستبوو. بۆیە نەیدەتوانی ئارەزوومەندی سیاسەت یان شتێکی سەرووی ژیانە دێهاتییەکەی بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا خۆرئاوابوونێکمان بە گەرمی لای یەکتری بەسەر دەبرد و لەکاتی ماڵئاواییدا، بەو هەستەوە کە دەشێ هیچ کاتێك یەکتری نەبینینەوە، دەست لەناو دەست، تاوەکو کۆتایی گوندەکە رۆیشتین و گریاین و گریاین. ئێستا ساڵانێك بەسەر ئەو رووداوەدا رەت دەبێت و من ئیتر نەمبینییەوە، با وا بژین کە هێشتا لەگەڵ یەکتریداین!

(لیۆبوسکالیا)

# ((حیکایەتی پەرستگای هاوڕێیەتی))

لەناو دوو کێڵگەی دراوسێدا، دوو جوتیاری هاوڕێ دەژیان، یەکێکیان تەنیا بوو و ئەویتریان هاوسەر و چەند منالێکی هەبوو. بەروبوومی خۆیان هەڵگرتەوە. ئەوەیان کە خێزانی نەبوو چاوەکانی کردەوە و تەپۆلکەی بەروبوومی لەبەردەم خۆیدا بینی و بیری کردەوە: (خودا چەنێك میهرەبانە لەگەڵمدا، بەڵام ئەو هاوڕێیەم کە خێزانی هەیە، پێویستی بە بەرهەمی زیاترە). ئەوەبوو خەرمانێکی لە بەشی خۆی دەستدایە و بردیە کێڵگەی هاوڕێکەی. ئەویتریش لە بەرهەمی خۆی روانی و بیری کردەوە: (چەند زۆرە ئەوەی کە ژیانم فراوان دەکات، هاوڕێکەی من چەند تەنیایە و لە شادمانیی دنیای خۆی هیچ نابات). بۆیە چووە سەر زەویی هاوڕێکەی و بەشێك لە بەروبوومەکەی خستە سەر خەرمانەکەی ئەو و سەر لە بەیانیی رۆژی دواتر کە دیسان چوونەوە بۆ دروێنە، هەریەکەیان خەرمانی خۆی بینی کە کەمی نەکردبوو. ئەم ئاڵوگۆڕەش هەر بەردەوام بوو تا ئەوەی کە شەوێك کە مانگەشەو بوو هاوڕێیان کۆ بوونەوە، هەردووکیان بە ئامێزێك بەروبوومەوە بوون و بەرەو کێڵگەی یەکتر دەڕۆیشتن. لەو شوێنەی کە ئەو دووانە بەیەك دەگەیشتن پەرستگایەك بونیاد نرا.

ئەزانی خودا بۆ دوو دەستی پێداوی پێم وایە ئەمە رازێکی تێدایە بە دەستێکی خەریك خۆت دەبی بە دەستەکەی تر دەستی ئەوانیتری دەگری

## ((چیرۆکی دوو دەریاچە))

لە فەلەستین دوو دەریاچە هەن. یەکێکیان پاك و تازەیە. ماسییەکان تیایدا دێن و دەچن، کەنارەکانی سەوز و دەوروبەری پڕە لە درەخت. رەگی ئەم درەختانەیان بەرەو ئاو درێژ کردووەتەوە تاوەکو کەڵك لە ئاوی دەریا وەرگرن.

رووباری ئوردن ئاوی پاکی گردەکانی دەوروبەر دەڕژێنێتە ناو ئەم دەریاچەیە. دەریا لەژێر رووناکی خۆر دەدرەوشێتەوە. خەڵك ماڵەکانیان لە نزیك دەریاچە بونیاد ناوە. باڵندەکانیش هەر لەو نزیکانە هێلانەکانیان بونیاد ناوە.

رووباری ئوردن دەڕژێتە ناو دەریاچەیەکی تریشەوە. بەڵام لەم دەریاچەیەدا هیچ ماسییەك نابینیت، نە باڵندەیەکیش دەبینیت کە لەو نزیکانە هێلانە بکات و نە گوڵ و گیایەکیش دەبینیت کە لەو ناوە بڕوێت. رووبارێك کە دەڕژێتە ناو ئەم دوو دەریاچەیەوە یەکە، رووباری ئوردنە، بەڵام دەریاچەی یەکەم لە بەرانبەر هەر دڵۆپە ئاوێکدا کە وەریدەگرێت، دڵۆپێك لە خۆی دەڕێژێت.

بەڵام دەریاچەی دووەم هەموو ئاوی گلدراوەی خۆی دەپارێزێت. دەریاچەی یەکەم لە خزمەتی ئەوانیتردایە و زیندوو دەمێنێتەوە و دەریاچەی دووەم کە هەموو شتێك لە خۆیدا دەهێڵێتەوە، وەستاو و مردووە.

((بروس بارتون))

ئەگەر تۆ ئەزموونێکت لە عەشق نەبێت ئەوا
هیچ ئەزموونێکیشت لە بەندایەتی نابێت.

## ((ئەمڕۆ ئەتووانم چ کارێکی باش ئەنجام بدەم؟))

بڕیار بدە لە ڕۆژێکدا لانی کەم کارێکی باش ئەنجام بدەیت.
ئەگەرچی چەند جارێك یان بە ژمارەیەکی زۆریش نەبێت.
هەموو سپێدەیەك لەگەڵ خوادا بدوێ و لێی پرسە (ئەمڕۆ دەتووانم چ کارێکی باش ئەنجام بدەم؟)
ئەو وەڵامت دەداتەوە و ڕێنماییت دەکات چونکە ئەو لە بوونی تۆدایە و تۆ بە داواکردن لەو، ئەو لە خۆتدا زیندوو ئەکەیت.
مەحاڵە ئەو بێ ئەوەی کە داوای لێ بکرێت خۆی دەربخات. خودا کە ڕێنوێنی ڕاستەقینەی ژیانتە لە ڕێگەی ڕۆحتەوە دەتدوێنێت. داوا لە خودا بکە تا لەگەڵ خودا دا بدوێیت، لەگەڵ خوا دا ڕاز و نیاز بکەیت و لێرەوە تۆ دەبیتە سەرچاوەی زۆرێك لە موعجیزەکان.
تاوەکو دوایین ڕۆژی ژیانت، لە ڕۆژێکدا لانی کەم کارێکی باش ئەنجام بدە.
ئەگەر هەر شەش ملیارد مرۆڤی سەر ڕووی زەوی کارێکی باش لە ڕۆژێکدا ئەنجام بدەن، جیهانەکەمان چی لێ دێت!

((ڕۆبەرت مۆلەر))

# ((ئەمانەت))

ڕۆژێکیان (سانو ڤاسڤانی) بە شەقامێکدا دەڕۆیشت. ڕێکەوتی دەرۆزەکەرێکی کرد کە لەژێر درەختێکدا خەوتبوو.



جلەکانی کابرای دەرۆزەکەر دڕاو و پیس و پێیەکانی خۆڵاوی بوون.

سانوڤاسڤانی بە دەستەکانی خۆی جەستەی ئەو پیاوەی شت و کراسەکەی دایە ئەو. کابرای دەرۆزەکەر ئاماژەی بە کڵاوێک کرد کە لەسەری ڤاسڤانی بوو و ئەو دەستبەجێ کڵاوەکەشی بەخشییە ئەو پیاوە.

(کراس، کڵاو و هەرچییەک کە هەمە بە ئەمانەت پێم دراوە تاوەکو بیاندەمە کەسانێک کە زیاتر لە من پێویستی پێیانە). هەرچییەک کە هەمانە: کات، تواناییەکان، خوێندن، هێز، سامان و دارایی، سەلامەتی، وزە و تەنانەت ژیانیش، هەمووی ئەمانەتن کە پێمان دراون تاوەکو بیانبەخیشن بەو کەسانیە کە زیاتر پێویستیانە.

((جەی.پی ڤاسڤانی))

له بنی بنه‌وه را گه‌یشتووه‌ته ئه‌وپه‌ڕی به‌رزایی
یوسف چۆن ئه‌و بیره فه‌رامۆش ده‌کات؟
(سائیبی ته‌بریزی)

# (کام میزه‌ڵدانه به‌رزتر ده‌بێته‌وه؟!)

له پارکێکی شاری پاریدا، کوڕێکی ره‌شپێست سه‌یرێکی میزه‌ڵدان فرۆشێکی کرد که پێده‌چوو فرۆشیارێکی میهره‌بان بێت. میزه‌ڵدان فرۆشه‌که میزه‌ڵدانێکی هه‌ڵدایه ئاسمان تاوه‌کو به‌رز بێته‌وه و به‌مشێوه‌یه کۆمه‌ڵێك کڕیاری لاوی به‌لای خۆیدا راکێشا. پاشان میزه‌ڵدانێکی شین و هه‌روه‌ها میزه‌ڵدانێکی زه‌رد و پاشان میزه‌ڵدانێکی سپی هه‌ڵدا. میزه‌ڵدانه‌که به ئاسماندا چوون و زۆر به‌رزبوونه‌وه و دواتر ون بوون.

کوره ره‌شپێسته‌که هێشتا ته‌ماشای ده‌کردن و له میزه‌ڵدانێکی ره‌ش ورد ببووه‌وه. ئه‌وه‌بوو دوای که‌مێك پرسی:

-(کاکه! ئه‌گه‌ر میزه‌ڵدانه ره‌شه‌که‌ت هه‌ڵبدایه به‌رزتر ده‌بووه‌وه؟)

کابرای میزه‌ڵدان فرۆش بزه‌یه‌کی کرد و ڕوویکرده کوڕه‌که و به ددان به‌نی میزه‌ڵدانه ره‌شه‌که‌شی پساند و میزه‌ڵدانه‌که به‌ره‌و سه‌ره‌وه به‌رز بووه‌وه. ئینجا وتی:

(ئه‌و شته‌ی که ده‌بێته هۆی به‌رزبوونه‌وه‌ی میزه‌ڵدان، ره‌نگه‌که‌ی نییه به‌ڵکو شتێکه که له‌ناو خودی میزه‌ڵدانه‌که‌دایه).

Scanned with CamScanner

هەمو شتێك تێپەرە، تەنها عەشق نەمرە.

(جەی.پی.ڤاسطانی)

# ((جانتای پارە))

ڕۆژێکی زۆر سارد لەکاتێکدا کە بەرەو ماڵ دەبوومەوە چاوم بە جانتایەکی پارە کەوت کە کەسێك لەسەر شەقام بزری کردبوو. دەستمدایە و ڕوانیمە ناوەڕۆکەکەی تاوەکو هەندێ نیشانەی لێ بدۆزمەوە و بتوانم خاوەنەکەی ئاگادار بکەمەوە. جانتاکە سێ دۆلار و نامەیەکی تێدا بوو کە پێدەچوو ساڵانێك بێت کە دەستی کەسی بەر نەکەوتبێت.

زەرفی نامەکە کۆن بوو و تاکە شتێك کە دەخوێنرایەوە ناونیشانی نێرەرەکە بوو. بەو هیوایەی کە ناونیشانەکە بدۆزمەوە، کردمەوە. پاشان سەیری بەروارەکەیم کرد: ١٩٢٤. ئەو نامەیە تەقریبەن پێش شەست ساڵ نوسرابوو. نامەکە بە دەست و خەتێکی جوانی ژنانە لەسەر کاغەزێکی شینی کاڵ کە گوڵێك لە سوچێکی چەپی بوو، نوسرابوو. نامەکە ئاراستەی (جۆنی ئازین) کرابوو کە پێدەچوو ناوی مایکڵ بێت و نووسەرەکە وتبووی دایکی بینینی ئەوی لێ قەدەغە کردووە و ئیتر نەیدەتوانی ببیبینێت. ئەگەرچی لە نامەکەدا نوسیبووی کە هەمیشە هەر ئەوی خۆش دەوێت.

ئەو نامەیە بەناوی (مانا) واژۆ کرابوو. نامەیەکی جوان بوو. بۆ ناسینەوەی ناوی خاوەنەکەی، تەنیا ناوی مایکڵ هەبوو. پێم وابوو ئەگەر تەلەفۆن بۆ ناوەندی

Scanned with CamScanner

زانیاری بکەم ئەوا لەوانەیە ئۆپەرەیتەرەکە بتووانێ ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ناونیشانی سەر پاکەتەکە بدۆزێتەوە. بەمشێوەیە دەستمپێکرد: (خانمی ئۆپەرەیتەر، ئەمە دلوایەکی نائاساییە. من هەوڵ دەدەم خاوەنی جانتایەکی پارەی ونبوو بدۆزمەوە. ئایا دەکرێ ژمارەتەلەفۆنی خاوەنی ناونیشانی سەر پاکەتەکەی لەناو جانتای پارەکەدایە بە من بدەیت؟) ئەویش پێشنیاری ئەوەی کرد کە لەگەڵ سەپەرشتیاردا قسە بکەم. سەرپەرشتیارەکە کەمێك وەستا و وتی: ئەو ناونیشان ژمارەتەلەفۆنی هەیە بەڵام ناتووانم پێتی بدەم. خاتوونی سەرپەرشتیار بە رێزەوە وتی پەیوەندی دەکەم بەو ژمارەیەوە و بەسەرهاتەکە دەگێرمەوە و لەو کەسەی کە وەڵامی تەلەفۆنەکە دەداتەوە پرسیار دەکات ئاخۆ دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات یان نا. من چەند خولەکێك چاوەڕوان بووم، پاشان خانمی سەرپەرشتیار هاتە سەر هێڵ و وتی: (کەسێك هەیە دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات). لەو خانمەی کە لەسەر هێڵ بوو پرسیارم کرد ئاخۆ کەسێك بەناوی (مانا) دەناسێت. ئەویش وتی: (ئێمە ئەم خانووەمان لە کەسێك کڕیووە کە کچێکی هەبوو بەناوی مانا. بەڵام ئەمە هی پێش سی ساڵە !)

ئەو خانمە وتی: (بیرمە کە مانا ناچار بوو پێش چەند ساڵێك دایکی بباتە خەڵوەتگەی پیری. ئەگەر تۆ بتووانیت پەیوەندییان پێوە بکەیت لەوانەیە سۆراخی ئەو کچە بزانن). ئەو ناوی ئەو خەڵوەتگەیەی پێدام و من تەلەفۆنم بۆ ئەوێ کرد. ئەو خانمەی کە لەسەر هێڵ بوو وتی: (چەند ساڵێکە مردووە، بەڵام خەڵوەتگەکە ژمارەی تەلەفۆنی ئەو شوێنەی لایە کە لەوانەیە کچەکەی لێ بژیت).

من سوپاسی ئەو کەسەی خەڵوەتگەکەم کرد کە ژمارەکەی پێدام و تەلەفۆنم بۆ ئەو ژمارەیە کرد. ئەو خانمەی کە وەڵامی دامەوە وتی (مانا)ش هەنوکە خۆی لە خەڵوەتگەی پیری دەژیت. لەبەر خۆمەوە وتم هەموو ئەم کارانە دەبەنگانەن. بۆچی

من خۆم بە دڵزینەوەی خاوەنی جانتایەکی پارەی پێنج شەست ساڵەوە ماندوو دەکەم کە تەنیا سێ دۆلار و نامەیەکی تیایە؟ لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیم کرد بەو خەڵوەتگەیەوە کە لەوانەبوو (مانا) تیایدا بژیت و ئەو پیاوەی کە وەڵامی دامەوە پێی وتم: (بەڵێ، مانا لای ئێمەیە). ئەگەرچی سەعات ١٠ی شەو بوو، پرسیم ئاخۆ دەتووانم بێم و بیبینم.

ئەویش بە دڵڕاییەوە وتی: (ئەگەر بتەوێ ئەوا دەتووانیت بێیت. لەوانەیە ئەو ئێستا لە ژووری گردبوونەوە سەرقاڵی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بێت). ئێمە چووینە نهۆمی سێیەمی بینایەیەکی گەورە. لە ژووری گردبوونەوە پەرستارەکە بە (مانا)ی ناساندم. ئەو ژنێکی بەساڵاچوو، شیرین و قژ سپی بوو کە خەندەیەکی گەرم و گوڕ و شیرینی بە روخساریەوە بوو.

بۆم باسی جانتای پارەکە کرد و نامەکەشم پیشانیدا. ئەو ساتەی کە کاغەزە شینە کاڵەکەی بینی کە گوڵێکی بچوك لە سوچی چەپی بوو ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: (گەنجۆ، ئەم نامەیە دوایین پەیوەندیی من بوو لەگەڵ مایکڵدا، بەڵام ئەو کاتە تەنیا شانزە ساڵان بووم و دایکم پێی وابوو من زۆر منداڵم).

ئەو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: (بەڵێ مایکڵ گلدشتاین کەسێکی بێ وێنە بوو. ئەگەر ئەوت بینی پێی بڵێ کە من زۆربەی کات بیری لێ دەکەمەوە). پاشان بۆ ساتێك وەستا. لێوی گەست و وتی: (پێی بڵێ هێشتا خۆشم دەوێت). لەکاتێکدا کە بزەیەك لەسەر لێوانی بوو چاوەکانی فرمێسکیان تێچڕژابوو، وتی: (من هەرگیز هاوسەرگیریم نەکرد، پێم وابوو هەرگیز کەسێکی وەکو ئەو نابێتەوە....).

سوپاسی (مانا)م کرد و ماڵئاواییم کرد. لەبارێکدا کە لە دەرەوەی دەرگاکە وەستابووم، جانتایەکی چەرمی قاوەییم دەرهێنا کە لێوارەکەی پەمەیی بوو. کاتێك پاسەوان ئەو جانتایەی بینی وتی: (ساتێك بوەستە، ئەمە جانتای جەنابی

گلدشتاینه. من به لێواره پەمەییەکەی دەیناسمەوه و لە هەرکوێیەك بێ دەیناسمەوه. ئەو هەمیشە جانتای پارەکەی ون دەکات. تاوەکو ئێستا بەلای کەمەوه سێ جار لە راڕەوەکەدا هەڵمگرتووەتەوه).

لەکاتێکدا کە دەستم دەستیکردبوو بە لەرزین، لێم پرسی: (جەنابی گلدشتاین کێیە؟)

-ئەو یەکێکە لە بەتەمەنەکان لە نهۆمی هەشتەمە. ئەمە بە دڵنیاییەوه جانتای پارەی مایك گلدشتاینە. دەبێ ئەو لە یەکێك لە پیاسەکانیدا جانتاکەی لێ کەوتبێت). سوپاسی پاسەوانەکەم کرد و بەخێرایی چوومە ئۆفیسی پەرستارەکان. ئەوەی کە پاسەوانەکە وتی بە پەرستارەکەم وت. بەرەو مەسعەدەکە چووم و سوار بووین. نزام دەکرد کە جەنابی گلدشتاین بەخەبەر بێت.

لەنهۆمی هەشتەمدا پەرستاری بەشەکە وتی: (پێم وایە ئەو هێشتا لە ژووری کربوونەوەکەیە. ئەو حەز دەکات شەوانە بخوێنێتەوه. ئەو پیرەمێردێکی نازەنینە). ئێمە بە تەنیا چووینە ژوورێك کە گڵۆپەکەی داگیرسابوو. لەوێ پیاوێکی لێبوو کە کتێبی دەخوێندەوه. پەرستارەکە چووە لای و پرسیاری کرد ئاخۆ جانتای پارەکەی ون کردووه. گلدشتاین بە سەرسوڕمانەوه سەیرێکی سەرەوەی کرد و دەستی خستە گیرفانەی پشتەوەی و وتی: (ئۆه، بەڵێ ون بووه!) من جانتاکەم دایە دەست بەڕێز گلدشتاین و ئەو ساتەی کە بینی بە ئارامییەوه خەندەیەکی کرد و وتی: (بەڵێ راستە. دەبێ ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ لە جیم کەوتبێت. دەمەوێ پاداشتت بکەم). وتم: (نا، سوپاست دەکەم، بەڵام دەبێ شتێك هەیە پێتی بڵێم. بەو هیوایەی کە بزانم خاوەنی جانتای پارەکە هی کێیە ئەم نامەیەم خوێندەوه). لەناکاو بزەیەی کە روخساری داگرتبوو نەما. (ئایا تۆ ئەم نامەیەت

خوێندووەتەوە؟) (نەك تەنیا نامەکەم خوێندووەتەوە، بەڵکو پێم وایە دەزانم (مانا) لە کوێیە).

لەپڕ ڕەنگی پەڕی: (مانا، ئەزانیت لە کوێیە؟ حاڵی چۆنە. ئایا هێشتا هەر جوانە؟) و بە تکاوە وتی: (تکا دەکەم، تکا دەکەم پێم بڵێ).

من بە هێمنی وتم: (ئەو حاڵی باشە...کتومت وەکو ئەو کاتە جوانە کە بینیووتە). پیرەمێرد بزەیەکی کرد و لە باری چاوەڕوانیدا وتی: (ئایا دەتوانیت بڵێیت لە کوێیە؟) (دەمەوێ سبەی تەلەفۆنی بۆ بکەم).

ئەو دەستی منی گرت و وتی: (ئەزانی بەڕێز، من ئەوەندە عاشقی ئەو کچە بووم کە کاتێك ئەو نامەیە گەیشت ژیانی من بەکردار کۆتایی هات.

من هەرگیز هاوسەرگیریم نەکرد. پێم وایە من هەمیشە ئەوم خۆشویستووە).

وتم: (مایکڵ وەرە لەگەڵما). ئێمە بە مەسعەدە چووینە نهۆمی سێیەم. ڕاڕەوەکان تاریك بوون. تەنیا یەك یان دوو گڵۆپ ڕاڕەوەکەی ئێمە بەرەو ژووری گردبوونەوە ڕووناك کردبووەوە، واتە ئەو شوێنەی کە مانا دانیشتبوو و سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد.

پەرستارەکە بۆ لای ئەو ڕۆیشت. لەکاتێکدا کە ئاماژەی بە مایکڵدا کە لای دەروازەکە وەستابوو، وتی: (مانا ئەم پیاوە دەناسیت؟) ئەو چاویلکەکەی پاڵ پێوەنا و کەمێك تێڕاما، بەڵام هیچی نەوت. مایکڵ بە هێمنی و تەقریبەن بە هێواشی وتی: (مانا من مایکڵم. منت بیرە؟)

لەکاتێکدا کە دەستەکانی یەکتریان گرتبوو چەند ساتێك لە چاوەکانی یەکترییەوە ڕامان. من و پەرستارەکە لەکاتێکدا کە فرمێسك لە چاوەکانمان دەهاتە خوار ژوورەکەمان جێ هێشت. وتم: (بزانە خوای گەورە چی ئەکات! ئەگەر کارێك حەتمی بێ، هەر ئەبێ بکرێت).

نزیکەی سێ هەفتە دواتر، لە خەڵوەتگەی پیرییەوە تەلەفۆنێك بۆ ئۆفیسەکەم کرا: (ئایا دەتووانیت رۆژی یەکشەممە بۆ مەراسیمی ژن گواستنەوە ئامادە بیت؟ مایکڵ و مانا دەیانەوێ هاوسەرگیری بکەن!) هەموو ئەندامانی خەڵوەتگە بۆ بەشداریکردن خۆیان رازاندبووەوە. ئاهەنگێکی باش بوو، مانا جلێکی درێژی قاوەیی کاڵی لەبەر کردبوو و زۆر جوان دەرکەوتبوو. مایکڵیش جلێکی شینی تۆخی لەبەر بوو. ئەگەر تۆ بتویستایە بوکێکی حەفتا و شەش ساڵان و زاوایەکی حەفتا و نۆ ساڵان ببینیت کە وەکو دوو گەنج رەفتار دەکەن، دەبووایە بڕۆیتە سۆراخی ئەو دوو هاوسەرە. ئەمە سەرەنجامێکی کامڵ و تەواو بۆ پەیوەندیی عاشقانە بوو کە تەقریبەن شەست ساڵی خایاندبوو.

((ئارنۆلد فاین))

# ((پاسەوان))

سەربازێکی تازە هاتوو کە بۆ پاسەوانی دەروازەی چوونەژوورەوەی کەمپێکی سوپا راسپێردرابوو، فەرمانی ئەوەی پێدرابوو کە نەهێڵێت کەس بە ئۆتۆمبێل نەچێتە ناو مەقەڕەکەوە، مەگەر ئەوەی کە کەسەکە نیشانەی تایبەتی هەبێت.

رۆژێکیان ئەو سەربازە ناچار بوو ئۆتۆمبێلێک رابگرێت کە ژەنەراڵێکی هەلگرتبوو، بەلام ژەنەراڵەکە فەرمانی بە شۆفێرەکەی کرد کە ئاماژەکەی پاسەوانەکە پشتگوێ بخات و بچێتە ناو مەقەڕەکەوە. سەربازە نوێکە هاتە بەردەم ئۆتۆمبێلەکە و میلی تفەنگەکەی هێنایەوە و وتی:

(بمبەخشە بەڕێز! من تازە هاتووم و نازانم تەقە لە کامتان بکەم، تۆ یان شۆفێرەکە؟)

تۆ کەسێکی گەورە دەبیت، ئەگەر بەرانبەر پلە و پایەی کەسانێك کە لە تۆ بەرزترین بێباك بیت و ئەوانەشی کە لە تۆ لەخوارترن ناچار بکەیت تا بەرانبەر پلە و پایەی تۆ بێباك بن. ئەو کاتە نە لەبەر خاکیبوونی خۆت لوتبەرزیت و نە بەهۆی لوتبەرزییەکەشت، خاکیت.

((ئەنتۆنی د.ملو))

باشــــترین حــــوکمرانی، ســــەلتەنەت و فەرمانڕەواییە بەسەر دڵەکاندا.

(ناپلیۆن بۆناپەرت)

# ((ترس یان عەشق))

کاتێک ناپلیۆن لە دوورگەی ئالپ دەگەڕایەوە بۆی دەرکەوت مە ڕۆژنامەکانی پـاریس لـە ڕۆژی دەرچـوونییەوە تـاوەکو ڕۆژی چـوونەناو پایتـەخت بەمشـێوەی نوسیوویانە:

ڕۆژی یەکەم: بەپێی ئەو هەواڵەی کە پێمان گەیشتووە دیسان ئـەم دێوەزمـە بێ قۆچ و کلکە لـە پەناگـەی خـۆی هاتووەتـە دەرەوە و مەبەسـتیەتی خـوێنی خـەڵک بخواتەوە.

ڕۆژی دووەم: هەواڵەکان دەڵێن بـەوری خوێنخـۆر لـە کـەنارەکانی مەملەکەت لە کەشتی دابەزیووە.

ڕۆژی سێیەم: بەپێی ئەو هەواڵەی کە هەمانە بکوژی فەرەنسییەکان گەیشتووەتە شاری گرونوبل.

ڕۆژی چوارەم: بەپێی ئەو ڕاپۆرتانـەی کـە گەیشـتوون نـاپلیۆن لـە پـاریس نزیک دەبێتەوە.

ڕۆژی پێنجەم: دوایین هەواڵ ئەوەیە کە ئیمپراتۆر گەیشتووەتە (فونتن).و دواجار ڕۆژی کۆتـایی: مــژدە بـۆ فەرەنسـییە ئازیزەکـان! جـەنابی نـاپلیۆنی گـەورە، ئیمپراتۆری باڵا هاتوونەتە ناو پاریس و لە ئۆفیسی شاهانە دابەزیوون.

Scanned with CamScanner

بە چـــرایەك لە ئەگبەنانی جیهان بناسە
تاوەكو پاش مەرگ مەزارت چراخان بێت
(سائیب تەبریزی)

# ((ژەهری خۆپەرستی))

بیستوومە لە ئەندۆنیزیا درەختێك هەیە بـەناوی (یوپـاس). ئـەم درەختـە ژەهـر دەردەدات و ئەوەندە چڕ و پـڕە کـە هـەر گیایـەك کـە لـە بنەوەیـدا بڕوێـت لـەناوی دەبات. ئەم درەختە پەنا ئـەدات، سێبەری هەیـە و لـەناودەبات. بەداخـەوە دەبـێ بڵێم من کەسانێك ئەناسم کە وەکو ئەم درەختەن. پێم وایە ئێوەش کەسـانی وەکـو ئەم درەختە دەناسن. ئەم مرۆڤانە خۆپـەرستن. ئەمانە هەموو شـتێکیان بـۆ خۆیـان دەوێت و دەیانەوێ چەقی سەرنج بن. هیچ گوێ نادەنە یارمەتیـدانی ئـەوانیتر بـەڵام بـۆ بەرژەوەنـدیی خۆیـان کـەڵك لـە هـەمووان وەردەگـرن. ئـەوان وەکـو درەخـتی (یوپـاس) خاسیـەتێکیان بـۆ دەوروبـەر نییـە و نابنـە هـۆی پشـکوتن و بـەرگرتنی ئەوانیتر.

لەلایەکی ترەوە بیرمە کاتێك منداڵ بووم هەوڵم ئەدا بەسەر سـکەی شـەمەنەفەردا برۆم. نەمدەتووانی چـەند هـەنگاوێك زیـاتر هـەڵێنم و هاوسـەنگیی خـۆمم لەدەست دەدا. بـەڵام ئەگـەر هاورێکـەم بهاتایەتـە سـەر سـکەی شـەمەنەفەرەکە ئـەوا ئێمـە دەمانتووانی دەستی یەکتری بگرین و هاوسەنگیی خۆمان بپارێزین.

بەمشێوەیە دەمانتوانی بەسەر سەکەی شەمەندەفەردا بەڕۆین.من و تۆ ماڵ هەڵبژاردنمان هەیە دەتوانین وەکو درەختی بوپاس بین. ژەهری خۆپەرستی دەڕێدەین. تەنیا بیر لە خۆمان و خواستەکانی خۆمان بکەینەوە. پەرە بە خۆپەرستی بدەین و لەگەڵ ئەوەشدا یاریدەدەر بین بۆ گەشە و ژیانی ئەوانیتر.

تۆ دەتوانیت ژیانت بخەیتە خزمەتی ئەوانیتر، یان بە خۆپەرستییەکی گومڕاکەرەوە بەهەدەری بدەیت. یان دەبێ خەڵك بەکار ببەیت یان لەگەڵیاندا ببیتە هاوڕێ. هەردووکیان پێکەوە مەحاڵن.

(زیگ زیگلار)

***

مرۆڤی زیر بە قسە ئەوانیتر فێر
ناکات بەڵکو بە کردار فێریان دەکات.

(لاوتزە)

## ((لە قسەوە تا کردار))

سەروەختێک پیاوێک بوو کە بڕێک دەرزی و ئامرازی دوورینی هەبوو. ڕۆژێکیان حەزرەتی مریەم سلاوی خوای لێ بێت کە دایکی حەزرەتی عیسایە (د.خ) هاتەی لای ئەو و وتی:

(ئەی هاوڕێ، جلەکەم دڕاوە و دەبێ من پێش ئەوەی بچمە پەرستگا بیدروومەوە، دەرزییەکم نادەیتێ؟) ئەو کابرایە دەرزییەکەی نەدایە حەزرەتی مریەم بەڵام قسەیەکی جوانی لەبارەی بەخشین و وەرگرتنی بۆ کرد تاوەکو پێش ڕۆیشتنی کوڕەکە بۆ پەرستگا بۆی بگێڕێتەوە.

(جوبران خەلیل جوبران)



عەشق واتە مۆڵەت بدەینە مرۆڤەکان تاوەکو بە حەزی خۆیان لە ژیانی ئێمەدا ئامادەییان هەبێت.

(ئەندرێ ماتێیۆس)

## ((عەشقی باڵندەیەکی سەربەست))

ڕۆژێك لە ڕۆژان باڵندەیەك هەبوو بە جوتێك باڵی ڕەنگاوڕەنگ و جوانەوە لە سەربەستییەکی تەواودا دەفڕی و بەرز دەبووەوە. هەر کەسێك کە لەکاتی فڕیندا ئەیبینی خۆشحاڵ دەبوو. ڕۆژێکیان ژنێك چاوی بە باڵندەکە کەوت و عاشقی بوو لەکاتێکدا کە لە سەرسامیدا دەمی کرابووەوە. بە دڵێکی پڕ خورپە و بە چاوی درەوشاوەوە لە جۆش و خرۆشدا ئەیڕوانییە فڕینی باڵندەکە. باڵندەکە نیشتەوە سەر زەوی و داوای لە ژنەکە کرد کە پێکەوە بفڕن...ژنەکەش قبوڵی کرد..هەردووکیان بە هەماهەنگییەکی تەواوەوە فڕین. ژنەکە ستایشی باڵندەکەی دەکرد، ڕێزی لێدەنا و دەیپەرست...بەڵام لەهەمان کاتدا دەترسا. بیری لەوە دەکردەوە مەبادا باڵندەکە بیەوێت بچێتە چیا دووردەستەکان. ئەترسا باڵندەکە بچێتە سۆراخی باڵندەکانی تر و یا بیەوێت لە ئاستێکی بەرزتردا بفڕێت. ژنەکە هەستی بە ئیرەیی کرد...ئیرەیی بەرانبەر توانای فڕینی باڵندەکە.

و هەستی بە تەنیایی کرد.

بیری کردەوە: (تەڵەی بۆ دادەنێم. ئەم جارە کە باڵندەکە هاتەوە ڕێگە نادەم بڕوات). باڵندەکەش عاشق ببوو، ڕۆژی دواتر گەڕایەوە و کەوتە تەڵەوە و لە قەفەسەکەدا بەند بوو. ژنەکە هەموو ڕۆژێك دەیڕوانییە باڵندەکە، هەموو جۆش و

خرۆشەکانی لەو قەفەسەدا بوو. پیشانی هاوڕێکانی ئەدا و ئەوان پێیان دەوت: (تۆ هەموو شتێکت هەیە!)

لەپڕ گۆڕانێکی نامۆ ڕوویدا، باڵندەکە بە تەولوی لە دەستی ژنەکەدا بوو و چیتر ئەنگیزەیەکی بۆ ڕەفتارەکەی نەبوو. بۆیە ئارەزوومەندییەکەی بۆ باڵندەکە پەیتا پەیتا نەما. باڵندەکەش بەبێ فڕین ژیانێکی بێهودەی بەسەر دەبرد و سەرەنجام پەیتاپەیتا شی بووەوە. درەوشانەوەی پەڕەکانی نەما، بەرەو درزێوی چوو و ئیتر جگە لەکاتی خۆراکدان و پاککردنەوەی قەفەسەکە کەس گوێی پێ نەدەدا.

سەرەنجام ڕۆژێك لە ڕۆژان باڵندەکە مرد. ژنەکە دووچاری خەمێکی زۆر بووەوە هەمیشە بیری لەو ئاژەڵە دەکردەوە. بەڵام هەرگیز قەفەسەکەی نەدەهاتەوە یاد. تەنیا ڕۆژێك لەبیری مابوو کە بۆ یەکەمین جار باڵندەکەی بە خۆشحاڵی لەناو هەورەکاندا لەکاتی فڕین بینیبوو. ئەگەر ژنەکە کەمێك ورد ببایەتەوە بەباشی بۆی دەردەکەوت کە ئەو شتەی کە ئەوی پەیوەست کردووە بە باڵندەکە و دڵی خۆشکرد، سەربەستی ئەو گیانلەبەرە و وزەی باڵەکانی بوو لەکاتی فڕیندا، نەك جەستە وەستاوەکەی. بەبێ ئامادەیی باڵندەکە، ژیان بۆ ژنەکە ڕوون و بەهادار نەدەبوو و سەرەنجام ڕۆژێك لە ڕۆژان مەرگ ڕووی لە ماڵەکەی کرد. لە مەرگی پرسی:

—بۆچی هاتوویتە سۆراخی من؟ مەرگ لە وەڵامدا وتی:

بۆئەوەی بتووانی دووبارە لەگەڵ باڵندەکاندا لە ئاسماندا بفڕیت. ئەگەر ڕێگەت بدایە باڵندەکە بە سەربەستی بڕوات و بگەڕێتەوە هێشتاش دەتتووانی لە ستایش و خۆشەویستی بەردەوام بیت. ئێستا بۆ دۆزینەوە و دیدار ئەو باڵندەیە پێویستت بە منە...

(پاولۆ کۆیلۆ)

# ((عەشق چییە؟))

کەسێك بە هاوسەرەکەی دەڵێت:

(من عاشقی تۆم و بەبێ تۆ ناتووانم بژیم).

بەڵام ئەمە عەشق نییە، برسێتییە.

تۆ ناتووانیت لە یەك کاتدا کەسێکت خۆش بوێت و لەهەمان کاتیشدا پێویستت پێی بێت. عاشقی راستەقینە کەسێکە کە عاشقی خۆی سەربەست دەکات تاوەکو خودی خۆی بێت.

لە عەشقدا سەپاندن نییە.

عەشق واتە دەرفەتی هەڵبژاردن بدەیتە مەعشوق. بۆئەوەی کەسێك یان شتێك بەدەست بێنیت، سەربەستی بکە.

((ئەندرێ ماتێیۆس))



گوێگرتن لەگەڵ هاوخەمی وانەنەمەی کە بچینە نـاو بازنەی ئاگایی مرۆڤەکان. بە وردی ئاوڕونوێی بکەین. تەنیا ڕێگە بەو شێوەیە ببینین کە ئەوان دەیبینن.

((ستیڤن کۆڤی))

# ((گوێگرتنی چالاکانە))

ئەگەر بەهۆی ئازاری شانت بچیتە لای دکتۆر و ئەویش بەبێ هیچ جۆرە پرسیار و پشکنینێك دەست بکات بە نوسینی رەچەتە و بنێرێتە دەرمانخانـە هەسـت بەچـی دەکەیت؟ لەوانەیە بێ چەندوچون بڕوات بە پەیڕەویکردن لە ڕێنماییەکانی نەبێت.

هۆکارەکە ئەوەیە کە دکتۆرەکە بەهیچ شێوەیەك تۆی نەخستووەتە ناو پرۆسەی پشـکنین و رەچەتەنوسـینەوە. ئەگـەر تـۆش ڕێگەچـارەکان و سـەرکەوتنەکانی پیشەکەت زووتر لەکاتی خـۆی بخەیتـەڕوو ئـەوا تـۆش کتومـت وەکـو ئـەو دکتـۆرە رەفتارت کردووە و کاتێك لەبارەی ئەوەی کـە بـۆ باشـکردنی ژیانیـان روونکردنـەوە بدەیتێ، تەنانەت ئەگـەر بشـزانیت ڕێگەچارەکەتان چـەنێك بەسـوود و کاریگـەرە و تەنانەت ئەگەر لەو هەلومەرجەدا باشترین ڕێگەچارەی مومکین بێت، لایەنی بەرانبەر باوەڕی وایە کە تۆ جەخت لە دیدگای خۆت دەکەیتەوە.

هەمیشە هەوڵتداوە ئەوانیتر گوێ لە تۆ بگرن لەکاتێکدا کە تۆ هیچ کاتێك ئەمـەت نەکردووە.

Scanned with CamScanner

کاتێکی زۆر بە پرسیارکردن و قەناعەتپێهێنان بەهەدەر دەدرێت و کەمتر کاتی پێویستت بۆ گوێبیستبوونی ئەوانیتر تەرخان کردووە و کەمتر رێگەت بە قسەکردن داوە و هەر ئەمە دەبێتە رێگر لەبەردەم دۆزینەوەی راستی لەناو ناخی تاکەکاندا.



ئەوانەی کە حەقیقەت دەناسن لەگەڵ ئەوانەی کە خۆشەویستی بۆ دەردەبڕن یەکسان نین و ئەوانەی کە خۆشەویستی بۆ دەردەبڕن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا دەژین یەکسان نین.

(کۆنفشیۆس)

## ((جیاوازیی نێوان ڕاست و هەڵە))

(جۆن مۆرلی) لە بریتانیاوە بۆ کەنەدا سەفەری کرد تاوەکو بۆ خوێندکارانی دەرچووی زانکۆ قسە بکات. ئەو وتارەکەی خۆی بەمشێوەیە دەستپێکرد: من نزیکەی سێ هەزار کیلۆمەتر ڕێگام بڕیووە تاوەکو پێتان بڵێم:

-جیاوازی لەنێوان ڕاست و هەڵەدایە. ئەگەر پیاوێك بۆ ڕاکردن لە باج دەستکاری حساباتی خۆی بکات ئەوا جیاوازی نێوان ڕاست و هەڵە نازانێت. ئەگەر ژنێك بەڵێن بە هاوسەرەکەی بدات کە وەفادار بێت و پاشان پەیمان بشکێنێت جیاوازیی نێوان ڕاست و هەڵە نازانێت. ئەگەر دایك و باوك بە منداڵەکانیان بڵێن: بە فڵان کەس بڵێ لە ماڵ نیم، جیاوازیی نێوان ڕاست و هەڵە نازانێت. ئەگەر کچێك لەبارەی ئەو شوێنەی کە بۆی چووە درۆ لەگەڵ دایك و باوکی بکات جیاوازیی نێوان ڕاست و هەڵە نازانێت. ئەگەر کارمەندێك بۆ نەهاتنەوە یان درەنگ کەوتنی نابەجێ درۆ بکات، جیاوازیی نێوان ڕاست و هەڵە نازانێت. ئەگەر فرۆشیار بۆ فرۆشتنی کاڵاکەی زانیاریی نادروست بدات، جیاوازیی نێوان ڕاست و هەڵە نازانێت.

((زیگ زیگلار))

# ((كڕيار بەدەستى بەتاڵ نەڕوات))

دوكاندارێك گوێی لە بەشێك لە قسەكانی یەكێك لە فرۆشیارانی بوو بەرانبەر كڕیارێك كە دەیگوت:

(نا، خانم! چەند هەفتەیەكە نەمانبووە و پێناچێت بەو زووانەش هەمانبێت).

دوكاندارەكە بە بیستنی ئەم قسانە ترسا و بەپەلە بەرەو كڕیارەكە رۆیشت كە خەریكی دەرچوون بوو لە دوكانەكە و وتی: (خاتوون! فرۆشیارەكە راست ناكات. دڵنیا بە بە زوویی هەندێكمان ئەبێ. لە راستیدا ئێمە پێش یەك دوو هەفتە داوامان كردووە!) پاشان فرۆشیارەكەی بردە لاوە و بە تووڕەییەوە پێی وت: (هەرگیز! هەرگیز! ئەمەت بیر بێت كە ئێمە هەرگیز بە كڕیار ناڵێین هیچمان نییە. تەنانەت ئەگەر نەشمان بێت رێگەچارەكە ئەوەیە كە بڵێیت: داوامان كردووە بۆمان بێت. بەراست بڵێ بزانم داوای چی دەكرد؟)

فرۆشیارەكە شانەكانی هەڵتەكاند و وتی: (باران!)

سەرنج: با وێنای ئەوە نەكەین هەرچییەك كە ئەوانیتر دەیانەوێ قسەی لەبارەوە بكەن ئێمە دەیزانین.

ئەگەر راست نییە مەیکە، ئەگەر راست نییە مەیلێ.

(مارکوس ئۆلیوس)

# ((راستی))

پیاوێك چووە لای سوکرات و وتی: (لەبەرئەوەی زۆر لەگەڵ تۆدا دۆستم پێویست شتێکت پێ بڵێم).

سوکرات وتی: (پەلە مەکە، تۆ سێ تاقیکردنەوەت تێپەڕاندووە؟ تاقیکردنەوەی یەکەمت بڕیووە؟ ئایا دەزانیت ئەوەی کە بە منی دەڵێیت راستە؟)

-(باش دڵنیا نیم، بەڵام بیستوومە دەڵێن....)

حەکیم وتی: (کەواتە تاقیکردنەوەی دووەمت ئەنجام داوە؟ واتە تاقیکردنەوەی (باشی)! ئایا وتەی تۆ بۆ من باشە؟)

-(نا تەواو بە پێچەوانەوە....)

(ئەگەر تاقیکردنەوەی (راستی و باشی)ت ئەنجام نەداوە کەواتە حەتمەن تاقیکردنەوەی (سوود)ت ئەنجام داوە؟

ئایا ئەوەی دەتەوێ پێمی بڵێیت بەسوودە؟)

-(پیاوەکە وتی: بەسوود؟ دەی، بەسوود نییە).

فەیلەسوفەکە بە بزەیەکەوە وتی: (ئەگەر بابەتەکە نە راستە و نە باشە و نە بەسوودە، وا باشترە خۆتی پێوە ماندوو نەکەیت).

Scanned with CamScanner

ته‌نیا به‌رانبه‌ر دایکم هونه‌ره‌کانی هاوڕێ دۆزینه‌وه‌م به‌کار نه‌هێنا، به‌ڵام ئه‌و له‌ هه‌موان زیاتر خۆشی ویستم.

(ده‌یل کارینگی)

# ((قائیمه‌ی حساب))

شه‌وێکیان، کوڕێك چووه‌ لای دایکی که‌ له‌ مه‌تبه‌خ خه‌ریکی لێنانی چێشت بوو و په‌ڕه‌ کاغه‌زێکی دایه‌. دایك به‌ خاولییه‌ك ده‌سته‌کانی پاك کرده‌وه‌ و نوسینه‌که‌ی به‌ ده‌نگێکی به‌رز خوێنده‌وه‌. کوڕه‌که‌ به‌ خه‌تێکی منالآنه‌ نوسیبووی:

| | |
|---|---|
| -کورتکردنه‌وه‌ی چیمه‌نی باخچه‌که‌ | ٥ دۆلار |
| -رێکخستنه‌وه‌ی ژووری خه‌وتنم | ١ دۆلار |
| -چاودێریکردنی برا بچوکه‌که‌م | ٣ دۆلار |
| -بردنه‌ ده‌ره‌وه‌ی سه‌تڵی زبڵ | ٢ دۆلار |
| -ئه‌و نمره‌ باشه‌ی ماتماتیك که‌ ئه‌مڕۆ وه‌رمگرت | ٦ دۆلار |
| کۆی قه‌رزی من لای تۆ | ١٧ دۆلار |

دایك بۆ ساتێك روانییه‌ روخساری چاوه‌ڕوانی کوڕه‌که‌، پاشان قه‌ڵه‌مه‌که‌ی هه‌ڵگرت و له‌پشت په‌ڕه‌ کاغه‌زی حسابه‌که‌ نووسی:

Scanned with CamScanner

-حەقی سەختی و ناخۆشیی ۹ مانگ هەڵگرتنی تۆ لە سکمدا
هیچ
-حەقی هەموو شەوانەی کە لە پای سەرینەکەتدا دانیشتم و نزام کرد
هیچ
-حەقی هەموو ئەو زەحمەتانەی کە لەم ساڵانەدا چەشتم تاوەکو گەورە بیت
هیچ
-حەقی خۆراک، پاکڕاگرتنت و گەمە و لەعابەکانت
هیچ

ئەگەر هەموو ئەوانە کۆ بکەیتەوە ئەوا ئەزانیت کە خەرجیی عەشق بەرانبەر تۆ هیچە. کاتێك کوڕەکەی ئەوەی دایکی نوسیبووی خوێندەوە، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك و لەکاتێکدا کە دەیڕوانییە چاوەکانی دایکی، وتی: (دایکە خۆشم دەوێت). ئەو کاتە قەڵەمەکەی دەست دایە و لەسەر قائیمەی حسابەکەی نووسی: پێشتر پارەکەی دراوە !



تەنیا یەک شت لە دنیادا لە هاوسەر باشترە، ئەویش دایکە.

(لەرەهەنگنامەی بیرۆکە پۆزەتیڤەکان)

# ((پێشکەش بێت بە دایکان))

لەو وەختەدا کە چاوت بە رووی ئەم جیهانەدا کردەوە تۆی گرتە باوەش. تۆ بە نالە و شیوەنەکانت وەکو فلوت، رێزت لێینا.

کاتێک کە تەمەنت لە ساڵێک زیاتر نەبوو خۆراکی پێدایت و بردیتە حەمام. بە گریانەکانی شەوانت سوپاست کرد. کاتێک کە دوو ساڵان بوویت فێری رێگا رۆیشتنی کردیت و کاتێک ئەو بەهۆی نیگەرانییەوە بانگی دەکردیت و تۆ راتدەکرد، بە راکردنەکەت سوپاست کرد. سێ ساڵان بوویت و ئەو هەموو خواردنەکانی تۆی بە خۆشەویستییەوە ئامادە دەکرد و تۆ بە فرێدانی قاپی خواردنەکەت سوپاست کرد. چوار ساڵان بوویت و ئەو کۆمەڵێک قەڵەم رەنگی بۆ وێنەکێشان پێتدا و تۆش بە رەنگکردنی مێزی نان خواردن سوپاست کرد. لە پێنج ساڵیدا تۆی بۆ پشووەکان ئامادە کرد و جلی لەبەر کردیت و تۆش بە کەوتنە ناو قوڕاوێک سوپاست کرد.

شەش ساڵان بوویت کە تۆ بۆ قوتابخانە ئامادە دەکرد و تۆ بە هاواری (من ناچمە قوتابخانە) سوپاست کرد. لە حەوت ساڵیدا تۆپێکی بۆت کڕی و تۆ بە هەڵدانی بە ئاراستەی پەنجەرەی دراوسێ سوپاست کرد. کاتێک کە هەشت ساڵان بوویت، دۆندرمەیەکی پێت دا و تۆ بە رشتنی بەسەر جلەکانتدا سوپاست کرد.

Scanned with CamScanner

لە تۆ ساڵیدا مانگانەی خولی مۆسیقاکەتی دا و تۆ بە راهێنان نەکردن سوپاست کرد. کاتێک دە ساڵان بوویت بەدرێژایی رۆژ شۆفێری دەکرد و تۆی بە ئۆتۆمبێلەکەی لە خولی تۆپی پێوە ئەبردە جیمناستیک و دوای ئەوە دەیبردیتە ئاهەنگی لەدایکبوونی هاوڕێکەت و تۆ کاتی دابەزین لە ئۆتۆمبێل، بازت ئەدا و هەرگیز ئاوڕت نەدەدایەوە. کاتێک یانزە ساڵ زیاتر نەبووی، تۆ و هاوڕێکانتی دەبردە سینەما و تۆ بە داواکردنی ئەوەی کە ئەو لە ریزێکی جودا دانیشێت، سوپاست کرد. لە مێردمناڵیدا ئەو کاتەی کە سیانزە ساڵان بوویت ستایلێکی قژی پێشنیار کرد بۆت بەڵام تۆ بە وتنی ئەوەی کە کەیفت پێ نایەت، سوپاست کرد.

لە پانزە ساڵیدا لەسەر ئیش هاتەوەماڵەوە و چاوەڕوانی لەباوەشگرتنی تۆ بوو، بە قفڵکردنی ژووری خەوتنەکەت سوپاست کرد. لە حەفدە ساڵیدا چاوەڕێی تەلەفۆنکردن بوو و تۆ سە مەشغوڵکردنی تەلەفۆنەکەت بەدرێژایی شەو، سوپاست کرد. لە هەژدەساڵیدا ئەو بۆ تەواوکردن و دەرچوونت لە ئامادەیی گریا و تۆ بە مانەوە لە دەرەوە و چوون بۆ دانیشتنەکانی شەوانە، سوپاست کرد. لە بیست ساڵیدا لێی پرسیت ئاخۆ کەسێکت بۆ ژیانی ئایندەت هەڵبژاردووە؟ و تۆ بە وتنی : (ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نییە) سوپاست کرد. کاتێک بیست و چوار ساڵان بوویت چاوی بە دەزگیرانەکەت

کەوت و لە بارەی بەرنامەکانی ئایندەتان هەندێ پرسیاری کرد و تۆش بە قسەی شێکنەرانە و وتنی (ئیتر بەسە) سوپاست کرد.

لە بیست و پێنج ساڵیدا لە دابینکردنی خەرجییەکانی هاوسەرگیرییەکەت یارمەتی دایت و پاش گریانێکی زۆر وتی زۆر خۆشی دەوێیت و تۆ بە رۆیشتن بۆ ناوەندی شار و ژیان لەوێ، سوپاست کرد. لە سی ساڵیدا پێشنیاری ئەوەی کرد کە مناڵت ببێ و تۆ بە وتنی: (ئەمڕۆ هەموو شتێ گۆڕاوە) سوپاست کرد.

Scanned with CamScanner

لە چل ساڵیدا بۆ بیرهێنانەوەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی یەکێك لە کەس و کارت پەیوەندی پێوەکردیت و تۆ بە وتنی ئەمەی کە (سەرم زۆر قاڵە) سوپاست کرد. لە پەنجا ساڵیدا...

پاشان ڕۆژێك لە ڕۆژان لە بێدەنگیدا کۆچی دوایی کرد و ئەوەی کە تۆ وێنات نەدەکرد لەناکاو وەکو ڕەشەبایەك هەموو شتێکی تێکشکاند....

وەرن با تەنیا بۆ ساتێك لەکاتمان بۆ ستایش و ڕێزگرتن لەو کەسەی بە (دایك) بانگی دەکەین، تەرخان بکەین. هیچ جێگرەوەیەکی نییە.



ڕەفتارەکان نەشەنە دەکەن....
ئایا ڕەفتاری تۆ نرخی ئەوەی هەیە نەشەنە بکات؟

# ((چەپکەگوڵێک بۆ دایک))

پیاوێک بەرانبەر گوڵفرۆشێك وەستابوو و دەیویست چەپکەگوڵێك بۆ دایکی داوا بکات و بۆی بنێرێت کە لە شارێکی تر بوو. کاتێك لە دوکانەکە هاتە دەرەوەی کچێکی بینی کە لەسەر شۆستەی شەقامەکە دانیشتبوو و دەگریا. پیاوەکە چووە لای و لێی پرسی: (کچی باش، بۆچی دەگریت؟)

کچەکە لەکاتێکدا کە دەگریا، وتی: (دەمویست چڵە گوڵێکی ڕۆز بۆ دایکم بکڕم بەڵام تەنیا ٧٥ سەنتم پێیە، لەکاتێکدا کە گوڵی ڕۆز بە دوو دۆلارە). پیاوەکە بزەیەکی کرد و وتی: (لەگەڵمدا وەرە، من چڵەگوڵێکی ڕۆزی جوانت بۆ دەکڕم).

کاتێك لە دوکانی گوڵفرۆشەکە چوونە دەرەوە، پیاوەکە بە کچەکەی وت: (دایکت لە کوێیە؟ ئەتەوێ بتگەیەنم؟) کچەکە دەستی پیاوەکەی گرت و وتی: (ئەوێ) ئاماژەی کرد بە گۆڕستانەکەی ئەوبەری جادەکە.

پیاوەکەی بردە گۆڕستان و کچەکە لەسەر گۆڕێکی تازە دانیشت و گوڵەکەی لەوێ دانا. پیاوەکە دڵی تەنگ بوو، تاقەتی نەما، گەڕایەوە بۆ لای گوڵفرۆشەکە، چەپکە گوڵێکی کڕی و ٢٠٠ مایل ڕێگای بڕی تاوەکو چەپکە گوڵەکە بگەیەنێتە دایکی خۆی.

# ((منالان کەی گەورە دەبن؟))

کاتێک منالان فێر دەبن دڵخۆشی لەوەدا نادۆزرێتەوە کە کەسێک هەیەتی بەڵکو لە خودی ئەودایە، کاتێک فێر دەبن کە بەخشین زیاتر لە وەرگرتن و تۆڵە کاریگەرە.

کاتێک کە فێر دەبن بە بەرزتر لەقەڵەمدانی دۆستایەتی لە بەرانبەر خۆپەرستی و زاڵبوون بەسەر لوتبەرزی و گوێگرتن لەبری قسە سەپاندن پەیوەندییەکان دەوڵەمەندتر دەبن.

کاتێک کە فێر دەبن خۆشی لە دەستگرتنی ئەوانیتردا شاراوەتەوە نەک لە هێزی درۆ و سەرکوتکردنیان.

کاتێک کە فێر دەبن بەهای ژیان بەو سالانە نییە کە بۆ کەڵەکەکردنی سامان تەرخان دەکرێت، بەڵکو بەو ساتانەیە کە مرۆڤ خۆی بۆ بەدەستهێنانی ژیرین ئومێدە ئیلهامبەخشەکان، سڕینەوەی فرمێسکەکان و هەستکردن بە دڵی ئەوانیتر دەکات، کاتێک کە فێر دەبن کە جوانیی مرۆڤ نەک بە چاوەکان، بەڵکو بە دڵەکان دەبینرێت.

کاتێک کە فێر دەبن لەبەرانبەر حوکمی ئەوانیتردا رابمێنن و بزانن هەموو کەسێک سیفەتی باش و خراپی تێدایە.

کاتێک کە فێر دەبن کە هەموو کەسێک بەهرەیەکی بێ هاوتای پێدراوە و مەبەست لە ژیان هاوبەشیپێکردنی ئەو بەهرەیەیە لەگەڵ جیهاندا.

کاتێك کە منالان لەگەڵ ئەم نموونانەدا ئاشنا دەبن و خۆ تەرخان دەکەن بۆ هونەری سوودوەرگرتن لێیان لە ژیاندا، ئەوا چیتر منال نین، ئەوان بە بەهرە لەقەڵەم دەدرێن بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانناسن و رەمزی بەهادارن بۆ هەموو جیهان.

((ئێل ڤێدری فۆرد))



Scanned with CamScanner

کەسایەتی مامۆستایەك گرنگترە لەو شتەی ی
دەیلێتەوە.
(کارمینگەر)

# ((خاتوو تامپسن))

چیرۆکێك هەیە لەبارەی مامۆستایەکی سەرەتاییەوە کە هی پێش چەند ساڵێکە. ناوی خاتوو (تامپسن) بوو. ئەو روو بە رووی منداڵەکانی پۆل رادەوەستا و پێیانی دەوت هەمووانی وەکویەك خۆش دەوێت. بەڵام شتێکی وەها مەحاڵ بوو، چونکە لە ریزی پێشەوە کورێکی بچوك هەبوو بەناوی (تێدی ستیوارد) کە لەناو کورسییەکەیدا گرمۆڵە ببوو. خاتوو تامپسن ساڵی پێشووش تێدی بینیبوو و بۆی دەرکەوتبوو کە زۆر لەگەڵ منداڵەکانی تردا ناگونجێت و بەردەوام جلی پیس لەبەر دەکات و پێویستی بە حەمامکردن هەیە. ئەو لەو قوتابخانەیەدا کە وانەی دەوتەوە منداڵێکی بەزەحمەت بوو، خاتوون ناچار بوو بە فایلی هەموو منداڵەکاندا بچێتەوە و ئەم کارە بۆ تێدی تاوەکو دوایین کەس دواکەوت و کاتێك نۆرەی تاووتوێکردنی فایلی تێدی هات زۆر غافڵگیر بوو.

مامۆستا ساڵی یەکەم نوسیبووی: (تێدی قوتابییەکی زیرەك و زۆر دەم بە خەندەیە. کارەکانی خۆی بە سەلیقەوە ئەنجام دەدات و رەفتاری زۆر باشە. بوونی ئەو لە هەموو شوێنێك دڵخۆشکەرە).

مامۆستا سالی دووەم نوسیبووی (تێدی قوتابییەکی بێ وێنەیە و لەلایەن هاوپۆلەکانیەوە باش دەرك دەکرێت، بەڵام ئەو بەدەست نەخۆشییەکەی دایکییەوە دەناڵێنێت و پێدەچێت لە ماڵەوە نارەحەت بێت). مامۆستا سالی سێیەم نوسیبووی: (مەرگی دایکی زیانێکی توندی لە رۆحیەتی داوە. ئەو هەموو ئەو هەوڵی خۆی ئەدات، بەڵام باوکی زۆر نارەزوومەندنییە و ئەگەر کارێك نەکرێت ئەوا بەزوویی ژیانی لەناو خێزانەکەیدا کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر دادەنێت). مامۆستا سالی چوارەم نوسیبووی: (تێدی زۆر سارد و گۆشەگیر بووە و زۆر نارەزوومەندی ولنە و قوتابخانە نییە، هاوڕێی زۆری لە قوتابخانەدا نییە و زۆربەی کات لەناو پۆلدا خەوتووە).

لەم ساتەدا بەدواوە کە خاتوو تامپسن لە کێشەکە تێدەگەیشت و شەرمی لەخۆی کرد و تەنانەت ئەو کاتەش کە هەموو قوتابییەکانی جگە لە تێدی لە رۆژی کریسمەسدا دیاری بۆ پێچابووەوە، زیاتر نارەحەت بوو لەخۆی. دیارییەکەی تێدی زۆر نەشارەزایانە پێچرابووەوە و قورسیش بوو. خاتوو تامپسن بە سەرنجەوە ئەم دیارییەی لەناو دیارییەکانی تردا کردەوە. کاتێك خاتوو تامپسن بازنەیەکی دەرهێنا کە زۆرێك لە بەرد و مرووەکانی کەوتبوون و شوشەیەکی عەتریش کە نیوەی بەتاڵ بوو. ئەو پێکەنینی منداڵەکانی کپ کردەوە و کاتێك سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر جوانیی بازنەکە پیشاندا کردیە دەستی و پاشان مەچەك و دەست بە کەمێك عەتری ناو شوشەکە تەڕ کرد.

تێدی ستیوارد ئەو رۆژەی دوای دەوام لە قوتابخانە مایەوە بۆئەوەی تەنیا بڵێت: خاتوو تامپسن، ئەمڕۆ تۆ رێك وەکو دایکم بۆنت کرد.

Scanned with CamScanner

پاش ئەوەی منداڵەکان قوتابخانەیان جێ هێشت، ئەو لانی کەم سەعاتێك گریا. خاتوو تامپسن رێك لەو رۆژەدا دەستی لە وانەوتنەوە، خوێندنەوە و نوسینی ماتماتیك هەڵگرت و لەبەرانبەردا دەستیکرد بە فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵان. ئەو بایەخێکی تایبەتی بە تێدی ئەدا و پێدەچوو رۆحیەتی تێدی زیندوو بێتەوە. چەندەی زیاتر هانی ئەدا، وەڵامدانەوەی زیاتر بوو. لە کۆتایی ساڵی خوێندندا تێدی بوو بە یەکێك لە زیرەکترین خوێندکارانی پۆل و وێڕای درۆکەی کە وتبووی هەموو منداڵەکانم بەشێوەیەکی یەکسان خۆش دەوێت، ئێستا ئیتر تێدی ببووە قوتابی تایبەتی ئەو.

ساڵێك دواتر ئەو یادداشتێکی لەژێر دەرگا دۆزییەوە کە لەلایەن تێدییەوە بوو. نوسیبووی هێشتا ئەو بەباشترین مامۆستای ژیانی دەزانێت.

شەش ساڵ دواتر یادداشتێکی تری بەدەست گەیشت. تێدی نوسیبووی ئامادەییم تەواو کردووە و لە پۆلەکەمدا دووەم بووە هێشتاش لای ئەو باشترین مامۆستایە. چوار ساڵ دواتر نامەیەکی تری لەلایەن تێدییەوە پێگەیشت و نوسیبووی ئەگەرچی رۆژانی سەخت بەسەر دەبات، توند خۆی نوساندووە بە وانە و قوتابخانەوە و بەزوویی بە شانازییەکی گەورەوە زانکۆ تەواو دەکات. ئەو خاتوو تامپسنی دڵنیا کردبووەوە کە هێشتا ئەو باشترین و خۆشەویسترین مامۆستایە کە بەدرێژایی ژیانی هەیبووە. چوار ساڵی تریش تێپەڕی و نامەیەکی تر گەیشت. ئەمجارەیان روونیکردبووەوە کە پاش ئەوەی ماستەرەکەی تەواو کردووە، بڕیاری داوە زیاتر بەرەو پێش بچێت.

نامەی ئەمجارە بە ناوێکی درێژتر واژۆ کرابوو: (تیۆدوراف ستیوارد– دکتۆری پزیشك).

Scanned with CamScanner

بەسەرهاتەکە هێشتا تەواو نەبووە. هەر بەهاری ئەو ساڵە نامەیەکی تر گەیشت. تێدی وتبووی دواجار کچی خەونەکانی بینیووە و بڕیار وایە بەزوویی هاوسەرگیری بکەن. ئەو وتبووی چەند ساڵێکە باوکی مردووە و ئەگەر خاتوو تامپسن رازی بێت لە مەراسیمی هاوسەرگیریدا لە شوێنێك دانیشێت کە بەزۆری بۆ دایکی زاوا تەرخان دەکرێت و بێگومان خاتوو تامپسنیش قبوڵیکرد. ئەو ئەو بازنەیەی کە زۆربەی بەرد و مرووەکانی بزر ببوون لەدەست کرد و هەمان ئەو عەترەی لەخۆیدا کە بەلای تێدەوە بیرهێنەرەوەی دایکی بوو لە دوایین ڕۆژەی کریسمسیاندا.

ئەوان یەکتریان گرتە باوەش و دکتۆر ستیوارد لە گوێی خاتوو تامپسنیدا چرپاند: (سوپاست دەکەم خاتوو تامپسن کە متمانەت بە من هەبوو. سوپاست دەکەم چونکە هەستی گرنگبوونت لە مندا هێنایە کایەوە).

خاتوو تامپسن لەکاتێکدا کە فرمێسك لە چاوەکانیدا قەتیس ببوو، وتی: (تێدی تۆ بە تەواوی لە هەڵەدایت، ئەوە تۆ بوویت کە فێرت کردم چۆن بتوانم جیاواز بم. من نەمدەزانی چۆن وانە بڵێمەوە تا ئەوەی کە تۆم بینی).

***

مامۆستایەکی گەورە تۆ بۆ مەعریفەی خۆی رێنمایی ناکات بەڵکو ئەو تۆ دەگەیەنێتە بەرزترین رادەی لێهاتوویی فێبکرێت.

(جوبران خەلیل جوبران)

# ((ناو و ئامرازی پەیوەندی))

پێش چەند ساڵێك، قوتابخانەیەك خاتوونێکی مامۆستا رادەسپێرێت و داوای لێدەکات بچێتە دیدەنیی ئەو فێرخوازانەی کە لە نەخۆشخانە گەورەکانی شار داخڵ کراون. ئەرکی ئەم خانمە مامۆستایە یارمەتیدانی فێرخوازانی داخڵکراو بوو تاوەکو لە حاڵەتی گەڕانەوە بۆ قوتابخانە لە وانەکانی خۆیان دوا نەکەون.

رۆژێکیان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا داوا لەم مامۆستایە دەکەن کە بچێتە لای فێرخوازێك کە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا خەوێنرابوو. مامۆستای ئەم کوڕە ناوی نەخۆشخانە و ژمارەی ژووری وەردەگرێت. مامۆستای ئەسڵیی فێرخوازەکەش لە پشت تەلەفۆنەوە دەڵێت: (ئێمە لە پۆلدا خەریکی خوێندنەوەی بابەتی (ناو و ئامرازی پەیوەندی)ین، ئەگەر بتوانیت بەشێوەیەك لە شێوەکان بپرژێیتە سەر وانەکانی ئەم فێرخوازە نەخۆشە تا لە فێرخوازەکانی تری ناو پۆل جێ نەمێنێت. زۆر سوپاس و مەمنونین.

خاتوونی مامۆستا هیچ ئاگاداری بارودۆخی ئەم نەخۆشە نەبوو و تاوەکو بەردەم دەرگای ژووری فێرخوازەکەش نەیدەزانی کە ئەو لە بەشی سوتاویدا خەوێنراوە. پێش چوونەناو ژووری نەخۆشەکە داوایان لێکرد دەست لە نەخۆشەکە یان

Scanned with CamScanner

جێگاکەی نەدات. تاکە کارێك کە مامۆستا ڕێگە پێدراوە ئەنجامی بدات ئەوە بوو کە لە نزیك نەخۆشەکە بوەستێت و لە پشت ماسکێکەوە قسە بکات کە ناچار بوو لە دەم و چاوی بکات. سەرەنجام خانوونی مامۆستا پاش تەواوکردنی هەموو کارەکانی شتن و ئامادەکاری و لەبەرکردنی پۆشاکە ڕێگە پێدراوەکان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و چووە ژووری نەخۆشەکە. لە سوتانە ترسناکەکانی کوڕەکەوە بەتەواوی دیار بوو کە لە ئازار و عەزابدا بەسەر دەبات. خانمی مامۆستا بە بینینی کوڕەکە سەری لێ دەشێوێت و نازانێ چی بکات و چی بڵێت. سەرەنجام بە زمانێکی تەتەڵەوە دەڵێت: (من مامۆستای وانە تایبەتەکانم. مامۆستاکەی تۆ ناردوومی تا بپرژێمە سەر وانەکانت کە ئێستا ناو و ئامرازی پەیوەندییە). بەیانی ڕۆژی دواتر کاتێك کە خانمی مامۆستا دووبارە دەچێتەوە نەخۆشخانە یەکێك لە پەرستارانی بەشی سوتاوی لێی دەپرسێت: (بزانم، چیت لەو منداڵە کردووە؟ ئێمە نیگەرانی حاڵی ئەو بووین بەڵام لە دوێنێوە کە چوویتە لای، بە تەواوی گۆڕاوە و وەڵامگۆی چارەسەرەکانمانە و لەبەرانبەر نەخۆشییەکەدا بەرەنگاری ئەکات. پێدەچێ بڕیاریدابێت بە زیندوویی بمێنێتەوە).

کوڕە نەخۆشەکە دوایی ڕوونی دەکاتەوە کە هیوای زیندوو مانەوەی بە تەواوی لەدەست دابوو و هەستی دەکرد کە بەزوویی دەمرێت، بەڵام بە بینینی مامۆستای وانە تایبەتییەکان هیوایەکی گەورەی پەیدا کرد کە بووە زەمینەی گۆڕانکارییەکانی دواتر. کوڕە مێردمناڵەکە، کوڕێك کە سوتانێکی ترسناك ببووە هۆکاری لەناوچوونی ئومێدی زیندوومانەوە بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکی شادی، ئەم بابەتەی بەمشێوەیە ڕوونکردەوە:

(ئەوان هەرگیز مامۆستای وانە تایبەتییەکانیان بۆ ڕاهێنانی ناو و ڕاهێنان نەدەنارده سەر سەرینی نەخۆشێك کە لەسەرەمەرگدایە. وانییە؟....)

Scanned with CamScanner

# بەشی سێیەم

## ژیان و بواری مەعنەوی

کاتە خۆشەکان ئەوە بوون کە لەگەڵ هاوڕێ بەسەر بران
مـــابـــاقی هەمـــوو بێ بـــەر و بێ دەنگوباس بـــوو

((حافز))

# ((وێستگەی خودا))

شەمەنەفەرێك كە بەرەو مەنزڵی خودا ئەڕۆیشت لە وێستگەی دنیا لایدا و پەیامبەر روویكردە جیهانیان و وتی: (ئێمە بەرەو مەنزڵێ خودا دەڕۆین، كە لەگەڵماندا سەفەر دەكات؟

كێیە رەنج و عەشقی بوێت؟

كێیە باوەڕ بكات كە دنیا وێستگەیەكە تەنیا بۆ تێپەڕبوون؟)

چەند سەدەیەك تێپەڕی. بەڵام لەو ژمارە زۆرەی مرۆڤەكان جگە لە كەمێكیان كەس سوار نەبوو. لە جیهانەوە بەرەو خودا هەزارەها وێستگە هەبوو. لە هەر وێستگەیەكدا كە شەمەنەفەرەكە دەوەستا، كەسێك كەم دەبووەوە. شەمەنەفەرەكە تێدەپەڕی و سوكتر دەبوو، چونكە كێش سوكی یاسای خودایە. ئەو شەمەنەفەرەی كە بەرەو مەنزڵی خودا دەچوو، گەیشتە وێستگەی بەهەشت. پەیامبەر وتی ئێرە بەهەشتە. رێبوارانی بەهەشتی دابەزن، بەڵام ئێرە دوایین وێستگە نییە. ئەو رێبوارانەی كە دابەزین بوونە بەهەشتی. بەڵام دیسان كەمێك مانەوە، شەمەنەفەرەكە دووبارە كەوتە رێ و بەهەشت جێ هێڵرا. ئەو كاتە خودا روویكردە رێبوارەكانی و وتی: سڵاو لە ئێوە، رازی من هەر ئەوە بوو. ئەوەی كە منی دەوێ لە وێستگەی بەهەشت دانابەزێ و ئەو كاتەی كە شەمەنەفەر گەیشتە وێستگەی كۆتایی ئیتر نە شەمەنەفەر هەبوو و نە رێبواریش.

Scanned with CamScanner

# ((میر و ئه‌میره))

سالآنێك له‌مه‌وبه‌ر ئه‌میره‌یه‌كی جوان له‌ وڵاتی یۆنـان ده‌ژیا. ئـه‌و نـه‌ك تـه‌نیا زۆر جولن بوو، به‌ڵكو له‌ تیرهاوێژی و راودا شاره‌زایه‌تییه‌كی زۆری هه‌بوو، هـه‌روه‌ها زۆر خێرا رایده‌كرد. له‌ وڵاته‌كه‌یدا نازناوی شازاده‌ی (پێ با)یان پێ به‌خشـیبوو. بـه‌هۆی ئه‌م تایبه‌تمه‌ندییانه‌وه‌، ژماره‌یه‌كی زۆر له‌ شازاده‌كانی سه‌رانسه‌ری دنیـا خوازیـاری شازاده‌ی جوان بوون، به‌ڵام ئه‌و بۆ هاوسه‌رگیری مه‌رجی خۆی دیاری كردبـوو. ئـه‌م مه‌رجه‌ له‌ راستیدا كلیلی هاوسه‌رگیری بوو له‌گه‌ڵیدا.

ئه‌میره‌ وتبووی هه‌ركه‌سێك بتوانێـت لـه‌ كێبڕكێـی راكردنـدا لێـی بباتـه‌وه‌ ئـه‌وا ده‌بێته‌ هاوسه‌ری ئاینده‌ی. سه‌دان جه‌نگاوه‌ری ئـازا و سـه‌دان شـازاده‌ بـۆ كێبڕكـێ چوونه‌ یۆنان، به‌ڵام كه‌س نه‌یتووانی له‌ كێبڕكێی راكردندا ئه‌میره‌ ببـه‌زێنێت. میرێك عاشـقی ئـه‌میره‌ بـوو، بـه‌ڵام نه‌یـده‌زانی چـۆن لـه‌ كێبڕكێكـه‌دا لێـی بباتـه‌وه‌. ئـه‌و بیستبووی له‌ شاردا حه‌كیمێكی دنیادیده‌ ده‌ژیـت كـه‌ زۆر دانایـه‌. ئـه‌وی بـۆ كۆشـك بانگهێشت كرد و كێشه‌كه‌ی به‌ حه‌كیم گه‌یاند و وتی: (جه‌نگاوه‌رێكی زۆر بۆ كێبڕكێ چوونه‌ته‌ یۆنان، به‌ڵام هه‌موویان به‌ دۆڕاوی گه‌ڕاونه‌تـه‌وه‌. مـن چـۆن ده‌تـووانم لێـی ببه‌مه‌وه‌؟ تۆ كه‌ حه‌كیمێكی دنیادیـده‌یت، رێگه‌چـاره‌یه‌كت بـۆ ئـه‌م گرفتـه‌ هه‌یـه‌؟) كابرای حه‌كیم وتی: (نیگه‌ران مه‌به‌، پارچـه‌ گه‌وهـه‌رێكی دره‌وشـاوه‌ و بـه‌نرخ لـه‌ناو گیرفانتدا دابنێ، كاتێك پێشبڕكێكه‌ ده‌ستپێكرد، له‌ رێگاكه‌یدا دانه‌ دانه‌ فڕێیان بده‌ سه‌ر زه‌وی، حه‌تمه‌ن ده‌یبه‌یته‌وه‌).

میر لەم قسانە سەری سوڕما، بەڵام هیچی نەوت و بەرەو یۆنان کەوتەڕێ. رۆژی کێبڕکێ هات. میر ژمارەیەکی زۆری گەوهەری لە گیرفانی نابوو. کێبڕکێ دەستپێکرد. میر بەو شێوەیەی کە حەکیم وتی، لە دوورایی جیاجیادا دانە دانە گەوهەرەکانی لەسەر زەوی دادەنان و ئەمیرەکە بەشێوەیەکی خۆنەویستانە دەوەستا تا هەڵیانگرێتەوە و هەر ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کە لە رکابەرەکەی دوا بکەوێت.

ئەمیرە تەنیا لەبەرئەوەی کە عاشقی ئاڵتون و گەوهەر بوو کێبڕکێکەی دۆڕاند. میر لەگەڵ ئەمیرەدا هاوسەرگیری کرد و لەگەڵیدا گەڕایەوە وڵات. ئەو دووبارە حەکیمی بانگهێشت کرد بۆ کۆشک و سوپاسی کرد. حەکیم وتی:

(عەشق بۆ دنیای مادی هەمیشە مرۆڤ لاواز دەکات و دەبێتە رێگر لەبەردەم ئامانجە راستەقینەکانی ژیان. شازادە ئەگەر دەتەوێ هەمیشە لە ژیاندا سەرکەوتوو بیت ئەوا دەبێ وابەستەییەکانی خۆت نەهێڵیت و خۆت بۆ خزمەتکردنی خوداوەند ئامادە بکەیت).

**((چیرۆکەکانی بەهارات))**

***

زانین قورس نییە، بەڵکو پیادەکردنی قورسە.

(ستوکینگ)

## ((دە فەرمان))

ڕۆژێکیان کابرایەکی دەوڵەمەند بە(مارك تواین)ی نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی وت: (حەز دەکەم پێش مردن وەکو سەردانکەرێك بەسەر شاخی سینا دا سەرکەوم و دە فەرمانی حەزرەتی موسا (د.خ) لە نزیکەوە بخوێنمەوە). مارك تواین لە وەڵامدا دەڵێت: (بۆچی لەماڵەوە دانانیشیت و ئەو دە فەرمانە پیادە ناکەیت؟)



Scanned with CamScanner

## ((پرسیار و وەڵام))

لێی پرسی: (تۆ کێیت؟)

وتی: (سۆراخکەر)

وتم: (سۆراخی کێ دەکەیت؟)

وتی: (خودا)

بە خۆمم وت: (نابێ سۆراخی خودا بکەم

تەنیا دەبێ بیبینم

ئەو لە هەسارە دووردەستەکان نییە

لە هەر کوێیەك بین، خودا هەر لەوێیە.

خودا لێرە، لەوێ و لە هەموو شوێنێکە

تەنیا دەبێ چاوی ناخمان بکەینەوە).

((گەوهەری ژیری، جەی پی ڤاسڤانی))



Scanned with CamScanner

# ((نـــزا))

(خودایە ڕێگایەک نابینم و ئایندە شاراوەیە.

بەڵام گرنگ نییە، هەر ئەوە بەسە.

کە تۆ هەموو شتێک دەبینی و منیش تۆ،

خودایە لەم دنیایەدا بەردەوام لە بەردەم لەناوچوون، دڵڕمان و مەرگدام

لە دڵدا دەڵێم:

(خودایە لەبەر خاتری بەندەکانت موعجیزەیەکی زۆر ئەکەیت

بۆیە وەرە هانای منیش، ئەو بەهرەیەم بەرێ کە لە تۆدا بژیم.

بەرەو پێش بچم و نەفسی بەرەڵا بکوژم

مەبادا لەبیرم بچێتەوە

تۆ پەنا و ئارامی منی

بە دەستێک داوێنی تۆ دەگرم

بە دەستەکەی تر یارمەتی دەسکورتان و بێ دەرەتانەکان دەدەم

من لە کاتەکانی تەنیایی و نیازمەندیدا جێ مەهێڵە

ئەی بە بەزەیی و بەخشندە

بمگرە خۆت)

Scanned with CamScanner

# ((قەدیس و راگوزەر))

سەردەمانێك لە قژناغی گەنجیدا لەسەر بەرزایی گردەکان چاوم بە گەنجێکی قەدیس کەوت و کاتێك دەربارەی ناوەرۆکی دوورەپەرێزی پێکەوە قسەمان کرد، راگوزەرێك بە شەلەشەل و بە ماندووییەوە هاتە لامان و کاتێك گەیشتە بێشەکە، لەبەردەم قەدیسەکە ئەژنۆی دادا و وتی: (ئەی قەدیس) من دەبێ من خۆم پاك بکەمەوە! گوناهەکانم شانیان قورس کردووم). قەدیسیش لە وەڵامدا وتی: (گوناهەکانی منیش لەسەر شانم قورس بوون). راگوزەریش وتی: (بەڵام من دز و جەردەم). قەدیسیش وتی: (منیش دز و جەردەم).

راگوزەر وتی: (بەڵام من بکوژم و تائێستا خوێنی زۆر خەڵکم رژاندووە). قەدیسیش وتی: (منیش بکوژم و خوێنی زۆر کەسم رشتووە).

راگوزەر وتی: (من تاوانێکی زۆرم ئەنجامداوە). قەدیسیش وتی: (منیش تاوانی زۆرم ئەنجام داوە). پاشان راگوزەرەکە هەڵسا و سەیرێکی قەدیسی کرد و نیگایەکی سەیر لە چاوەکانیدا هەبوو و کاتێك جێی هێشتین بە پەلە لە گردەکان چووە خوار و من رووم کردە قەدیس و وتم: "بۆچی ئەو تاوانانەت خستە ملی خۆت کە ئەنجامت نەداون؟ ئەی نابینیت ئەم پیاوە چیتر ئیمانی بە تۆ نییە؟) و قەدیس لە وەڵامدا وتی: (راستە کە ئەو چیتر ئیمانی بە من نییە، بەڵام ئەو بە پاککردنەوەیەکی تەواوی ناخی، ئێرەی جێهێشت).

لەو ساتەدا ئێمە گوێمان لە دەنگی راگوزەرەکە بوو کە لە دوورەوە گۆرانی دەوت.و دەنگدانەوەی گۆرانییەکەی دەشتی پڕ دەکرد.

((جوبران خەلیل جوبران))

# ((لەگەڵ خوا دا هەموو شتێك ئاسانە))

لەبەر خۆمە بیرم لەوە دەكردەوە كە بەدیهێنانی خەونەكانم مەحاڵە بەڵام خودا وتی: (هەموو شتێك ئاسانە). گومڕا و گێژ بووم، پێم وابوو هیچ كاتێك وەڵامێكم دەست ناكەوێت، بەڵام خودا وتی: (من هیدایەتت ئەدەم). خۆمم دۆڕاند و پێم وابوو ناتوانم، بەرگەی ناگرم، بەڵام خودا وتی: (تۆ بەرگەی هەموو شتێك دەگریت).

خەمبار بووم، هەستم دەكرد كەوتوومەتە ژێر شاخێك لە نائومێدی، بەڵام خودا وتی: (خەمەكانت بخەرە سەر شانی من). پێم وانەبوو من ئەوەندە هۆشمەند بم بەڵام خودا وتی: (من ژیریی پێویستت ئەدەمێ).

باری گوناهەكانم ئازاری دەدام، لەبەرانبەر ئەو كارانەی كە كردبووم توڕە بووم لە خۆم، بەڵام خودا وتی: (من تۆم بەخشی).

رقم لە خۆم دەبووەوە، بەڵام پێم وابوو هیچ كەسێك خۆشی ناوێم، بەڵام خودا وتی: (من تۆم خۆش دەوێت). دەگریام، چونكە تەنیا بووم، بەڵام خودا وتی: (من هەمیشە لەگەڵ تۆدام).

Scanned with CamScanner

## ((بەنرختر لە نزا))

کرێکارێك هەموو ڕۆژێك پاش تەواوکردنی کارەکەی لە کارگە، بۆ ئەنجامدانی مەراسیمی نزا لە عەسردا دەچووە پەرستگا. ڕۆژێکیان بە هۆکارێك لەکارگە گیری خوارد و نەیتووانی فریای دەستپێکی مەراسیمەکە بکەوێت. کاتێك گەیشتە ئەوێ، بینی کە کاهینی پەرستگاکە خەریکی دەرچوونە.

کرێکارەکە لێی پرسی: (ئایا مەراسیمی نزا تەواو بووە). کاهینەکە وتی: (بەڵێ مەراسیمەکە تەواو بووە). کابرای کرێکار ئاهێکی هەڵکێشا کە خەم و خەفەتی پێوە دیار بوو و وتی: (ئامادەیت خەم و خەفەتەکەت بە مەراسیمی نزای عەسر لەگەڵ مندا ئاڵوگۆڕ بکەیت؟) کرێکارەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری کرد و کاهینەکە لە درێژەی قسەکانیدا وتی: (هەر ئەو ئاخە ڕاستگۆیانە و سادەیەی تۆ بەنرخترە لە هەموو ئەو نزایانەی کە من لە هەموو تەمەنمدا ئەنجامم داون).

***

Scanned with CamScanner

للی ئەمـەنمان گولی دەرفـەتی دا و ڕۆیشت سـەر
ئاـەر بـۆ ئـەو کەسـەی هیمـەتی کـرد لێیکـردەوە
ڕۆیشت.

## ((لە دەرفەت تێبگە))

مێردمناڵێك بوو كە هەموو ڕۆژێك سەر لە بەیانی دەچووە دیدەنی مامۆستا و بە تامەزرۆیی و دڵسۆزییەوە سوودی لە قسەكانی وەردەگرت. ڕۆژێكیان مامۆستا بە مێردمناڵەكەی وت: (چ شتێك هەموو ڕۆژێك سەر لە بەیانی ئەتگەیەنێتە ئێرە. لەكاتێكدا كە ئەوانیتر لەناو پێخەفی خۆیاندا خەوتوون؟ تۆ زۆر مناڵیت، بۆچی خەو لە خۆت حەرام دەكەیت؟)

مێردمناڵەكە لە وەڵامدا وتی: (قوربان ڕۆژێكیان دایكم داوای لێكردم پارچە دار بخەمە ناو ئاگرەوە. كاتێك ئەم كارەم كرد بۆم دەركەوت كە دارە بچوك و ناسكەكان زووتر لە دارە پیر و ئەستوورەكان دەسوتێن. ئەو كاتە لەبەر خۆمەوە وتم: (ڕاستە من مێردمناڵێكم، بەڵام كێ چوزانێت مەرگ زووتر لەوانیتر نایەتە سۆراخم كە مناڵترم. كەواتە نابێت تەمەنم لە خەودا بەسەر ببەم و دەبێ تەنانەت لە مێردمناڵیشدا بێدار بم، قوربان ئەم بیروباوەڕە وام لێدەكات هەموو ڕۆژێك بەیانی زوو بێمە لات).

Scanned with CamScanner

نـزا خوداوەنـد ناگۆڕێـت بـەڵام ئـەو کەسـە
دەگۆڕێت کە نزاکە دەکات.

(سوزان کێرکیگارد)

## ((گەیشتن بە خودا))

موریدێك لە مورشیدەکەی پرسی: (بۆ گەیشـتن بـە خـودا ئـەتووانم چـی بکـەم؟) مورشید بەم پرسیارە وەڵامی دایەوە: (بۆ هـەڵاتن و بەرزبوونـەوەی خـۆر ئـەتوانیت چی بکەیت؟)

مورید بە نارەحەتییەوە وتـی: (ئـەی ئـەو هـەموو نزایـە چییە کـە فێـری ئێمـەی دەکـەیت؟) مورشـید لـە وەڵامـدا دەڵێـت: (بـۆ بەدەسـتهێنانی دڵنیـایی لـەوەی کـە لەکاتی هەڵاتنی خۆر و بەرزبوونەوەیدا، بێداریت).



نیگەرانی و شڵەژانەکانی ئێمە سەرچاوە گرتووی غافڵان و بێ ئاگاییمانە لە هێزی بێ پایان.

## (( وەکو منالّ ))

ژنێکی نەوەد ساڵەم دەناسی کە هەرگیز لە هیچ نارەحەت نەدەبوو. هیچ کاتێك تورە نەبوو. بەردەوام ئارام و چالاك بوو، وەکو ئاوە سازگارەکان وابوو. هەمیشە لە ئارامییەکی خوداییدا دەژیا. لەگەلّ هەمووان و هەموو شتێك و تەنانەت خۆیدا ئارام بوو. لێیان پرسی چۆن دەتوانیت لە هەموو هەلومەرجێکدا خەیاڵت ئاسودە بێت. ژنەکە لە وەڵامدا وتی: من هەموو شەوێك دەبمەوە منالّ و پێش خەوتن دەچمە گۆشەیەکی ئارام. لە خامۆشیدا بیر لە خودا دەکەمەوە. هەموو نیگەرانییەکان، ژاوەژاوەکان و پرسەکانی رۆژ یەك لەدوای یەك بە خودا دەسپێرم. ئەگەر لەو کارەکەی کە کردوومە یان لەو قسەیەی کە کردوومە هەست بە گوناه بکەم، ئەگەر کەسێکم رەنجاندبێت، ئەمانە لە بێدەنگیدا بە خودا دەلّێم و داوای بەخشینی لێ دەکەم و بەخشینەکەی ئەو قبولّ دەکەم. ئەگەر نیگەرانی شتێك بم ئەوا بە خودای دەسپێرم و وێڵی دەکەم. ئەگەر هەست بە تەنیایی بکەم یان وێنای ئەوە بکەم کە کەسێك خۆشی ناوێم هەمووی بە خودا ئەلّێم و ئەو کاتە خودا دەمگرێتە ئامێزی پڕ سۆزی. هەمیشە کاتێك کە بەمشێوەیە هەموو شتێك وێلّ دەکەم و بەخودای دەسپێرم، ئارامییەکی مەزن بەدەست دێنم و هەموو فشارەکان، ژاوەژاوەکان و تورەییەکانم لەناو دەچن.

((جەی پی ڤاسڤانی))

# ((بەدەستهێنانی رەزامەندی خودا))

قوتابییەك لەبارەی باشترین رێگای بەدەستهێنانی رەزامەندیی خودا پرسیاری لە مامۆستاکەی کرد. مامۆستا وتی: ( برۆ بۆ گۆڕستان و قسە بە مردووەکان بڵێ). قوتابییەکە فەرمانی مامۆستاکەی جێبەجێ کرد و گەڕایەوە لای ئەو. مامۆستا وتی: (وەڵامیان نەدایەوە؟)

قوتابی وتی: (نا).

(کەواتە برۆ ستایشیان بکە).

قوتابییەکە بە قسەی کرد و هەمان رۆژ عەسرەکەی گەڕایەوە لای مامۆستا. مامۆستاکە جارێکی تر لێی پرسییەوە (مردووەکان وەڵامیان دایەوە؟)

وتی: (نا).

مامۆستا وتی: (بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندیی خوداش هەر ئاوا رەفتار بکە. نە گوێ بدە ستایشەکانی خەڵك و نە باکت بە قسە سوك و گاڵتەپێکردنەکانیان هەبێ. بەمشێوەیە دەتووانی رێگەی خۆت بگریتە بەر).

Scanned with CamScanner

ئایا تۆ سوپاسگوزاریت؟

((٨٠-ئەنبیا))

# ((خودایە سوپاس))

ڕۆژێکیان پیاوێك خەوێکی سەیری بینی. لە خەویدا بینی کە چووەتە لای فریشتەکان و دەڕوانێتە کارەکانیان. لەکاتی چوونە ژوورەوە کۆمەڵێکی گەورەی فریشتەکانی بینی کە سەرسەختانە خەریکی ئیشن و خێراخێرا ئەو نامانە دەکەنەوە کە لەلایەن نامەبەرەکانەوە دەگەنە زەوی و دەیانخەنە ناو سنوقەکانەوە. پیاوەکە لە فریشتەیەکی پرسی: (ئەوە تۆ چی دەکەیت؟)

فریشتەکە لەکاتێکدا کە خەریکی کردنەوەی نامەیەك بوو، وتی: (ئێرە بەشی وەرگرتنە و ئێمە نزا و داواکانی خەڵك لە خودا وەردەگرینەوە).

پیاوەکە کەمێك چووە پێشەوە. دیسان کۆمەڵێکی گەورەی فریشتەکانی بینی کە کاغەز دەخەنە ناو زەرف و لەلایەن نامەبەرەکانەوە دەینێرن بۆ زەوی.

پیاوەکە پرسی: (ئێوە چی دەکەن؟)

یەکێك لە فریشتەکان بەپەلە وتی: (ئێرە بەشی ناردنە. ئێمە لوتف و بەزەیی خودلوەند بۆ بەندەکان دەنێرینە سەر زەوی).

پیاوەکە کەمێك چووە پێشتر و فریشتەیەکی بینی کە بێکار دانیشتووە. پیاوەکە بە سەرسوڕمانەوە لە فریشتەکەی پرسی: (تۆ لێرە چی دەکەیت و بۆچی بێکاریت؟) فریشتەکە لە وەڵامدا وتی: (ئێرە بەشی پشتڕاستکردنی وەڵامە.

Scanned with CamScanner

ئەو خەڵکەی کە نزاکانیان وەڵام دراوەتەوە دەبێ وەڵام بنێرن بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم وەڵام دەدەنەوە).

پیاوەکە لە فریشتەکەی پرسی: (خەڵکی چۆن دەتووانن وەڵام بنێرن؟ فریشتەکە لە وەڵامدا وتی:

–(زۆر ئاسانە، تەنیا ئەوە بەسە کە بڵێن: (خودایە شوکر).

((نیشانەی لێهاتوویی عەشق))

***

Scanned with CamScanner

بشنێ ئەی بای ساردی زستان چونکە تۆ لە سپڵەیی مرۆڤ نامیهرەبانتر نیت.

(ویلیام شەیکسپیەر)

# ((سوپاسگوزاری))

ئەمڕۆ سوپاسی خودا دەکەم کە:
دەتووانم ئەمانە ببینم
-پەلکە زێڕینە
-بارینی بەفر
-خۆری ئاڵتونی
-خۆرئاوابوون
دەتووانم بۆنی ئەمانە بکەم
-ماسی تازە
-لیمۆی تازە
- گیای تازە درووێنە کراو
-گوڵی جوان
دەتووانم ئەمانە ببیستم
-دەنگی باڵندەکان
-دەنگی زەنگی تەلەفۆن

Scanned with CamScanner

-دەنگی دەربڕینەکانی نەوەکەم

دەتووانم تامی ئەمانە بکەم

-تونی خۆراک

-پەتاتەی برژاو و ماستی شل

-تامی پرتەقاڵی تازە قاشکراو

-چای بۆنداری ئامادە

ئەمڕۆکـە مـن سوپاسـگوزارم لەبەرانبـەر هـەبوونی چـاو، گـوێ، لـوت، هێـزی هەستکردن و زمان، ڕێگاکانی زانینی باشییەکانی جیهان و لوتفەکانی خواوەند.

ئەمڕۆکـە مـن سوپاسـگوزارم بـۆ هـەبوونی خێـزان و هاوڕێیـان، چـارەنووس و نیشتمان. ئەمڕۆکە من،بۆ هەموو شتێك سوپاسگوزارم.

**((نیل گالاگەر))**

# (( کلیلی ئاڵتونی ))

بەندەیەك داوای لە وێنەکێشێك کرد کە وێنەیەکی مەرگی بۆ بکێشێت تاوەکو بە دیواری ماڵەکەیدا هەڵیواسێت. وێنەکێشەکە وێنەیەکی بۆ هێنا کە تیایدا مەرگ وەکو هەمیشە داسێکی گەورەی بە دەستەوە بوو.

بەندەکە لە وێنەکێشەکەی پرسی: (بۆچی مەرگت لە بارێکدا وێنە کردووە کە داسێکی گەورەی لەدەستدا هەڵگرتووە ؟)

وێنەکێشەکە وتی: (چونکە مەرگ زیندووەکان دەکوژێت. مەرگ واتە لەناوبردنی ژیان!)

بەندەکە وتی: (بەڵێ راستە مەرگ جەستەی فیزیکی لەناو دەبات، بەلام ئایا ئەوە راست نییە کە مەرگ دەرگا ئاسمانییەکان بەرانبەر گیان دەکاتەوە ؟) (مەرگ دەرگایەکە بەرەو ژیانێکی دەوڵەمەندتر، بە بەرهەمتر، شەریفتر و جوانتر و درەوشاوەتر. داسەکە بسڕەوە و لەبری ئەمە وێنەی کلیلێکی ئاڵتونی بکێشە! من مەرگ بەو جۆرە دەبینم).

# بەشی چوارەم

## سەرکەوتن

کۆمەڵێک هەمیشە خەونی سەرکەوتن لە خەویاندا دەبینن، بەڵام کۆمەڵێک هەن بێدارن و بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن هەوڵ ئەدەن.

Scanned with CamScanner

ئەگەر دەتەوێ پاش ڕۆیشتن بە خێرایی فەرامۆش نەکرێیتیان شتێك بنووسە کە بەهای خوێندنەوەی هەبێ یان کارێك بکە کە بەهای نووسینی هەیە.

(بێنجامین فرانکلین)

# ((دەستپێکی کۆتاییەك))

لەکاتی تێپەڕین لە بیابانی (موجارە) زۆربەی کات ڕووبەڕووی شارە خەیاڵ ووروژێنەرەکان دەبینەوە. ئەو شارانەی کە لە رابردوودا لە نزیك کانەکانی ئالتون دروست کراون. بەلام پاش دەرهێنانی هەموو زەخیرەکانیان لە ژێر زەوی، جێ هێلراون. ئەم شارانە ئەرکەکانیان ئەنجام داوە و ئیتر درێژەدانیان بە چالاکییەکانیان هیچ مانایەکی نەبووە. هەروەها لەکاتی پەڕینەوە لە دارستانەکان، درەختەکان دەبینم کە پاش ئەنجامدانی ئەرك، کۆتاییان هاتووە و کەوتوونەتە سەر زەوی. بەلام جیاواز لەو شارە خەیالیانە، ئەی چی ڕوویدا؟ درەخت بە کەوتنی بۆ سەر زەوی فەزایەکی گونجاو بۆ تێپەڕینی ڕووناکی خۆر دێنێتە کایەوە و زەوی ژێر هەتاو بەپیت دەبێت و قەدی کەوتووی درەختیش بە گیا دادەپۆشرێت. قۆناغی بەتەمەنیی ئێمەش پەیوەستە بە شێوازی ژیانمان، ئێمەش دەتوانین وەکو شارێکی جێهێلراو بگەینە کۆتایی ڕێگا و یان وەکو درەختێکی بەخشندە کە پاش کەوتنی بۆ سەر زەوی هێشتا بەسوود و کاریگەر دەمێنێتەوە، سەرچاوەی چاکە بین.

((پاولۆ کۆیلۆ))

باڵنده له ئاسمان وه‌كو مرۆڤه له‌سه‌ر زه‌وی
به‌ڵام باڵنده ده‌فرێت و مرۆڤ به‌رزه‌ فره‌.

# ((فـــــڕین))

له كۆندا له یه‌كێك له كتێبه‌كانی سه‌ره‌تاییدا چیرۆكێك هه‌یه‌ به‌ناوی (فـڕین) كـه زۆر په‌ندئامێزه. رۆژێكیان عه‌لی و خوشكه‌كه‌ی به دیقه‌ته‌وه ده‌یانڕوانییـه ئاسمـان، ئـه‌وان پۆلێـك كۆتریـان لـه حاڵـه‌تی فڕینـدا بـینی، عـه‌لی وتـی: (هـیچ بـیرت لـه‌وه كردووه‌ته‌وه كه هه‌رچییه‌ك بفڕێت باڵی هه‌یه؟)

ئازاده وتـی: (بـه‌ڵێ، هـه‌ر له‌بـه‌ر ئه‌وه‌یه كـه باڵنـده‌كان باڵیـان لـه قاچـه‌كانیان به‌هێزتره. مـن بیسـتوومه باڵنـده‌كانی وه‌كـو بـاز و هـه‌ڵۆ لـه‌كاتی فڕینـدا ده‌ڕواننـه خـواره‌وه و هـه‌ر كـه جوجه‌ڵـه یـان باڵنده‌یـه‌كی بچـوكیان بـینی ده‌سـتبه‌جێ راوی ده‌كه‌ن. به راست تۆ زل به‌قونه‌ت بینیووه كه باڵی ناسك و ته‌نكی هه‌یـه. بینیوتـه كه به‌و ناسكییه‌شه‌وه چه‌نێك خێرا ده‌فڕێت؟)

عه‌لی وتی: (راسته! باڵه‌كانی زل به‌قونه زۆر ناسكن، بازدانی زل به‌قونـه به‌سـه‌ر رووباردا سه‌رنجڕاكێشه. به‌ڵام به بۆچوونی من باڵی هیچ باڵنده‌یـه‌ك ناگاتـه جـوانیی باڵه‌كانی په‌پوله، هه‌م ره‌نگاوڕه‌نگ و هه‌م جوانه). ئازاده وتی: (خۆزگه خودا باڵ و په‌ڕی ده‌دایه منیش تا له ئاسماندا بفڕم).

عه‌لی وتی: (خودا باڵ و پـه‌ڕی داوه‌تـه ئێمـه! بـاڵ و پـه‌ڕی ئێمـه بیركردنـه‌وه‌ی ئێمه‌یه! ئه‌وانیتریش كه وه‌كو تۆ ئاواتیان فـڕین بـوو، بیریـان كـرده‌وه و فڕۆكـه‌یان داهێنا).

Scanned with CamScanner

نەخۆشی و سەلامەتی، نەگبەتی و خۆشبەختی،
هەژاری و دەوڵەمەندی دروستکردنی هۆشی ئێمەن.
((ئێدمۆند سپنسەر))

## ((موعجیزەی هێزی بیرکردنەوە))

لە ئەزموونێکی پزیشکیی گرنگدا، کۆمەڵێك لە نەخۆشی توشبوو بە برینی گەدە کە خوێنبەربوونیان هەبوو، بەشدار بوون. سەرەتا نەخۆشەکانیان بۆ دوو پۆل دابەش کرد. دەرمانێکیان دایە پۆلی یەکەم و پێیان وتن ئەم دەرمانە تازە دۆزراوەتەوە کە چارەسەری یەکجاریی نەخۆشیی برینی گەدەیە. بە پۆلی دووەمیان وت ئەمە دەرمانێکی تازەیە کە کاریگەرییەکانی تاووتوێ نەکراوە.

لە ٧٠٪ی نەخۆشەکانی گروپی یەکەم و ٢٥٪ی نەخۆشەکانی گروپی دووەم کاریگەریی بەرچاو دەرکەوت. سەیر ئەوەیە کە هەمان دەرمان درابووە هەردوو گروپەکە کە لەخۆگری هیچ چارەسەرێکی دەرمانی نەبوو. کاریگەریی دەرمانەکە تەنیا پەیوەست بوو بە باوەڕی نەخۆشەکان.

ئیمان شتێك نییە جگە لە حاڵەتێکی رۆحی. جۆرێکە لە وێنای دەروونی کە رەفتارەکانی مرۆڤ بەڕێوە دەبەن. دەشێ ئیمان وزەبەخش بێت، بۆ نموونە ئیمان بەوەی کە حەتمەن سەرکەوتوو دەبین و دەگەینە خواستەکانی خۆمان. هەروەها دەشێ سستکەر بێت، بۆ نموونە باوەڕ بەوەی کە ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدەین ئەنجامی نییە، یان لاوازیمان هۆکارە، یان کارێکی زۆر پڕگرفتە و هیتر.

ئەگەر باوەڕت بە سەرکەوتن هەبێ، هێزی گەیشتن پێی لە تۆدا دروست دەبێت و ئەگەر باوەڕت بە شکست هەبێت، ئەو دەرەنجامە ئەقڵییانە بە شکستت دەگەیەنن.

((ئەنتۆنی رۆبنز))

ئێمە بریتین لە بیرکردنەوەمان

(بودا)

## ((هێنانەبەرچاوی ئەفرێنەرانە))

ڕۆژێکیان شازادەیەکی قەمبور کە نەیدەتوانی ڕێك بوەستێت داوای لە شارەزاترین پەیکەرتاشی وڵاتەکەی کرد کە پەیکەری بۆ دروست بکات. پەیکەرێکی کتومت وەکو خۆی جگە لەوەی کە پەیکەرەکە پشتێکی ڕێکی هەبێت. ئەو کاتە شازادەکە بە پەیکەرتاشەکەی وت: (دەمەوێ خۆم بە شێوەیەك ببینم کە بمەوێ خاوەنی بم!)

ڕۆژان و هەفتە و مانگ و ساڵ تێپەڕین. ئەو کاتە لەپڕ دەنگۆیەکی سەیر لەسەرانسەری وڵات بڵاو بووەوە: (پشتی شازادە چیتر قەمبور نییە. هەنوکە سیمای گەنجێکی سەرفرازی هەیە. ئەو ساتەی کە دەنگۆکە گەیشتە گوێی شازادە، بە بزەیەکی سەرسوڕمانەوە بەرەو باخ و ئەو شوێنە چوو کە پەیکەرەکەی لێ جێگیر کرابوو.

بەڵێ ڕاست بوو! پشتی ڕێك و سەری فراز بوو، هەنوکە هەر ئەو سیمایە ساغ و سەلامەتەی هەبوو کە بە درێژایی ساڵانێك دەیهێنایە بەرچاو.

وێناکردن هێزێکە کە بیرۆکەکان بەشێوەیەکی تازە و جیاواز کۆ دەکاتەوە و وەها توند دەنوسێت بەم وێنا زیهنییە تازانەوە کە بەشێوەیەکی کرداری لە تەنێکدا بەرجەستە دەبن. یەکێك لە هاوڕێکانم دەڵێت: (ئەگەر بتوانیت وێنای زیهنی یان ئایدیاڵی لە زیهنتدا ڕابگریت، ئەوا دەتوانیت بەدی بێنیت).

Scanned with CamScanner

کاتێک وێناکردن بەشێوەیەکی هەڵسەنگێنراو ئایدیاڵە دیاریکراو و ڕوونەکان بەرجەستە بکات، ئەم ئایدیاڵانە دەتوانن بەشێوەی بەرهەمی ڕێک و پێک و بەرجەستە لە ئاگایی و کاروباری مرۆییدا پێکبێنن و فراوان ببن و مرۆڤیش بەبێ وچان بە گوێرەی چوارچێوەی خەیاڵ و وێناکە ئەزموونی بەرهەمەکەی بکات.

((کاترین پاندەر))

## ((وێنایەکی ئاگایانە لەبارەی خود))

ئەو بڕەی ئەفراندن کە دەیخەینە کار پەیوەندی زۆری هەیە بە خۆ وێناکردن و شێوازی بۆچوونمان لەبارەی خۆمانەوە وەکو کەسێکی ئەفرێنەر.

هەر منداڵێك لەکاتی لەدایکبووندا بڕێکی بەرچاوی توانای ئەفراندنی هەیە. لەو توێژینەوانەدا کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون، دەرکەوتووە کە ٩٥٪ی منداڵان لەنێوان تەمەنی ٢ تا ٤ ساڵیدا توانای ئەفراندنی زیادەیان هەیە، بەو مانایەی کە هێزی وێناکردن، داهێنەرێتی و زیرەکییەکی زۆریان هەیە و لێهاتوویەکی فراوانیان هەیە بۆ بەلگاندنی ئەبستراکت و خولقاندنی وێنە زیهنی و خەیاڵییەکان. هەر لەو توێژینەوەیەدا کە لەبارەی منداڵانی تەمەنی ٧ ساڵی ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە ئەفراندنیان بۆ ٤٪ کەم بووەتەوە، چونکە ئەفرێنەرێتی ئەو منداڵانە بەشێوەیەکی بەردەوام سەرکوت کراوە و ڕێگریان لێکراوە لەوەی کە هێزی خەیاڵکردنی خۆیان بخەنەکار. بەردەوام پێیان وتراوە:

(گەمژەی بێ شعور! دەستی لێ مەدە! ئەوە مەکە!) و بەمشێوەیە منداڵان لە ئاگایی نیوەهۆشیاری خۆیاندا وایانزانیووە کە نابێت پێ لە پەڕەی خۆیان تێپەڕێنن. نابێ ئەو شتانە دەست لێبدەن، سەیر بکەن، بۆن بکەن یان تام بکەن، کە بابە و دایە حەز ناکەن.

# ((باوەڕ بکەن...))

باوەڕ بکەن، هێزی مرۆڤ بێ سنوورە.

باوەڕ بکەن، هیچ کارێك لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤدا نییە.

باوەڕ بکەن، کە لە عەشق دروست بوون، کەواتە عەشق دروست بکەن.

باوەڕ بکەن، خودا هیچ کاتێك لە بەندەکانی نائومێد نابێت، بەڵام بەندەکان بۆچی لەو نائومێد دەبن!

باوەڕ بکەن، شایستەی بوونن.

باوەڕ بکەن کە هەنوکە گرنگترین ساتەوەختە.

باوەڕ بکەن کە رۆحی ئێوە هێزی سەرکەوتنی بەرەو ئەودیو هەیە.

باوەڕ بکەن کە ئێوەش دەتووانن.

و لەناخی دڵەوە باوەڕ بە هەموو باوەڕەکانی خۆتان بکەن.

تا ژیان، باوەڕتان پێ بکات.



ئەگەر بنوسین بەو دەرفەتانەی کە دێنە بەردەم
چەندین قات زیاد دەکەن و ئەگەر پشتگوێیان بخەن
ئەوا لەناو دەچن.

(زیگ زیگلار)

# ( (فراوانیی رەها) )

من سەروەختێك کە بێبازاڕی لەئارادابوو، قۆناغی منالّیی خۆم لە شارۆچکەیەدا بەسەر برد. ژیانم ئەوەندە سەرەتایی بوو کە بە بەراورد بە پێوەرەکانی ئێستا دەکرێ بوترێك جۆرێك لە ژیانی پێش مێژوویی بوو.

لە دوکانێکی وردەفرۆشیدا کارم دەکرد، مەلاس (جۆرێك لە شەربەتی شیرین و خەست)مان دەفرۆشت. مەلاسمان دەخستە ناو بۆشکەیەکی دار و بە دەبەی یەك لتری دەماندایە کڕیار. لەو رۆژگارەدا هەموو کەسێك توانای کڕینی شیرینی و نوقڵی نەبوو. کوڕێکی بچوك کە ئارەزوومەندی شیرینی و لە لایەنگرانی بێ وێنەی مەلاس بوو، بەردەوام دەهاتە دوکانەکە.

دەستبەجێ دەچووە سەر بۆشکەی مەلاس، سەرەکەی لەسەر لا دەبرد، پەنجەی دەخستە ناو مەلاسەکە و دەیلستەوە. ئەم کارەش حوکمی خواردنی شیرینی لەسەر بوو. چەندەها جار خاوەن دوکانەکە هۆشداری پێدابوو کە ئەمە نەکات. رۆژێکیان خاوەن دوکانەکە لەکاتی لستنەوەی پەنجەدا کوڕەکەی گرت و بە توڕەییەوە بەرزی کردەوە و خستیە ناو بۆشکەکەوە.

کوڕەکە لەکاتێکدا کە لەناو بۆشکەی مەلاسەکەدا ڕۆدەچوو هاواری کرد: (خوایە زمانێکم بدەیە تا سوود لەم دەرفەتە وەرگرم!)

چیرۆکی مەلاس، جۆرێکە لە گاڵتە، بەڵام گاڵتە ناکەم و تەنانەت دەڵێم ئەم دەرفەتانە بەزۆری بۆ ئەو کەسانە دێنە پێش کە بەداخەوە ئامادەیی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانەیان نییە. ئامۆژگاری و باوەڕی من ئەوەیە کە ئەگەر ئامادەین سوود لەم دەرفەتانە وەربگرین، ئەوا دەرفەتەکان هەمیشە لەبەردەممانن.

((زیگ زیگلار))

***

بە شکستهێنان ناگەیتە کۆتایی کاتێک دەگەیتە کۆتایی کە مل نەدەیت.

## (( لەدایکبوون بۆ سەرکەوتن ))

چەندەها جار لەخۆمم پرسیووە بۆچی هەندێکمان لە ژیاندا مەحکومین بە شکست هاوشان لەگەڵ نارەحەتی و ئازاری بەردەوام؟

کاتێك بە رێکەوت کارتێکم دەرهێنان لە وێنەی پشت کارتەکە سەرم سوڕما. لە شەقامێکدا کە بە ترۆپکی گردێك کۆتایی دەهات، چوار کەس خەریکی راکردن بوون. وەك بڵێی پێشبڕکێی راکردن یان شتێکی لەو بابەتەیە. لە رواڵەتدا هێڵی کۆتایی پێشبڕکێکەش ئەو ترۆپکە بوو. بەڵام لە شوێنی هێڵی کۆتاییدا چوار جامی ئاڵتونی وەکو یەك هەبوون و ئەمەش بەو مانایە بوو کە دواجار هەر چوار کەسەکە جامێکیان بەر دەکەوت. بە سەرسوڕمانەوە کارتەکەم وەرگێڕا و دیوەکەی ترم خوێندەوە. تێکستەکە بەمشێوەیە بوو: (ئێمەی مرۆڤ بۆ بردنەوە لەدایك بووین).

لە راستیدا چارەنووسی یەك بە یەکی ئێمە بردنەوەیە. بۆ یەك لەدوای یەکی ئێمە جامێکی تایبەت و جودا لەبەرچاو گیراوە. ئەوەی کە بۆ هەر تاکەکەسێك گرنگە ئەوەیە کە تەکانێك بداتە خۆی و خۆی بگەیەنێتە جامە تایبەتییەکەی.

کاتێك لە گۆڕەپانی پێشبڕکێی ژیاندا تاکە رکابەری پێشبڕکێی خۆمان بین و یەك بە یەکی ئێمە بۆ بردنەوە خولقابین، ئیتر شکست چ مانایەکی هەیە؟!

ئەوەی کە بردنەوەی حەتمیمان دوا دەخات، وەستانە ناوبەناو و دووبارە و بێ هۆکانی ئێمەیە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا.

کاتێك دووباره کارتەکەم وەرگێڕا و لە پشتی کارتەکە ورد بوومەوە، ئەو چوار کەسەی کە خەریکی پێشبڕکێ بوون لەبری ئەوەی کە زیاتر لە فکری یەکتری و پێشکەوتنەوە بن، لە جامەکانی خۆیان ورد دەبوونەوە. ڕاڕەوەی پێشبڕکێش ئەوەندە هەموار دیار نەبوو و جۆرە ها دڕك و بەرد لەبەردەم هەریەك لەو چوار کەسەدا هەبوو. بەڵام گرنگ ئەوە بوو کە هەر چوار کەسەکە بە سەرسەختییەکی تەواوەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە کۆسپەکانی بەردەمیان ڕەت دەبن و خۆیان بگەیەننە جامە تایبەتییەکانیان. هەمیشە شتێك لەناو ناخمەوە دەیگوت: هەموو شتێکی یاریی بردنەوە و دۆڕان هەڵەیە. بەڵام لەبەرئەوەی خەڵکی دەوروبەرم بەردەوام لە شکست دەمترسێنن و شیرینی دنیای سەرکەوتنم لێ دوور دەخەنەوە، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ئەم یارییە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە و لە بنەڕەتەوە شتێك نییە بەناوی شکست. هەرچی هەیە تەنیا سەرکەوتنە.

درەنگ و زووی هەیە بەڵام سووتانی تیا نییە. چونکە هەریەك لە ئێمە جامی ئاڵتونیی تایبەت بەخۆی و تەنیا بۆ خۆی لە کۆتایی سەفەرەکە هەیە و ئەمەی کە تەنیا چەند کەسێك لە پێشبڕکێ دەیبینەوە و ئەوانیتر شکست دێنن، ئەمە تەنیا قسەی خەڵکی سەر زەوییە و خەیاڵخوازەکانە و لە دنیای واقعیدا شتێکی وەها نییە. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ بۆ سەرکەوتن دروست بووین. هەر ئەمەی کە تاوەکو ئێرە کەسێك ئێمەی بە زیندوویی هێشتووەتەوە و دیسان دەیەوێ بەرەو پێشمان ببات، پیشاندەری ئەوەیە کە دەبێ هەستم و بەرەو پێشەوە ببەم. شوێنێك کە زۆر بەرزە. ئەزانیت هەموو ئەو کەسانەی کە ئەوانیتر بە سوك دەبینن لە ڕاستیدا هەوڵ دەدەن سوکی و نزمی خۆیان داپۆشن و تۆمەت و سەرکوتکارییەکانیان تەنیا ئەو کاتە ئەنجامی دەبێ کە گوێگرێکیان هەبێ. واتە کەسی بەرانبەریان ئەم سوککردنە قبوڵ بکات و ملی بۆ بدات.

Scanned with CamScanner

شکست واتە ئەمە!!!

واتە قبولکردنی بێ کەلکبوون. هەوڵدان و هەرگیز نەگەیشتن بە سەرکەوتن! بە دەربڕینێکی تر واتە قبولکردنی بێ کەلکبوونی هەنگاونان و سەرەنجام وەستان!

لە وێنەی کارت سیحرییەکەدا یەکێك لە مرۆڤەکان وەستابوو. بەڵام یەکێکی تر بەشێوەی چوار دەست و پێ بەرەو پێشەوە دەچوو. لەوانەیە هەمووان وایدابنێن ئەوەی کە بە شێوەی چوار دەست و پێ دەڕوات لە هەمووان شکستخواردووترە. بەڵام کاتێك باش بڕوانین ئەوا دەبینین کە ئەو وەستاوە و لە هەمووان زیاتر شایستەی ناونیشانی شکستە.

من بە سەرسوڕمانەوە لە وێنەی کارتەکە ورد دەبمەوە. یەکێك لە کەسەکان چوار دەست و پێ بەرەو پێش دەچوو و یەکێکیش وەك بڵێی خۆی نازانێت بۆ، وەستاوە. مەسەلەکە لێرەدا ئەوە بوو کە مەودای ئەو کەسەی کە چوار دەست و پێ دەڕۆیشت بەرانبەر بە جامە ئاڵتونییەکەی زۆر کەمتر بوو لەوانیتر! ئەو لە هەمووان لەپێشتر دەگەیشتە جامەکە. تەنیا لەبەر ئەو هۆکارە بچوکەی کە هەر هەنگاوی دەنا و دەستی لە هەوڵدان هەڵنەگرتبوو.

ئەو کەسە شکستێ هێناوە کە دەوەستێت و بەرگەی ئازاری بیستن و تۆمەت بەشینەوەی ئەوانیتر قبولْ دەکات. بەڵام هەنگاوێك بەرەو پێشەوە هەڵناگرێت تاوەکو ببینێ کە چارەنووسی حەتمی ئەو سەرکەوتنە و مرۆڤەکان تەنیا بۆ سەرکەوتن دروستبوون.

ئەگەر لە ئاستی تواناکانی خۆماندا دەربکەوین،
سەرمان دەسوڕمێت.

لەدیسۆن

# (( باڵندە ماسیخۆرەکان ))

پێش چەند ساڵێک کاربەدەستانی شارەوانیی (سادیگۆ) رووبەڕووی کێشەیەک بوونەوە کە ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی کردبوون. کێشەکە ئەوە بوو کە باڵندە ماسیخۆرەکان لە کەناراوەکانی ئەو شارەدا لە زۆربەی برسێتیدا رووبەڕووی مەرگ دەبوونەوە و دەبووایە چارەیەکیان بۆ بدۆزرایەتەوە. بۆ تاووتوێکردنی هۆکارەکانی مردنی ئەم باڵندە دەریاییانە هەوڵێکی زۆر لەلایەن بەرپرسانی ژینگە و کاربەدەستانی تری پەیوەندیدار خرایە گەڕ.

بچوکترین نیشانەی دەرکەوتن یان بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەست نەکەوتبوو. توێژینەوەکانی تریش بە مەبەستی دۆزینەوەی هۆکارەکانی تر هیچ ئەنجامێکیان نەبوو و رازی مردنی ئەم گیانلەبەرانە تەمومژاوی بوو.

تا ئەوەی کە سەرەنجام بڕیار دەدەن تاووتوێکردنی هۆکارەکانی ئەم رووداوە بخەنە ناو پێشبڕکێوە و خەڵاتێکی سەنگین بۆ دۆزینەوەی لەبەرچاو بگرن. ئەم کارە زۆر کاریگەر بوو و بابەتەکە لەلایەن یەکێک لە توێژەرانەوە ئاشکرا دەکرێت. براوەی پێشبڕکێکە پاش توێژینەوەی بەرفراوان بۆی دەردەکەوێت کە پێدەچێ پێش ساڵانێک ئەم باڵندە ماسیخۆرانە لە کەنارەکانی دەریادا خۆراکیان دەست کەوتبێت و بەبێ هیچ هەوڵ و زەحمەتێک سکی خۆیان تێر کردووە! باڵندە

ماسیخۆرەکان لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی ئەم کردارە، راهاتبوون لەسەر ئەوەی کە خۆراکی خۆیان لە کەناراو، بە ئامادەیی دەست بکەوێت و چیتر زەحمەتی ئەوەیان بە خۆیان نەدەدا کە هەوڵ بدەن و لە دەریادا راو بکەن. کەسیش لە زمانیان تێنەدەگەیشت کە پێیان بڵێت دەبێ باڵندەیەکی ماسیخۆر بۆ خواردن لە ئاودا بگەڕێت و بە بەدەستهێنانی شارەزایەتی لە هونەری ماسیگرتندا خواردنی خۆی بەدەست بێنێت. ئەوان لە ئەنجامی تەنبەڵیدا ماسیگرییان فەرامۆش کردبوو و تەنیا خۆراکی ئامادەیان نۆش دەکرد!

ماوەیەک دواتر کارگەی بەرهەمە دەریاییەکان لەو شوێنە دەگوازێتەوە و پاشان باڵندە ماسیخۆرەکان یەک لەدوای یەک دەمرن چونکە پیشەی بنەڕەتیی خۆیان کە ماسیگرتن بوو لە دەریا و رووبار فەرامۆش کردبوو و بێ خۆراک مابوونەوە. سەرەنجام کێشەکە بەو جۆرە حەل دەبێت کە چەند باڵندەیەکی ماسیخۆر(ی راستەقینە) لە ناوچەکانی ترەوە دەهێننە ئەم شوێنە و بەرەڵایان دەکەن تاوەکو باڵندە تەنبەڵ و بێباکەکان لەوانەوە شێوازی ماسیگرتن فێر ببن.

باڵندەی ماسیخۆر توانا و لێهاتووییەکی گونجاوی هەیە. هەندێک جۆریان دەتوانن تاوەکو قووڵایی سەد مەتر بچنە ناو دەریاوە. دووربینی لێکۆڵینەوەی کۆمپانیای هەڵکەندنی بیرە نەوت لە دەریای باکوور توانی بۆ یەکەمین جار وێنەی نایابی ئەو باڵندە دەریاییانە تۆمار بکات کە لە قووڵایی زیاتر لە سەد مەتری ئاستی دەریا راو دەکەن! ئەم باڵندە دەریاییانە کە بۆ راوی ماسی دەفڕن هەندێ جار بۆ گرتنی ماسی دەچنە قووڵایی ئاوەوە. بەڵام دەشێ تاوەکو ئەمڕۆ کەس نەیزانیبایە کە ئەم هەنگاوە تاوەکو چ قوڵاییەک بەردەوام بێت و ئاخۆ جەستەیان توانای بەرگەگرتنی فشاری زۆری قووڵاییەکانی دەریای هەیە یان نا؟

سەرنج: (ماسیگرتن، لە بەدەستهێنانی ماسی گرنگترە. کەسێك کە ماسیگرتن بزانێ، هەر کاتێك بیەوێ بەدەستی دێنێت. کەسێك کە تەنیا لەسەر خواردنی ماسی راهاتبێت و رێوشوێنی بەدەستهێنانی نەزانێت، لە راستیدا رۆژێك خۆی دەبێتە قوربانی و ئەوەش کاتێکە کە پێویستی بە ماسی بووە بەڵام لەبەردەستیدا نەبووە.



شانسی سەرکەوتنی تۆ لە ژیاندا بەبێ هەبوونی ئامانج بە
ئەندازەی تاکێکی نابینایە کە لە ژوورێکی تاریک و لە شەوێکی
تاریکدا بەدوای پشیلەیەکی رەشدا دەگەڕێت کە هەر لەوێ نییە.
(مەسعود لەعلی)

## ((ڕوانین لە ئامانج))

لە رۆژێکی بەفراویدا، بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەیەک هەموو خوێندکاران بانگ دەکات و بە هەمووان دەڵێت کێ دەتوانێت لەم بەری حەوشەوە تاوەکو ئەوبەری حەوشەکە لەسەر هێڵێکی راست بجوڵێت.

پێدەچوو کارێکی ئاسان بێت و هەمووان دەیانتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەڵام لە کۆتاییدا تەنیا کەس مایەوە کە لەسەر هێڵێکی راست جوڵابوو. خوێندکارەکانی تر بەشێوەیەکی نارێک جوڵابوون. هۆکاری سەرکەوتنی ئەو خوێندکارە ئەوە بوو کە درەختێکی لەوبەری حەوشەکە نیشانە کردبوو و تەنیا تەماشای ئەو درەختەی دەکرد و هەموو کۆسپەکانی بڕیبوو. بەڵام خوێندکارەکانی تر سەیری بەر پێی خۆیان کردبوو و کاتێک رێکەوتی کۆسپێکیان کردبوو، لایاندابوو.

سەرنج: کاتێک کە هەموو تەرکیزی خۆت لەسەر ئامانجێک دادەنێیت هیچ رێگر و کێشەیەک نابێتە هۆی ئەوەی کە بوەستیت یان رێگای خۆت بگۆڕیت. ئایا سەرنجت داوە کاتێک لێنزی دووربینێک لە سەر شتێک زووم دەکەیت تەنیا ئەو شتە روون و دیارە و شتەکانی تر نامێنن و لێڵ دەبن. لە ژیانیشدا دەبێ لەسەر ئەو شتەی کە مەبەستتانە، تەرکیز بکەن نەک راڕایی و نیگەرانییەکان. بەمشێوەیە دەتوانیت ئەنگێزە و ئازایەتیی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانج بپارێزیت.

Scanned with CamScanner

سەرکەوتن واتە هەبوونی ئامانج و هەرشتێکی تر کە هەیە لاوەکی و زێدەکارییە.

(برایان ترەیسی)

## ((میکانیزمی گەڕان بەدوای ئامانج لەلایەن مرۆڤەوە))

پسپۆڕان دوای توێژینەوەیەکی بەرفراوان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە لە سەرانسەری دنیادا تەنیا دوو گیانلەبەر میکانیزمی سۆراخکردنی ئامانجیان لە ئاگاییاندا هەیە، یەکێکیان مرۆڤە و ئەویتریان کۆتری ماڵە. ئەگەر باوەڕت بەم راستییە نییە، کۆتری ماڵی بگرە و بیخەرە ناو سنوقێکەوە. سنوقەکە بە پارچەیەکی تەواو داپۆشە و بیخەرە ناو پیکەبێکەوە کە هیچ جۆرە دەرچەیەکی بۆ دەرەوە نەبێت. نزیکەی هەزار کیلۆمەتر لە هێلانەکەی دووری بخەرەوە.

ئێستا ئەگەر پیکەبەکە رابگریت سنوقەکە بهێنیتە دەرەوە و سەرەکەی بکەیتەوە، ئەبینیت کە کۆترەکە ئەدات لە شەقەی باڵ و پاش چەند جارێک سوڕانەوە لەو ناوە، رێك بە ئاقارێکی دروست بەرەو ماڵ دەبێتەوە.

مێشکی تۆش چەند میکانیزمێکی هەیە. لەمڕووەوە کاتێك ئامانجێك لە ئاگاییتدا بەرنامەڕێژ دەکەیت، لەرینەوەکان و تیشکدانەوەکانی مێشکت دەستبەجێ تاکەکان، بارودۆخ و هەلومەرجەکان و دەرفەتە گونجاوەکان بۆ بەکردارکردنی ئەو ئامانجە بەرەو لاتان رادەکێشێت. بەپێچەوانەوە، هەرکاتێك ئامانج یان ئامانجگەلێکی رۆشنت نەبێ یان بەرنامەیەك بۆ بەکردارکردنی ئەم ئامانجانە دانەڕێژیت، ئەم میکانیزمە بێ سوود و جێگیر لە مێشکتاندا دەمێنێتەوە.

((برایان ترەیسی))

Scanned with CamScanner

بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبێ لە سنوورەکان تێبپەڕیت. دەبێ لە توانای خۆت بەهێزتر بیت.

## ((جیاوازی لە هەوڵدایە))

مەهاتما گاندی، هەموو تەمەنی تێکۆشا تا سەرکەوتوو بوو لەوەی هیندستان لەژێر چنگی بەریتانیا بێنێتە دەر. کاتێك وتیان ئەو یەکێکە لە گەورەترین ئەو



کەسایەتییانەی کە تاوەکو ئێستا لە مێژووی جیهاندا دەرکەوتووە، لە وەڵامدا وتی:

-من شتێکی تازەم لا نییە تا فێری دنیای بکەم. (راستی) و (ناتوندوتیژی) بە ئەندازەی شاخەکان لەپێشەوە و بەرزن. تاکە کارێك کە من کردوومە هەوڵ بووە بۆ دانانی ئەو دوو پرەنسیپە لە بەرزترین شوێنی خۆیاندا. لە سەرەتای ئەم هەوڵەدا، زۆر هەڵەم کردووە و لە هەڵەکانی خۆم زۆر فێر بووم. ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەم راستییە سادەیە هەیە، تەنیا ئەو کاتە دەتوانن بڕەویان پێبدەن کە لەسەر ئەو بنەمایانە بژین. بە تەواوی باوەڕم وایە کە هەر ژنێك یان پیاوێك دەتوانێت ئەوەی کە من ئەنجامم داوە، بەدی بێنێت، ئەگەر هەمان هەوڵ بخاتە گەڕ و هەمان ئومێد و ئیمان لە خۆیدا گەشە پێبدات.

Scanned with CamScanner

بەرنامەیەك لە سادەترین شێوەی خۆیدا، پێرستێکە لە هەموو ئەو چالاکیانەی کە دەبێ بپرژێتە سەریان تاوەکو بگەینە ئامانجی خۆت.

(بوایان تره‌یسی)

## ((بەرنامەڕێژی و ئەولەویەت بەندی))

ئەگەر تۆ چێشتلێنەرێك بیت و نیازی دروستکردنی چێشتێکی وەکو (سوپ)ت هەبێت، ئەوا حەتمەن دەبێ مەوادی سەرەتاییت بۆ لێنانی هەبێ، لە بەکارهێنانی بڕی پێویست و کاتی پێویست بزانیت، شێوازی لێنان و ئەزموونی لێنانت هەبێت و زۆر شتی تر بزانیت تا بتووانیت ئەو خواردنە لێ بنێیت.

ئێستا ئەگەر جیاوازییەکی بچوك لە هەر کام لەم قۆناغانە بێتە کایەوە ئەوا ئیتر ئەو خۆراکە دڵخوازەت دەست ناکەوێت. نموونەی دواتر: ئەگەر تۆ بتەوێ لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانتدا پەیوەندییەکی تەلەفۆنیت هەبێ ئەوا حەتمەن دەبێ ژمارەکە وەربگریت! بەڵام ئەگەر ژمارەکە هەڵە بکەیت، تەنانەت ئەگەر زۆر هۆشیار، زیرەك و بەهێزیش بیت ناتووانیت تەلەفۆن بکەیت. یاساکانی سەرکەوتنیش هەر بەم شێوەیەیە.

بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبێ زنجیرەیەك پرەنسیپی جێگیر و دیار بگیرێنە بەر و ئەگەر جیاوازییەك لە ئەولەویەتەکاندا بێتە کایەوە یان یەکێك لە قۆناغەکان لابردرێت، ئەوا ناگەیتە ئەنجامی خوازراو.

Scanned with CamScanner

# ((ئیمانت بە ئامانجەکانت هەبێت))

ئامانجە کەسییەکان هی تۆن.

ئەمانە ئەو شتانەن کە خۆت ئەتەوێن،

نەک ئەو شتانەی کە ئەوانیتر بۆ تۆیان دەوێ.

کلیلی ژیان ب خۆشی، رێزگرتنە لە ئارەزووەکانت.

تەنانەت ئەگەرچی ئەوانیتر بە سوک سەیریان بکەن

مەهێڵە بێباکی و کورتبینی ئەوانیتر،

ئامانجی ژیانت بخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە.

ئەو رەفتار و هەنگاوانەی لەدژی ئارەزووەکان و باوەڕەکانتن

قبوڵ مەکە

لەگەڵ خۆتدا سەرراست بە

بە تۆکمەیی بوەستە و خەونەکانت دوا مەخە.

Scanned with CamScanner

ز.٥٠٩کۆ-زیان ١ // ١٣٩

رێگەی هیمەتم ڕووەو ترووسکایی بکەرەوە ئەی باڵندەی
قـودس کە درێژە رێگای مـەقسەد و من تـازە رێبوارم
(حافز)

# ((یەك ســـەرنج))

لە ژیاندا شتێکی خۆش هەیە

ئەگەر شتە مام ناوەندەکان قبوڵ نەکەیت

زۆربەی کات باشترینەکان بە نسیبت دەبن.

هەمیشە وەکو شاخەوانێك بە کە دەیەوێ بگاتە لوتکەیەك.

شاخەوان دەیەوێ بگاتە شاخ، بەڵام بۆ گەیشتن بە لوتکە چەندەها جار دەچێتە ناو دۆڵ.

ئایا بە چوونە خوارەوە شکست دێنێت.

نا، ئەو بەردەوام چاوی لـە ترۆپکـە و دۆڵـیش بەشـێکە لـەو رێگایـەی کـە دەبـێ بیگرێتە بەر تاوەکو بگاتە لوتکە.

ئایا شاخەوان دەیتووانی بەبێ هاتنەخوارەوە لە دۆڵ بگاتە لوتکە؟

نا، کەواتە لە شکستە کاتییەکان مەترسە و تەنیا ئامانجی بنـچینەییت لەبـەردەم بێت.

ئێستا ئەگەر بڕیار وایە زووتر بگەینە لوتکە دەبێ چی بکەین؟

ئایا دەبێ نیگەرانی رۆیشتن بین بۆ ناو دۆڵ و کات لەدەست بدەین؟

Scanned with CamScanner

نا، هەرکاتێك کە دەمانەوێ خێراتر سەرکەوتوو بین
دەبێ خێرایی شکستی خۆمان دوو بەرابەر بکەین
سەرکەوتن لەودیوی دیواری شکستدایە.



Scanned with CamScanner

کەسێک کە دەیەوێ سەرکەوتوو بێت دەبێ فێر بێت کە چۆن بجەنگێت، ململانێ بکات و زەحمەت بکێشێت.

## ((من دەتـــووانم))

(ناپلیۆن هیل)ی نووسەری کتێبی (بیر بکەرەوە و دەوڵەمەند ببە)، جارێکیان لە کەسێکی پرسی کە لە یەکێک لە سیمینارەکانیدا بەشدار بوو: (بەشێوەیەکی ناوەند، کەسەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان چەند جارێک هەوڵ ئەدەن کە ئەگەر سەرکەوتوو نەبن پاشەکشە دەکەن؟)

کابرا لە وەڵامدا وتی: (کەمتر لە جارێک)

زۆربەی خەڵکی پێش ئەوەی لە بنەڕەتەوە شتێک تاقی بکەنەوە پاشەکشەی لێدەکەن، وێڕای ئەوەی کە دەیانەوێ ژیانێکی باشتریان هەبێت دەستبەجێ بە گوزارشتی (ناتووانم) دەوەستن. گرنگترین کار کە دەتوانیت بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و بەختەوەری لە خۆتدا بیهێنیتە کایەوە، دووبارەکردنەوەی گوزارشتی: (هەر شتێک بمەوێ دەتووانم تیایدا سەرکەوتوو بم). گرنگترین دەربڕین بۆ بەکردارکردن، (دەتووانم)ە.

(برایان ترەیسی)

# ((با خۆڕاگری له دره‌خته‌وه فێر بین))

من دره‌ختم، ڕه‌گم نه‌خشی ستوونێکه به قه‌باره‌ی فه‌له‌ك
دوو سه‌د ره‌نگم هه‌یه
گه‌ر تینووایه‌تی بگاته قووڵایی ریشه‌م له خاکدا
خۆره‌تاو رووناکی په‌خش نه‌کات له قه‌دی پاکمدا
قه‌دم ناچه‌مێته‌وه، ساتێك مکوڕیم که‌م نابێته‌وه
سه‌ری له فه‌له‌کدایه و چاوم له خودایه
قه‌دی خۆم به‌رز ده‌که‌مه‌وه تا ده‌گه‌مه رووناکی
من دره‌ختم، پاڵ ناده‌مه شتێکی تر
خۆم ته‌کیه‌گاهی هه‌موانم.

Scanned with CamScanner

((دەبێ بە ئاڵتون بنوسرێنەوە))

-هەبوونی باشترین بیرۆکەی جیهان بە کەڵکی تۆ نایەت، مەگەر ئەوەی کە بیخەیتە کار.

-لە پێشدا پلان دابنێ، ئەو کاتەی کە حەزرەتی نوح دەستیکرد بە دروستکردنی کەشتییەکەی خۆی، هیچ نیشانەیەکی باران بارین نەبوو.

-تەنیا یەکجار دەتوانیت بانگەشەی ئەوە بکەیت کە غافڵگیر بوویت، دوای ئەوە تەنیا دەتوانیت بڵێیت کە ئامادە نەبوویت.

( (لیس گیبلین) )

-هەندێ لە مرۆڤەکان هەزار پاساویان هەیە بۆئەوەی ئەو کارە ئەنجام نەدەن کە دەیانەوێ، لەکاتێکدا کە ئەو شتەی پێویستیانە بۆ ئەنجامدانی کارەکە تەنیا یەک هۆکارە و ئەویش ئەوەیە کە بۆچی دەتوانن.

( (ویلیپس.ئار. ویتنی) )

-ئامادەیی دەتوانێ بە مانای جیاوازیی نێوان بردنەوە و دۆڕان بێت.

( (جۆن ماکسوێل) )

-شکست واتە پاشەکشە لە هەوڵدان.

-کەسێك کە شیری دەوێت نابێ لە ناوەڕاستی کێڵگەدا لەسەر کورسی دابنیشێت و هیوای ئەوەی هەبێ مانگایەك بەرەو رووی بێت و شیری بداتێ.

((ئەلبێرت موبەرت))

-سانە دژوارەکان کاتی دەست هەلگرتن لە هەوڵ نییە.

( (جۆن ماکسوێل) )

-کاتێك دێت کە دەبێ کۆتایی بە چاوەڕوانیی خۆت بێنیت بۆ بوون بەو کەسەی کە دەتەوێ و ژیانی ئەو کەسە دەست پێبکەیت کە دەتەوێ ببیت.

((بروس سپرینگستین))

-من بەو پیاوەی ناو ئاوێنەکە دەست پێدەکەم. داوای لێدەکەم شێوازەکەی بگۆڕێت. دەربڕینێکی لەمە روونتر نییە. ئەگەر دەتەوێ دنیا بکەیتە شوێنێکی باشتر، سەیرێکی خۆت بکە و دوایی ئەو گۆڕانە ئەنجام بدە کە پێویستە.

((سیداگارت گلن بالارد))

-تێشکاوەکان دوو گروپن: ئەوانەی کە بیریان کردەوە، بەڵام کاریان پێنەکرد و ئەوانەی کە کاریان کرد بەڵام لەپێشدا بیریان نەکردەوە.

-ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە کارەکاندا شکست دێنن پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ ژمارەی ئەو کەسانەی کارەکە بە نیوەچڵی جێ دەهێڵن.

Scanned with CamScanner

له ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان جۆگەلە و تاشەبەرد دا، ئەوەی ئاو هەمیشە سەرکەوتووە، نەک بەهۆی هێزی ئاو، بەڵکو بەهۆی پایەداری و بەردەوامییەکەی.

## ((موعجیزەی بەردەوامبوون))

بەرنامەی فێربوونی (توشی هیکوسکو) زۆر سادەیە. ئەوەندە سادەیە کە لە نۆ وشەدا دەریدەبڕێت و بەم نامەیە ئەو لە ساڵی ١٩٨١دا بوو بە براوەی پێشبڕکێی ماراسۆنی (بۆستن) و لە ساڵی ١٩٨٣دا بوو بە براوەی ماراسۆنی (تۆکیۆ).

ئەو بەم بەرنامەیە توانی ببێتە (گەورەترین)، خێراترین و بەهرەمەندترین راکەری جیهان. بەرنامەکەی ئەو چییە؟

(سکو) دەڵێت: (من بەیانیان ١٠ کیلۆمەتر و شەوانە ٢٠ کیلۆمەتر رادەکەم).

کاتێك بە (سکو)یان وت بەرنامەی بۆ راکەرانی تری ماراسۆن سادەیە، لە وەڵامدا وتی: (بەرنامەکە سادەیە بەڵام من هەموو رۆژێك واتە ٣٦٥ رۆژ لە ساڵێکدا ئەم کارە ئەنجام دەدەم).

من پێم وایە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی ناگەنە خواستەکانی خۆیان ئەوە نییە کە بەرنامەی سادەیان هەیە بەڵکو ئەوان نایانەوێ یان ناتوانن لەسەر ئەم بەرنامە سادەیە بەردەوام بن! بۆ گەیشتن بە زۆرێك لە ئامانجەکان پلاندانانی ئاڵۆز پێویست نییە، بەڵکو بەردەوامبوون لەسەریان پێویستە.

((پلیکانە بە پلیکانە تا لوتکە))

Scanned with CamScanner

من پێم وانییه بەهایەکی گرنگتر لە خۆگری لە رێگەی
گەیشتن بە سەرکەوتن بوونی هەبێ.

(جۆن راکفێلەر)

# ((مەشخەڵێ بە))

لە رۆژگاری کۆندا، پارچە ئاسنێك هەبوو کە زۆر سەخت و مکوم بوو. تەور، مشار، چەکوش و مەشخەڵ یەك لەدوای یەك بڕیاریاندا بکەونە وێزەی و بیکەن بە دوو لەت. تەور دەڵێت من دەزانم چۆن بکەومە گیانی. بۆیە زەبری یەك لەدوای یەکی توندی خۆی لە ئاسنەکە دەدات. بەڵام لەگەڵ هەر لێدانێکدا نوکی لە پێشتر کولتر دەبێت. بۆیە بە ماندووییەوە پاشەکشێ دەکات. مشار دەڵێت: (ئەمە ئیشی تۆ نییە، ئیشی منە) پاشان رووی ئاسنەکە ئەوەندە بەرەو ئەمدیو و ئەودیو دەخزێت کە ددانەکانی یەك لەدوای یەك کول دەبن و دەشکێن.

چەکوش دەکەوێتە قسە و دەڵێت: (دەمزانی سەرکەوتوو نابن. ئێستا فێرتان دەکەم چۆن لەبنی دێنم). بەڵام چەکوشیش لەگەڵ یەکەمین لێدانی قورس لە کلکەکە دێتە دەرەوە و دەکەوێتە لایەکەوە. مەشخەڵی نەرم و بچوك پرسیار دەکات: (رێگەم پێدەدەن منیش تاقی بکەمەوە؟). چەکوش، مشار و تەور بە یەك دەنگ دەڵێن: (تۆ چی ئەڵێیت؟ خۆ تۆ هیچت لەدەست نایەت).

مەشخەڵ دەورەی ئاسنەکە دەکاتە ئاگر، دەیگرێتە خۆی و بەهیچ شێوەیەک پاشەکشە ناکات تا ئەوەی کە دواجار بە کاریگەریی بەردەوامی خۆی ئاسنەکە دەتوێنێتەوە.

ئەی تۆ؟ تۆش بۆ پەڕینەوە لە کۆسپێک لێدانی سەنگین و دووبارە ئاراستە دەکەیت یان هەمیشە وەکو مەشخەڵ، بەردەوام و یەک ریتم دەچیتە ناو کۆسپەکەوە و لەناوی دەبەیت؟

((تۆوە گەورەکان))

Scanned with CamScanner

بڕیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەموو ڕێگاکانی تر لەبەردەم خۆتـدا دابخـەیت و تـەنیا ئـەو ڕێگایـە بکەیتەوە کە بەرەو ئامانجە.

(ئەنتۆنی ڕۆبنز)

## ((ئامەزرۆیی سوتێنەر بۆ سەرکەوتن))

پێش ماوەیەکی زۆر، یەکێك لـە جـەنگاوەرە گـەورەکان ڕووبـەڕووی بارودۆخێك بووەوە کە دەبووایە بڕیار بدات تاوەکو لـە بـەرەی جەنگدا سـەرکەوتوو بێـت. ئـەو دەیویـسـت سـەربازەکانی بخاتـە نـاو جـەنگی دوژمنێکـی بـەهێز کـە ژمـارەی سەربازەکانی لە هی ئەو زیاتر بوون. ئەو سەربازەکانی بە بەلەم بەرەو سەرزەمینی دوژمن برد. سەربازان لە بەلەم دابـەزین و ئینجا فـەرمانیکرد کـە کەشتیەکان ئـاگر تێبـەردەن. ئـەو ڕابـەرە بـە سـەربازەکانی وت: کەشـتییەکان ئـەبینن کـە ئاگریـان گرتووە. ئێمە ڕێگەیەکمان نییە جگە لـە سـەرکەوتن، ڕێگەچارەیەکی ترمـان نییـە، یان سەرکەوتووانە لە گۆڕەپان دەردەچـین یـان لـەناو دەچـین. ئـەوان سـەرکەوتوو بوون.

هەرکەسێك کە خوازیاری سەرکەوتن بێ ئەبێت کەشتی و پردەکانی پشت سـەری بسوتێنێت و ڕێگاکانی پاشەکشە بەسەر خۆیدا دابخات. بەمشێوەیە دەتوانیت ئەقڵ بخەیتە هەلومەرجی ئامەزرۆی سـوتێنـەر بـۆ سـەرکەوتن و ئـەم مەرجـە پێداویـستی سەرکەوتنە.

Scanned with CamScanner

بۆ خۆتان لێبڕلوانە دیاری بکە چیت دەوێ، بۆچی دەتەوێ، ج کاتێک دەتەوێ و بۆ بەدەستهێنانی ئامادەیت چی بکەیت.

(ئاییندەی خۆت بخولقێنە)

# ((دوایین سات))

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کاتێک دوایین مۆڵەتی ئامانجێکی تایبەت نزیک دەبێتەوە خەڵکی تەرکیزی خۆیان بۆ گەیشتن بە ئامانج چڕتر دەکەنەوە و کارەکان خێراتر ئەنجام دەدەن.

تەنانەت مشکەکانیش کاتێك لە ئامانجەکانیان نزیك دەبنەوە سەرسەختانەتر کار دەکەن. مشکێك کە فێرکرابێ کە پێنجسەد جار فشار بخاتە سەر میلێك و خۆراکی زیاتری پێبدرێ، کاتێك دەگەیشتە نزیکی پێنجسەد جار ئەوا وزە و چالاکییەکی زیاتری لە خۆی پیشان دەدا.

سەرنج: بۆ جولاندن و وروژاندنی خۆتان سوود لە دوامۆڵەت وەرگرن. برایان ترەیسی نووسەری سەرکەوتوو لەم بوارەدا دەڵێت: بۆ خۆتان دوامۆڵەتێك دابنێن. بەم کارە هێزێك لە نەستتان دێتە کایەوە کە ناچارت دەکات بە ئەنجامدانی چالاکیی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانج.

Scanned with CamScanner

دڵـی ترسـنۆك، نـه دڵـی مەعشوقەیەك دەگرێت و نە شارێك.

(بژی ژیان)

## ((وانەیەك لە ناپلیۆنەوە))

لە پرۆسەی بۆمبارانی توندوتیژئامێزی تۆلۆنـدا، نـاپلیۆنی گـەنج وەكو مێشوولە دەلەرزی. سەربازێك بە بینینی ئـەو لـەو بارودۆخـەدا بەهاوپۆلـەكانی وت: (سـەیری بكە ! تا رادەی مەرگ ترساوە !) ناپلیۆن لە وەڵامدا وتی: (بەڵێ مـن ترسـاوم بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا درێژە بـە جـەنگ دەدەم ئەگـەر ئێـوە نیـوەی ئـەو ترسـەی منتـان هەبووایە ئەوا لەمێژ بوو راتكرد بوو).



ترسنۆکەکان پێش مردن چەند جارێك دەمرن بەڵام
کەسانی ئازا تەنیا یەك جار دەمرن
(فەرهەنگنامەی بیرۆکە پۆزەتیڤەکان)

## ((هاوڕێی هەمیشەیی))

وێنای ئەوە بکە کەسێك هەیە لە ژیانتاندا کە بیست و چوار سەعاتە بەدواتەوەیە و سۆراختان دەکات و بۆ هەر کوێیەك کە بچیت بەردەوام ترس و شڵەژان و نیگەرانیت لا دروست دەکات و متمانە بەخۆبوونتان لەناو دەبات و ڕێگە نادات ئەو کارانە ئەنجام بدەیت کە ئەتویست. وێنای ئەوە بکە هەر کاتێك کە ئەتەوێ گۆڕانکارییەك لە خۆتدا بێنیتە کایەوە و سەرکێشی بکەیت، دێت و دەڵێت:

(ئەگەر لە شوێنی تۆ بوومایە ئەم کارەم نەدەکرد. ئەگەر تۆ بڕەنجێنن چی؟ ئەگەر شکست بێنیت چی؟ ئەگەر ئەم کارە بکەیت و لەم ڕێگەیەدا هەنگاو هەڵێنیت لەوانەیە هەزار بەڵا بەسەرت بێت ها!)

ئێستا وا دابنێ پێش قسەکردن لەگەڵ هاوڕێیان، خێزان یان هەر کەسێکی تر، ئەم کەسە تۆ جیا بکاتەوە و بتترسێنێت کە : (ئەگەر بە چاوی بەستراو متمانە بکەیت و سفرەی دڵت بکەیتەوە لەوانەیە کەسێکی تر خۆشی نەوێیت. ئاگات لە دەمت بێت. متمانە بە کەس مەکە!) وایدابنێ هەر جارێك کە دەتەوێ کارێك بکەیت یان بپرژێیتە سەر یەکێك لە خواستەکانت، ئەم کەسە بەردەوام لە بن گوێت ویزە ویز بکات: (پەشیمان دەبیتەوە. ئەبینیت چ زیانێکت بەر ئەکەوێ).

لەوانەیە ئێستا کە ئەم نووسینە ئەخوێنیتەوە لە دڵتدا بڵێیت: (من بەهیچ شێوەیەك بەرگەی ئەم کەسە ناگرم. ڕێگە نادەم کەس بەمشێوەیە ڕەفتارم لەگەڵدا بکات). بەڵام ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە لەوانەیە خۆت لە زۆر بارودۆخدا هەر بەو

جۆرە قسە بکەیت. کەسێك کە رەفتارێکی وەهای بەرانبەر تۆ هەیە و هەر بەو شێوەیە قسەت لەگەڵ دەکات، هەر ئەو ترسەی تۆیە.

ترس وەکو هاوڕێیەك وایە کە لەگەڵ تۆدا دەژیت، قسەت لەگەڵ دەکات، فریوت دەدات، یاریت لەگەڵ دەکات و هەوڵ دەدات رازیت بکات کە هەندێ کار بکەیت و هەندێ کار نەکەیت و بەردەوام هۆشداری ئەوەت دەداتێ کە ئەگەر دەست بدەیت فڵان کار پەشیمان دەبیتەوە و گرفتاری بۆ خۆت دروست دەکەیت.

ترست پێت دەڵێت: (نا، ناتوانیت. نابێت ئەم کارە بکەیت؟ ترس، باوەڕبەخۆکردن و متمانە بەخۆبوونت لێ دەسێنێت و پێت دەڵێت: (دەست لەسەر دەست دابنێ، هیچ مەکە. متمانە بە کەس مەکە لە کەس نزیك مەکەوە و بیر لە هیچ چالاکی و هەنگاونانێك مەکەرەوە). ترس رێك لە بەر چاوتان و لە رۆژی رووناکدا ژیانتان لێ دەدزێت.

ﭺ ئەوەی لەم دیدەوە لەم بابەتە ورد بوویبێتەوە یان نا، تۆ هەمیشە لەگەڵ ترسدا پەیوەندیت دەبێت و ئەم پەیوەندییە یەکێکە لە گرنگترین پەیوەندییەکانی تۆ لە ژیاندا. ساتێك بوەستە و لە خۆت بپرسە:

ﭺ پەیوەندییەکم لەگەڵ ترسمدا هەیە؟ ئایا رێگەی پێدەدەم بەسەرمدا زاڵ بێت؟ ئایا رێگەی پێدەدەم کارێك بکات تا خەونەکانم فەرامۆش بکەم و رێگە نەدات ئەو کەسە بەهێزە بم کە دەمەوێ؟ ئایا رووبەڕووی ترسەکانم دەبمەوە یان وردوخاش دەبم و مل دەدەم؟

ئایا دەزانم چۆن ئامانجەکانم ون نەکەم و وێڕای هەموو هەوڵەکانی بۆ وەستاندن و پەشیمانکردنەوەی من رێگەی پێ نەدەم لە بری من هەڵبژێرێت؟

ﭺ کەسێك لەم پەیوەندییەدا دەستی باڵای هەیە؟ من یان ترسەکەم؟

((باربارا دی ئەنجلس))

سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەقڵیەتێکی سەرکەوتوویان هەیە.

(ناپلیۆن هیل)

## ((بیستنی نا، مەرج نییە بە مانای نا بێت))

کەمێك دوای ئەوەی کە جەنابی (داربی) زانکۆی تەواو کرد، ماوەیەکی بۆ یارمەتیدانی مامی لە کێڵگەکەیدا بەسەر برد. مامی کێڵگەیەکی هەبوو کە ژمارەیەکی زۆر جوتیاری ناوچەکە تیایدا دەژیان. دوانیوەڕۆی یەکێك لە ڕۆژەکان کە داربی یارمەتی مامی ئەدا تاوەکو لە ئاشێکی کۆندا گەنم بکاتە ئارد، دەرگاکە بە بێ دەنگی کرایەوە و کیژۆڵەیەکی ناوچەکە هاتە ناوەوە. کچی یەکێك لە خاوەن موڵکەکان بوو. کیژۆڵەکە لە نزیك دەرگاکە دانیشت.

مام سەری بەرز کردەوە. کیژۆڵەکەی بینی، بە دەنگێکی زبرەوە لێی پرسی: (چیت ئەوێ؟) منداڵەکە لە وەڵامدا وتی: (دایکم وتی ٥٠ سەنتت لێوەربگرم و بۆی ببەم). مام لە وەڵامدا وتی: (نیمە زوو بگەڕێرەوەماڵەوە). منداڵەکە وتی: (باشە قوربان) بەڵام لە شوێنی خۆی نەجوڵا. مام سەرقاڵی ئیشی خۆی بوو. ئەوەندە سەرقاڵ بوو کە ئاگادار نەبوو منداڵەکە هەر لە شوێنی خۆیەتی. کاتێك سەری بەرز کردەوە بینی منداڵەکە هەر لە شوێنی خۆیەتی.

هاواریکرد بەسەریدا: (ئەی نەموت زووکە بڕۆرە ماڵەوە ئەگینا وای لە حاڵت).

کیژۆڵەکە وتی: (باشە قوربان) بەڵام لە شوێنی خۆی نەجوڵا.

مام ئەو کیسە گەنمەی کە دەیویست بیڕژێنێتە ناو قوڵتی ئاشەکەوە لەسەر زەوی دانا، تێلایەکی هەلگرت و بە هەڕەشەوە پیشانی کیژۆڵەکەیدا. مەبەستی ئەوە

بوو کە ئەگەر نەڕوات ئەوا دەکەوێتە ناو دەردەسەرەوە. داربی هەناسەی قەتیس کردبوو، دڵنیا بوو لەوەیی شتێکی ناخۆش ڕوودەدات. دەیزانی مامی تووڕەیە. کاتێك گەیشتە ئەو شوێنەی کە منداڵەکە وەستابوو، کیژۆڵەکە هەنگاوێك چووە پێشەوە و ڕوانییە ناو چاوەکانی و لە بارێکدا کە دەلەرزی، بە هاوارێکی بەرز وتی: (دایکم ٥٠ سەنتی دەوێت). مام وەستا، ماوەی خولەکێك سەیری کیژۆڵەکەی کرد. پاشان تێلاکەی دانا، دەستی خستە ناو گیرفانی و ٥٠ سەنتی دایە دەست کیژۆڵەکە. منداڵەکە پارەکەی وەرگرت و چووە دواوە لەکاتێکدا کە هێشتا چاوی بڕیبووە چاوەکانی ئەو پیاوەی کە شکستی پێهێنابوو و ڕۆیشت.

کاتێك کیژۆڵەکە ئاشەکەی جێهێشت، مام لەسەر سنوقەکە دانیشت و ماوەی



زیاتر لە پێنج خولەك لە پەنجەرەکەوە ڕوانییە دەرەوە. چی بوو کە مامی داربی وەکو پڵنگێکی دەستەمۆکراو ئارام بووەوە؟ ئەم پرسیارانە و پرسیاری تری لەم بابەتە بە مێشکی داربیدا هات وچوو. جەنابی داربی وتی: (هەر کاتێك کێشەیەك دەهاتە پێشەوە، هەر جارێك کڕیارێك ڕەزامەندی نەئەدا بۆ کڕینی ئەوراقی بیمە ئەوا ئەو منداڵەم لەبەر چاوەکانم دەبینی. چاوە درەوشاوەکانیم دەبینی و لەبەر خۆمەوە دەموت هەرچۆنێك کە بووە ئەم فرۆشە ئەنجام دەدەم و لە ڕاستیدا من زۆرترین فرۆشی خۆم لەو کاتەدا بوو کە کڕیارانی کاریگەر وەڵامی (نا)یان دەدامەوە).

(بیر بکەرەوە و دەوڵەمەند ببە)

Scanned with CamScanner

یا ڕەب لە هەوری هیدایەت بارانێک داباریننە.

(حافز)

# ((هەوڵی ئامانجدار))

من لە ژووری هۆتێلێک دانیشتووم. شوێنێکی بچوک و هێمنە بۆ پشوودان. مێشێکی بچوک دوایین هەوڵە بێ ئەنجامەکانی خۆی ئەدات کە لە شوشەی پەنجەرەکە ڕەت بێت و بەرەو دەرەوە بفڕێت. باڵەفرکێی مێشەکە ئاماژەیە بە حیکایەتی خەمناکی مێش:

سەرسەختانە هەوڵ بدە، بەڵام ئەم هەوڵە کاریگەر نییە

مەحاڵە مێش بە هەوڵی زیاتر لە شوشەی پەنجەرە ڕەت ببێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مێرووە بچوکە ژیانی خۆی لە ئامانجەکەیدا بە هەوڵێکی بێ ئەنجام سنووردار کردووە. ئەم مێشە مەحکومە بە لەناوچوون. ئەو لەوێ لەبەردەم پەنجەرەکەدا دەمرێ. لەودیوی ژوورەکە، دە پێ دوورتر، پەنجەرەیەکی تر کراوەیە. ئەم گیانلەبەرە بچوکە بە دە چرکە فڕین دەتوانێت بگاتە ئەو فەزا کراوەیەی کە بەدوایدا دەگەڕێت. ئەو بە هەوڵێکی کە ئەنوکە بێهودە دیارە، دەتوانێت لەو داوە دەربچێت کە بۆ خۆی دروستیکردووە.

بۆچی مێشەکە ئەو ڕێگەیە تاقی ناکاتەوە. شتێک کە بە تەواوی جیاوازە؟ ئەو چۆن چۆنی گیرۆدەی ئەو بیرکردنەوە نالۆژیکییە بوو کە تەنیا ئەم ڕێگایە و ئەم

Scanned with CamScanner

هەوڵە بە سەرکەوتن دەگات؟ بێ گومان ئەم شێوازەی مێش نالۆژیکی دیارە، بەوپەڕی داخەوە، بیرۆکەیەکە کە بە مەرگ کۆتایی دێت.

مەرج نییە هەوڵی زۆرتر ڕێگەچارە بێت بۆ کێشەی گەیشتن بە سەرکەوتن. لە ڕاستیدا هەندێ جار هەوڵی زۆرتر خۆی بەشێکی گەورەیە لە کێشە.

ئەگەر تۆ هیوای خۆت بۆ ڕەتبوون لە کۆسپێك پێش هەموو شتێك پەیوەست کردبێت بە هەوڵدانی بێ وچان، لەوانەیە زۆرێك لە دەرفەتەکانی کامەرانیی خۆت لەدەست بدەیت.

***

Scanned with CamScanner

مرۆڤ هەندێ جار لە بارێدا دەتلێنێت و
هەندێ جاریش شتێك فێر دەبێت.
(رۆبەرت کیۆساکی)

# ((وانەیەك لە منالانەوە))



ئایا منالْ هەڵە دەکات؟بەڵێ.
لە گەورەکان زیاتر؟زۆر زیاتر.
بەڵام چۆن تەمەنێکی وەها کە بە خێرایی فێر دەبێت، لە گەورەیەك زیاتر دووچاری هەڵە دەبێت کە ئاسان فێر نابێت؟

چونکه منالْ لەم رازە بەئاگایە:
دووچاری هەڵە بوون و شکستخواردن خێراترین رێگەیە کە خێرایی فێربوون زیاد دەکات. ئەگەر تۆ هەڵەیەك ناکەیت بەو مانایەیە کە هەوڵیشت نەداوە و ئەگەر هەوڵ نەدەیت هەرگیز فێر نابیت. منالْ لەو رازە بەئاگایە کە ئەگەر تۆ عەشقی فێربوون لەگەڵ ئەفرێنەرێتی و سەرکێشیدا لێکبدەیت، نەك تەنیا دووچاری هەڵەی زیاتر دەبیت بەڵکو سەرکەوتنی زیاتریش بەدەست دێنیت. هەموو توێژینەوەکان ئاماژە دەکەن بەوەی کە هەموو بلیمەتەکانی جیهان
سوودیان لەم فۆرمولە رازئامێزەی منالان وەرگرتووە. ئەگەر پێداگری لەگەڵ عەشقی فێربوون و بەهەڵەداچوون ئاوێتە ببێت، منالْ تێدەگات کە بەبێ پێداگری

هیچ جۆرە بەرەوپێشچوونێك مەیسەر نابێت. تەنیا بیر لەو خاڵە بکەرەوە کە هەندێ جار منداڵ بۆ گۆکردنی وشەیەك چەند جارێك هەوڵ دەدات. دەشێ سەدان جار شکست بێنێت.

ئایا تاوەکو ئێستا بینیووتە منداڵێك بتۆرێت و بڵێت: (چی بووە؟ من هەزاران جار هەوڵم داوە بەڵام هێشتا ناتووانم ئەم وشە نەفرەتییە بە دروستی گۆ بکەم، ئەم فێربوونی زمانە چەنێك سەختە، لێیگەڕێ بە من چی!) بێگومان نەخێر. منداڵ هەر هەڵەیەك وەکو زەمینەیەك بۆ هەوڵی دواتر لەبەرچاو دەگرێت.

((تۆنی بوزان))

## ((تێڕوانینی ئەفرێنەرانەی منالێک))

پیکەبێکی گەورە کە نیازی پەڕینەوەی لە پردێک هەبوو کە بەژێر سکەی شەمەنەفەردا رەت دەبوو، لەنێوان رووی جادەکە و ستوونەکانی بنمیچی ئەندەرپاسەکەدا گیریکرد. هەوڵەکانی پسپۆڕانی پەیوەندیدار بۆ دەربازکردنی، بێ ئەنجام بوون و سەرەنجام بە درێژایی چەند کیلۆمەترێك ترافیکێکی چڕ لە هەردوو لای جادەکە دروستبوو. کوڕێك هەوڵی ئەدا تاوەکو سەرنجی سەرۆکی پسپۆڕەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت.

بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوام بە فشاری دەستەکانی بەرەو دواوە پاڵ دەنرا و سەرەنجام پسپۆڕەکە کە لەدەست سەرەڕۆیی منالەکە پەست ببوو وتی:

(ناکا تۆ فێرم بکەیت چی بکەم؟) و کوڕەکەش لە وەڵامدا وتی:

(ئەوەندە بەسە تۆ هەوای تایەکان بەتاڵ بکەیتەوە).

ئەنجام: سادەیی تێڕوانینی منالان بۆ کاروبار و رووداوەکانی ژیان هەمیشە ئەنجامی کاریگەرتری هەیە بە بەراورد بە رێگەچارە ئاڵۆز و تەمومژاوییەکان کە لە زۆر حاڵەتدا هەلومەرجەکە قورستر دەکەن.

Scanned with CamScanner

# (.....ترین وشە)

ساردکەرەوەترین وشە (ترس)ە..............رووبەڕووی بەرەوە.

چالاکترین وشە (کار)ە...........................بپرژێرە سەری.

پوچترین وشە (چاوچنۆکی)یە.........................بیکوژە.

بونیادنەرترین وشە (ئارامگرتن)................نزا بکە هەتبێت.

رووناکترین وشە (هیوا)یە.........................هیوادار بە پێی.

لاوازترین وشە (حەسرەت)ە..........................مەیخۆ.

بەهێزترین وشە (زانین)ە...........................فێری بە.

تۆکمەترین وشە (مکوڕی)یە.....................با هەتبێت.



ئاوات مەخوازە کارەکان ئاسانتر بىن، ئاوات بخوازە تۆ باشتر ببیت.

(جۆن ئێف. کەنەدی)

## (( کاری چاك کردن، کردنێکی پڕاوپڕە ))

حیکایەتێکی بەناوبانگ هەیە لەبارەی کاربەدەستێکی دەوڵەتەوە. بڕیار وابوو یەکێك لە یاریدەدەرە گەنجەکانی لەبارەی پڕۆژەیەکەوە لێکۆڵینەوە بکات و راپۆرت لەبارەیەوە ئامادە بکات. گەنجەکە دوای چەند هەفتەیەك ئیشکردن دواجار هاتە لای کاربەدەستەکە و فایلێکی گەورەی لەسەر مێزەکە دانا. کاربەدەستەکە سوپاسی کرد و گەنجەکە رۆیشت.

رۆژی دواتر کاربەدەستەکە بانگی گەنجەکەی کرد بۆ ئۆفیسەکەی، ئاماژەی بە فایلەکە کرد و لێی پرسی:

(ئەمە ئەوپەڕی هەوڵی خۆتە کە خستووتەگەڕ؟)

گەنجەکە وتی: (لە راستیدا لەوانەبوو بمتووانیایە کەمێك زیاتر لێکۆڵینەوە بکەم).

کاربەدەستەکە وتی: (دە تکایە بیکە). فایلەکەی دایە دەستی. دوو هەفتە دواتر گەنجەکە دووبارە گەڕایەوە و لێی پرسی و دیسان کاربەدەستەکە راپۆرتەکەی شەوێك لای خۆی هێشتەوە و بۆ سبەی بەیانییەکەی بانگی کردەوە و لێی پرسی:

(ئەمە ئەوپەڕی هەوڵی خۆتە کە خستووتە گەڕ؟)

Scanned with CamScanner

گەنجەکە خۆی هێناوبرد و دواجار رازی بوو کە کەمێك زیاتر نیشی لەسەر بکات، کاریەدەستەکە دیسان فایلەکەی دایەوە دەستی.

چەند رۆژێك دواتر گەنجەکە هاتەوە. ئەمجارەش هەمان شت دووبارە بووەوە و کاریەدەستەکە جارێکی تر فایلەکەی لای خۆی هێشتەوە و رۆژی دواتر هەمان پرسیاری کردەوە. گەنجەکە لە شوێنی خۆی هەڵسا و وتی: (بەڵێ، لەمە باشتر ناتووانم! هەموو توانای خۆم خستەگەڕ و لێکۆڵینەوەم لەبارەی هەر شتێکەوە کرد کە بە مێشکمدا هات و چوار جار نوسیمەوە و ئەمە ئەوپەڕی هەوڵی خۆم بوو).
کاریەدەستەکە وتی: (زۆر باشە ئەمجارە دەیخوێنمەوە).

***

Scanned with CamScanner

# ((وەڵامەکان دەگۆڕێن))

ئەلبێرت ئەنیشتاین دوای ئەوەی کە تاقیکردنەوەیەکی پێشکەوتووی لەناو دەرچووانی زانکۆی پرینستن دابەشکرد، گەڕایەوە بۆ ئۆفیسەکەی، یەکێك لە خوێندکاران لێی پرسی: (دکتۆر ئەنیشتاین، ئەمە هەر ئەو تاقیکردنەوەیە نییە کە ساڵی رابردوو بە ئێمەتدا؟)

دکتۆر ئەنیشتاین سەری لەقاند و وتی: (بەڵێ هەمان پرسیاری ساڵی رابردوون).

خوێندکارەکە لە ئەنیشتاینی پرسی: (بەڵام چۆن دەشێ تاقیکردنەوەیەك لە دوو ساڵی یەك لەدوای یەکدا بدەیتە خوێندکاران؟)

ئەنیشتاین لە وەڵامدا وتی: (لە ساڵی رابردووەوە تاوەکو ئەمڕۆ وەڵامەکان گۆڕاون).

بەهەمان شێوە، هۆشیاری و زانست و زانیاریی تۆش بەخێراییەکی باوەڕنەکراو دەگۆڕێن. ئەوەی کە ساڵی رابردوو راست بوو، ئەمڕۆ دەشێ راست نەبێ. ئەوەی ئەمڕۆ راستە، ساڵی ئایندە راست نابێت. تاکە رێگای دڵنیا بۆئەوەی بکەویتە ریزی پێشەوەی ئەو پیشەیەی کاری تیادا دەکەیت، ئەوەیە کە بەردەوام زانست و زانیاریی نوێ وەربگریت و لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمڕۆ دەیزانیت بەراوردی بکەیت.

((برایان ترەیسی))

Scanned with CamScanner

# بەشی پێنجەم

## چەند زیادەیەك

### حیكایەت و چیرۆكی نوێ

Scanned with CamScanner

کاتێك کە پلیکانەکانی بەرزبوونەوە ئەبڕیت لەگەڵ ئەوانیتردا چاکە بکە چونکە لەکاتی بەربوونەوەدا هەر ڕووبەڕووی ئەو خەڵکە دەبیتەوە.

(ویلسن میزنەر)

# ((مەشخەڵی عەشق))

لە ڕۆژگاری کۆندا پیاوێک هەواڵی ئەوەی بیستەوە کە لە وڵاتێکی زۆر دوور مەشخەڵێکی پیرۆز هەیە کە هەبوونی، گەرما بە ژیان دەدات.

بۆیە کەوتەڕێ تا بگاتە مەشخەڵی پیرۆز. لەبەر خۆیەوە وتی ئەگەر بگەمە مەشخەڵی پیرۆز ئەوا شادی دەهێنمە ناو ژیانمەوە، منیش ئەیبەخشمە هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشم دەوێن.

سەرەنجام گەیشتە ئەو مەشخەڵە و چەپکێکی دەستدایە تاوەکو بەهۆیەوە گەرما ببەخشێتە ژیانی. بە درێژایی ڕێگا بەردەوام نیگەران بوو مەبادا مەشخەڵەکەی بکوژێتەوە.

ڕێگایەکی زیادی بڕی و گەیشتە وڵاتی خۆی. لە ڕێگادا ڕێکەوتی پیاوێکی کرد کە سەرپەنایەکی نەبوو و لە سەرما دەلەرزی و لەبەر خۆیەوە وتی وا باشترە کەمێك لەم مەشخەڵە بدەمە ئەو پیاوە، بەڵام پێی وابوو ئەم مەشخەڵە پیرۆزە و نابێ بیداتە مرۆڤێکی ئاسایی وەکو ئەو. ویستی درێژە بە ڕێگاکەی بدات کە بڕیاریدا ئەو پیاوەش بە مەشخەڵەکەی خۆیدا بەشدار بکات تاوەکو ئەویش لە تاریکی و سەرما دەرباز بێت.

Scanned with CamScanner

بەردەوام بوو لەسەر ڕێگاکەی کە لەپڕ تۆفانێک هەڵیکرد و باران باری. پیاوەکە هەوڵی خۆیدا تا ڕێگر بێت لە کوژانەوەی مەشخەڵەکە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و سەرەنجام مەشخەڵەکەی کوژایەوە.

ڕێگایەکی زۆری بڕیبوو و نەیدەتووانی بگەڕێتەوە، بەڵام دەیتووانی بگەڕێتەوە لای کابرای بێ سەرپەنا و مەشخەڵێک لەو وەربگرێت.

....و بەو مەشخەڵەی کە پێش کەمێک بەخشیبووی، گەڕایەوە ماڵەوە.

((باربارا هاماگ))

Scanned with CamScanner

# ((دەستێك دەنگی نییە))

ڕۆژێکیان مامۆستایەك لەسەر پۆل پێشبڕکێیەکی ساز دا، دەفرێك ئاو، پارچە سابونێك و قوتویەکی مەرەکەبی هێنا. منداڵەکانی ریز کرد و پێشبڕکێ دەستپێکرد. بڕیار وابوو هەریەك لە منداڵەکان دەستی خۆیان کە پێشتر بە مەرەکەب ببوو بەبێ یارمەتی هیچ کەسێکی تر، بە ئاو و سابون پاك بکەنەوە. بەجۆرێك کە دەبووایە دەست راستەکان دەستی راستیان بە مەرەکەب بکەن و هەر بەو دەستە بە ئاو و سابون پاکی بکەنەوە و دەست چەپەکانیش بەهەمان شێوە، بۆ هەر یەکێك کاتێك لەبەرچاو دەگیردرێت و لە کۆتاییدا هەر کەسێك کە کاتێکی کەمتری پێچووبوو و دەستی پاك شتبوو، بە براوە لەقەڵەم دەدرا.

پێشبڕکێکە تەواو بوو و براوەکە دیاریکرا. بەڵام هێشتا بڕێك مەرەکەب لەنێوان پەنجەکانی براوەکەدا مابووەوە و بەتەواوی پاك نەبووەوە. مامۆستاکە کەسی دواتری هێنا کە کاتێکی زۆرتری بەکارهێنابوو و دەستی کەمتر پاك ببووەوە و ئەمجارە رێگەیدا تا هەردوو دەستی خۆی بۆ پاککردنەوەی مەرەکەبەکە بەکار بێنێت.

کاتیان گرتەوە و سەیریان کرد لە کاتێکی زۆر کەمتر لە کەسی یەکەم دەستی خۆی بە تەواوی پاك کردەوە و هیچ شوێنەوارێکی مەرەکەب بە دەستیەوە نەما. مامۆستا منداڵەکانی کۆ کردەوە و پێیانی وت: (بینیتان! ئێمە هەموومان وەکو ئەو دەستەین. ئەگەر رۆژێك لە رۆژان هەمووومان مکوڕ بین لەسەر ئەوەی ناخی خۆمان

پاك بكەینەوە و بشۆین، دیسان هەندێ شوێن دەمێنن کە دەستەکانمان پێیان ناگات. بەڵام ئەگەر هاوڕێیەکی باش و راستگۆی وەکو ئەو دەستەمان هەبێت، ئەوا زۆر بە ئاسانتر و باشتر دەتوانین خۆمان چاك بكەین.



Scanned with CamScanner

ئەوەی کە ئێمە لە رۆژگاری ئارامیدا کۆی ئەکەینەوە
لە سەروەختی نائارامیدا بەهانامانەوە دێت.
(بودا)

# ((ئارامی لە کێشمەکێشی رۆژگاردا))

خاوەن کێڵگەیەك هەبوو کە زەوی کشتوکاڵیی گەورەی هەبوون و بە تەنیا نەیدەتووانی کارەکانی کێڵگە ئەنجام بدات. بڕیاریدا بۆ خستنەکاری یاریدەدەرێك ئاگادارییەك بڵاو بکاتەوە. لەبەرئەوەی شوێنی کێڵگەکە لە ناوچەیەك بوو کە تۆفانێکی زۆر لە ساڵدا دەبووە هۆی تێکچوونی کێڵگە و کۆگاکان، خەڵکێکی زۆر ئارەزوومەندی ئیشکردن نەبوون لەوێ. سەرەنجام رۆژێکیان پیاوێکی تەمەن مام ناوەندی لاواز هاتە لای خاوەن کێڵگەکە. خاوەن کێڵگەکەش لێی پرسی: (تاکو ئێستا یاریدەدەری خاوەن کێڵگەیەك بوویت؟) پیاوەکە لە وەڵامدا وتی: (من دەتووانم کاتی هەڵکردنی با بخەوم).

سەرباری وەڵامە سەیرەکەی پیاوەکە، لەبەرئەوەی پیاوەکە پێویستی بە یاریدەدەرێك هەبوو، ئەوی خستە کار. پیاوەکە بە باشی لە کێڵگەکەدا ئیشی دەکرد و لە بەیانییەوە تاوەکو خۆرئاوابوون هەموو کارەکانی کێڵگەی ئەنجام دەدا و خاوەن کێڵگەکە بە تەواوی لێی رازیبوو.

سەرەنجام شەوێك تۆفان دەستپێکرد و دەنگی لە دوورەوە دەبیسترا. خاوەن کێڵگەکە چوو لە خەو هەڵیساند و وتی: (هەڵسە تۆفان هەڵیکردووە.

Scanned with CamScanner

دەبێ بەروبووم و ئامرازەکانمان باش کۆ بکەینەوە و کۆنترۆڵ بکەین تاوەکو با لەگەڵ خۆیدا نەیانبات).

پیاوەکە لەکاتێکدا کە هەر لەناو پێخەفەکەیدا بوو وتی: (نا گەورەم، من خۆ بە تۆم وتبوو کاتێك بای دێت من دەخەوم). خاوەن کێڵگەکە لەم وەڵامە زۆر تورە بوو و بڕیاریدا سبەینێ دەری بکات. بۆیە بەپەلە چووە دەرەوە تاوەکو خۆی کارەکان ئەنجام بدات.

بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە بینی هەموو بەروبوومەکان بە تۆڕی جاڵجاڵۆکە و گونییە داپۆشراون. مانگاکان لە کادێن و مریشکەکان لەناو کۆختەکانیاندان. دەرگای هەموو دەرگاکان داخراوە و ئامرازەکانی کشتوکاڵ لە شوێنی دڵنیای خۆیانن و دوورن لە رامالی تۆفانەکە. خاوەن کێڵگەکە بۆی دەرکەوت کە یاریدەدەرەکەی بیری لە هەموو شتێك کردووەتەوە هەموو ئامادەکارییەکی پارێزگاری لەبەرچاو گرتووە. بۆیە حەقی بووە لەکاتی تۆفاندا لە ئارامیدا بێت.

کاتێك مرۆڤ ئامادەیی پێویستی هەبێ بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەکان، لە هیچ ناترسێت و لە ئارامیدا دەبێت.

# ((وەکو کانی بە))

مامۆستا قوتابییەکانی بۆ گەشتێکی سەرگەرمی بردبووە شاخەکان. پاش ڕێ ڕۆیشتنێکی دووروودرێژ هەموان ماندوو و تینوو لای کانییەك دانیشتن و بڕیاریاندا پشوو بدەن.

مامۆستا پەرداخە ئاوێکی دایە دەست هەر یەکەیان و پێیانی وت پێش خواردنەوە مشتێك خوێ بکەنە ناو پەرداخەکانیانەوە. قوتابییەکانیش وەهایان کرد، بەڵام هیچ کامیان نەیانتووانی ئاوەکە بخۆنەوە چونکە زۆر سوێر بوو.

پاشان مامۆستا چنگێك خوێی کردە ناو کانییەکە و داوای لێکردن لە ئاوی کانییەکە بخۆنەوە و هەموان لە ئاوی سازگاری کانییەکەیان خواردەوە.

مامۆستا پرسی: (ئایا ئاوی کانیش سوێر بوو؟) و هەموویان وتیان: (نا، ئاوێکی زۆر خۆش بوو). مامۆستا وتی: (ئەو زەحمەتانەی لە دنیاشدا بۆ ئێوە لەبەرچاو گیراوە هەر ئەو چنگە خوێیەیە نە زیاتر و نە کەمتر. ئەوە بەندە بە ئێوەوە کە پەرداخی ئاو بن یان کانی کە بتووانن زەحمەتەکان لە خۆتاندا بسڕنەوە. کەوایە هەوڵ بدە کانی بیت تاوەکو بەسەر زەحمەتەکاندا زاڵ بیت).

Scanned with CamScanner

ئەم (من) و (تۆ)یە هەلگری دلپرانەکە وایە تۆش
لەگەلْ من وەرە تا ببینە (ئێمە)کۆی بەرمەمی
هەموو دلۆپەکان دەبێتە دەریا وەرە ببینە دەریا
(قەیسەر ئەمین پور)

## ((کام رەنگە بالاترە))

لە رۆژگاری زوودا، رەنگەکەیان لەگەلْ یەکتریدا ناکۆك بوون و هەر یەکەیان خۆی بە بالاتر، جوانتر، بەسوودتر و خۆشەویستتر لەویتر دادەنا.

رەنگی (سەوز) دەیگوت: (هەمووان دەزانن کە من گرنگترین رەنگم. من نیشانەی ژیان و هیوام. گەلای درەختەکان و رەنگی چیمەن سەوزن. ئەگەر سەوزییەك نەبێت ئەوا هەموو ئاژەلەکان دەمرن. ئەوەندە بەسە سەیرێکی سروشت بکەیت و هەبوونی من لە پانتایی بووندا ببینیت).

رەنگی (شین) قسەکانی پێ بڕی و وتی: (تۆ تەنیا بیر لە زەوی دەکەیتەوە. ئەوەندە بەسەر کەمێك بڕوانیتە (دەریاکان) و ئاسمانەکان. ئەی نازانیت ژیان لەسەر زەوی بەهۆی بوونی ئاوەوەیە؟)

رەنگی (زەرد) بزەیەکی کرد و وتی: (من گەرمی و شادمانی دەبەخشمە جیهان، خۆر و مانگ لە رەنگی منن. رووناکی ئەستێرەکان لە منە، هەر جارێك کە دەڕوانیتە گولەبەرۆژە، بزەی ژیان لەودا دەبینیت. بەبێ بوونی من، تۆ چێژ لە ژیان نابینیت.

رەنگی (نارنجی) هاتە دەنگ و وتی: (من رەنگی سەلامەتی و توانام. ئەگەرچی من زۆر نابینن بەلام بوونی من بۆ ژیانی مرۆڤ پێویستە. زۆربەی ڤیتامینەکان لەو

میوانـەدان کـەرەنگی منیـان هەبـە. لـە سـاتە هەسـتیارەکانی خۆرهـەڵات و خۆرئاوابووندا، رەنگی منە کە لـە ئاسمان خۆی دەنوێنێت. کاتێک کە جوانیی رەنگی من دەردەکەوێت هیچ کەسێك بیر لە رەنگەکانی تر ناکاتەوە). رەنگی سوور چیتر نەیتووانی خۆی بگرێت و هاواری کرد: (مـن فـەرمانڕەوای ئێـوەم، مـن رەنگی خوێنم و خوێن ژیانبەخشە. من رەنگی ئازایەتی و مەترسیم. مـن پاڵنـەری خـەباتم. من خوێن دەهێنمە جۆش. بەبێ من زەویش وەکو مانگ بەتاڵ دەبـێ لـە ژیـان. مـن رەنگی جۆش و خرۆش و عەشقم).

(وەنەوشەیی) بە تۆنێکی ناڕەزایی و بە لوتبەرزییەوە وتی: (من رەنگی دەسەڵات و پشووم. سوڵتانەکان و گەورەکان هەمیشە من هەڵدەبژێرن. چونکە مـن نیشانەی بەرزیی، هۆش و دەسەڵاتم. خەڵکی هەرگیز لەبەرانبەر منـدا پرسـیار ناکـەن، ئـەوان گوێ دەگرن و مل کەچ دەکەن).

رەنگی نیلی کە تاوەکو ئەو کاتە بێـدەنگ بـوو، هاتـە قـسە و وتـی: (بـیر لـە مـن بکەنەوە، من رەنگی "بێدەنگی"م. ئێوە بە دەگمـەن بـیر لـە بێـدەنگی دەکەنـەوە، بـەڵام بـەبێ مـن ئێـوە لەئارامیـدا نـابن. مـن نیـشانەی بیرکردنـەوە و وێنەدانـەوەی ئاگاییم. قووڵایی دەریاکان هی من، ئێـوە بـۆ هاوسـەنگی پێویـستتان بـە منـە. مـن رەنگی نزا و ئارامیی دەروونیم).

جـارێکی تـر دەنگـە دەنـگ لـەنێوان رەنگەکانـدا دروسـت بـوو و هەریەکـەیان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە باشترینە. دەمەقاڵێ پەیدا بوو و بوو بە شەڕیان، لـەپڕ بروسـکەیەکی ترسـێنەر دەرکـەوت و دەنگـی هەورەتریـشقەیەك هاتـە بـەر گـوێ. تۆفانێك هەڵیکرد و بـاران بـاری. رەنگـەکان لـە ترسـا ئـارام بوونـەوە و خزانـە پـاڵ یەکتری تاوەکو بە پێکەوەبوونیان بەسەر ترسەکەیاندا زاڵ بن.

Scanned with CamScanner

لە گەرمەی گڤە گڤی با و تۆفـان و هەورەتریـشقەدا، بـاران هاتـە قسە: (ئێـوە ڕەنگی گەمژەن لەگەڵ یەکتریدا ململانێتانە؟ هەوڵ دەدەن خۆتـان بـەرزتر لـەوانیتر پیشان بدەن؟ ئایا نازانن هەریەك لە ئێوە بۆ مەبەستێکی تایبەت دروست بـوون کـە بێ هاوتایە؟ دەست بخەنە ناو دەستی یەکتر و وەرنە لام).

ڕەنگەکان بە فەرمانی باران دەستیان خستە ناو دەستی یەکترەوە و پێکەوە کۆ بوونەوە. (باران) لە قسەکانی بەردەوام بوو: (لێرە بەدوا پاش بارینی هـەر بارانێـك، ئێوە دەستتان لەناو دەستی یەکتریدا دەبێت و بوونی خۆتان لە پانتایی ئاسمانێکدا دەخەنە نمایش تاوەکو نیشانەی ئاشتی و ئـارامی بـن. ئـەو پەلکەزێڕینەیـەی ئێـوە دروستی دەکەن نیشانەی هیوایە بـە سبەی. کاتێـك کـە بـاران، جیهـان دەشـوات و پاکی دەکاتەوە، پەلکەزێڕینە لە ئاسماندا دەردەکەوێت تاوەکو ڕێز لەیەکترگرتنمان بیر بهێننەوە.

((ئادریان تافدەر))

# ((سوپاسگوزاری کەموکوڕیی هاوسەرەکەت بە))

پێش چەند ساڵێك، پاش مەراسیمی هاوسەرگیری لە سەنگافورە، باوکی بوك زاواکەی بردە لایەکەوە تاوەکو بۆ بەردەوامی ژیانێکی خۆش ئامۆژگارییەکی بە گوێدا بدات. ئەو بە تازە زاوای گوت: (لەوانەیە کچەکەمت خۆش بوێت).

تازە زاوا بە هەناسەیەکی قووڵەوە وتی: (ئا، بەڵێ!)

باوکی بوکە لە بەردەوامیی قسەکانیدا وتی: (و لەوانەشە پێت وابێت کە باشترین مرۆڤی دنیایە).

تازە زاوا بە شەرمەوە وتی: (کچەکەی تۆ لە هەر روویەکەوە کە بڵێیت بێ کەموکوڕییە). باوکی بوك وتی: (لە شەوی بوکێنیدا هەروایە. بەڵام پاش چەند ساڵێك یەك بە یەك کەموکوڕییەکانی دەردەکەون. تا کە چاوت بە کەموکوڕییەکانی کەوت، بیرت بێت ئەم قسانەی ئەمشەوی منت بیر بێت. کاکی زاوای نازدار، ئەگەر ئەو کەموکوڕییەکی وەهای لەسەرەتاوە نەبووایە ئەوا لەگەڵ پیاوێکی لە تۆ باشتر هاوسەرگیری دەکرد!)

کەوایە، ئێمە دەبێ هەمیشە لەبەر کەموکوڕییەکانی هاوسەری خۆمان سوپاسگوزار بین، چونکە ئەگەر هاوسەرەکان لە سەرەتاوە ئەم کەموکوڕییەیان نەبووایە، بواری ئەوەیان هەبووە لەگەڵ مرۆڤێکی باشتر لە ئێمە هاوسەرگیری بکەن.

Scanned with CamScanner

# ((چیرۆکی شا و وەزیر))

لە رۆژگارێکی دوور دا، پاشایەك حوکمڕانی وڵاتێك بوو. ئەو وەزیرێکی هۆشیار و دانای هەبوو. وەزیر هەمیشە ئەو رووداوانەی کە بەسەر خۆی و ئەوانیتردا دەهات بە پۆزەتیڤ هەڵدەسەنگاند و هەمیشە بڕوای وابوو لەودیو هەر رووداوێکەوە کە روودەدات و لە دیدی مرۆڤدا خراپ و شومە، فەلسەفەیەکی قووڵ هەیە. پاشا دڵی بەم گەشبینییەی وەزیر خۆش نەبوو و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕا تا بۆی بسەلمێنێت بیروباوەڕەکەی هەڵەیە و وای لێبکات لێی پاشگەز بێتەوە.

رۆژێکیان کە پاشا دەیویست قامیشێك بە تیغ ببڕێتەوە پەنجەی خۆی بڕی. ئەو لە تاو ئازار ئاگای لە خۆی نەبوو، بەڵام وەزیر وەستابوو و بیرمەندانە تەماشای دەکرد. پاشا وتی: (تۆ بۆچی وەستاویت؟ کارێك بکە). وەزیر وتی: (وەکو هەمیشە هەرچییەك خوا بیدات باشترینە).

پاشا توڕە بوو و وتی: (من لێرە ئازار دەچێژم و تۆ دەڵێی هەرچییەك خوا بیدات باشترینە. ئەم قسە پوچانە ببڕەرەوە). پاشای توڕە لەپای ئەو قسانەدا دەستبەجێ وەزیری خستە زیندانەوە. کاتێك وەزیریان دەبردە زیندان هاواری کرد: (پاشا زیندان بۆ من باشترینە). ئەم قسانەشی پاشای زیاتر توڕە کرد. چەند رۆژێك تێپەڕی. پاشا بۆ راو چووە دارستان. ئەو لەناو دارستانەکەدا دەگەڕا کە لەناکاو بزر بوو و لەو راوچییانەی تر کە لە دەوری بوون دوور کەوتەوە. پاش ماوەیەك ماندوو بوو و بڕیاریدا لەژێر سێبەری درەختێکدا پشوو بدات. بەڵام لەکاتێکدا کە هەروا

خەریکی پشوودان بوو هەستیکرد چەند کەسێك لە دەوری وەستاون. کاتێك چاوی کردەوە سەیریکرد قەبیلەیەك چواردەوریان گرتووە و سەری نێزەکانیان لەسەر راگرتووە.

ئەوان پاشان بە دیل گرت و بردیان بۆ شوێنی ژیانیان. پاشا هاواری دەکرد و داوای یارمەتی دەکرد بەڵام کەسێك نەبوو رزگاری بکات. پاشا بە سەرۆکی قەبیلەکەی وت: (بۆچی منتان بە دیل گرتووە؟ چ کارتان بە من هەیە؟ من پاشام و ئێستا هەمووان بەدوای منەوەن. ئەگەر ئازادم بکەن ئەوا دەسەڵات و ئاڵتونتان ئەدەمێ). سەرۆکی قەبیلە وتی: (بێدەنگ بە. ئێمە پێویستمان بە سامانی تۆ نییە. ئێمە تۆمان بۆ ئەوە هێناوە کە بتکەینە قوربانیی خوداکانمان. هەموو ساڵێك پیاوێك ئەدزین و دەیکەینە قوربانی و ئێستاکەش خۆشحاڵین کە تۆ پیاوێکی ئاسایی نیت و پاشایەکیت. بە دڵنیاییەوە خواکانمان خۆشحاڵ ئەبن کە کەسایەتییەکی گەورە بکەینە قوربانی).

پاشایان ئامادە کرد و چوونە قوربانگە. هەموو شتێك بۆ قوربانیکردنی ئامادە بوو کە لەپڕ سەرۆکی قەبیلە شتێکی بۆ دەرکەوت. ئەو ئاماژەی بە برینی پەنجەی پاشا کرد و وتی: (ئەم چییە؟) پاشا لە وەڵامدا وتی: (دەستم بریندار بووە و هەر لەبەر ئەوەیە پەنجەم بەستووە). سەرۆکی قەبیلە روویکردە تاکەکانی قەبیلەکەی و وتی:

-(ئەم پیاوە ناتوانێت ببێتە قوربانی. ئێمە ناتوانین کەسێکی کەموکورت بکەینە قوربانی خواکانمان. ئەو شایستەی بوون بە قوربانی نییە).

پاشا بیری وەزیرەکەی کەوتەوە کە دەیگوت: (هەچییەك خودای یەکتا ئەیدات باشترینە) و ئەم پرسەی بە باشی دەرك کرد: برینی پەنجەکەی، گیانی لە مەرگی حەتمی رزگار کرد. پاشا کاتێك گەڕایەوە کۆشك دەستبەجێ فەرمانیدا وەزیر ئازاد

بکەن. پاشا هەموو ڕووداوەکەی بۆ وەزیر گێڕایەوە و وتی: (من داوای لێبووردنت

لێ دەکەم کە ئەوەندە لاسار بووم و بێ بەزەییانە تۆم خستە زیندانەوە).

وەزیر لە وەڵامدا وتی: (گەورەم، لە تۆ دڵگیر نیم. لە ڕاستیدا تۆ بوویتە ئامرازێک تا گیانی من ڕزگاری بێت).

پاشا پرسی: (چۆن چۆنی؟)

وەزیر وتی: (ئەگەر منت زیندانی نەکردبوایە، لەگەڵ تۆدا دەهاتمە ڕاو و کاتێک تۆ بە دیل دەگیرایت منیش بەدیل دەگیرام و لەبەرئەوەی پەنجەی تۆ بریندار بوو منیان دەکردە قوربانی: بۆیە خوداوەند هەمیشە باشترینەکانی بۆ بەندەکانی دەوێ، تەنانەت ئەگەرچی بە پێچەوانەی ئارەزووشیان بێت).

***

Scanned with CamScanner

خودا هەریەکە لە ئێمەی وەها خۆش دەوێ
وەک بڵێی تەنیا یەک کەس لە ئێمە بوونی هەیە

## ((دەستانی پارێزەر))

کوڕێکی بچوک ماوەیەک بوو دەچووە خولی پیانۆ و فێر ببوو چەند پارچە مۆسیقایەک لێبدات. دایکی، بۆ ئەوەی لە فێربوونی پیانۆدا هانی بدات بلیتی کۆنسێرتێکی پیانۆی کڕی و کوڕەکەی لەگەڵ خۆیدا بردە کۆنسێرت.

کاتێک کە چوونە ناو کۆنسێرتەوە و لەسەر کورسی خۆیان دانیشتن، دایکەکە یەکێک لە هاوڕێکانی بینی و چووە لای تا گفتوگۆیەک بکەن. کاتێک لە گەرمەی قسەکردندا بوون، کوڕەکە چووە زیرەکانە چووە پشت پەردەکە. دایکەکە کە گفتوگۆی لەگەڵ کوڕەکەیدا تەواو ببوو، گەڕایەوە لای کورسییەکە و تووشی سەرسوڕمان بوو کە بینی کوڕەکەی لەوێ نییە. هەر لەو کاتەدا پەردە لادرا و هەموان بە سەرسوڕمانەوە کوڕێکی بچوکیان بینی کە لە پشت پیانۆکەوە دانیشتووە و پارچەیەکی مۆسیقی بچوک عەزف دەکات.

لەو وەختەدا مامۆستای پیانۆ ئەچێتە لای پیانۆکە و بە هێمنی بە کوڕەکە دەڵێت، مەترسە بەردەوام بە و خۆیشی لە لایەوە ئەوەستێت و لە عەزفکردنی چەند بەشێکی پارچە مۆسیقییەکەدا یارمەتی ئەدات. ئەویش بەبێ هیچ ترسێک بەردەوامبوو لە عەزفکردنەکە. ئەم دیمەنە کاریگەری خستە سەر هەموو ئامادەبووان و هەلومەرجێکی زۆر بەجۆشی لە هۆڵەکەدا هێنایە کایەوە.

ئامادەبوون لەم دیمەنەدا رێك وەكو ئامادەبوون بوو لە گۆرەپانی ژیاندا. كاتێك كە هەست دەكەین لەبەر چاوانین، ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدەین، بەڵام كاتێك هەست دەكەین دەستێكی بەهێز پاڵپشتیمان دەكات، بە بڕوابەخۆبوونێكی زۆرترەوە سوود لە جوانییەكانی ژیان وەردەگرین.

جارێكی تر كە لە رەوگەی ژیاندا دووچاری دڵەڕاوكێ و ترسی توند بوویتەوە، باش گوێ هەڵخە، حەتمەن دەنگی ئەو دەبیستیت كە دەڵێت مەترسێ و بەردەوام بە.



ئەگەر ویستت تۆڵە لە کەسێك بکەیتەوە، دوو گۆڕ هەڵبکەنە.

# ((رازی گەورەی ئارامی))

مامۆستا داوای لە فێرخوازان کرد بۆ سبەینێ زەرفێك پەتاتە لەگەڵ خۆیاندا بێنن. ڕۆژی دواتر پێیانی وت ناوی کەسێك لەسەر پەتاتەکانیان بنووسن کە ڕقیان لێیە و بیخەنە ناو زەرفەکەوە. چەندەی ژمارەی کەسەکان زیاتر بووایە، ژمارەی پەتاتەکانی ناو زەرفەکەش زیاتر دەبوو. هەندێکیان یەك پەتاتەیان لەناو زەرفەکانیاندا هەبوو، هەندێکیان سێ دانە و هەندێکیان زیاتر.

مامۆستا داوای لێکردن تا ئەو کاتەی هەستی ڕقیان تیادا هەیە، پەتاتەکان لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرن و بۆ هەر کوێیەك دەڕۆن زەرفە پەتاتەکانیان پێ بێت. ئەم کارە تاوەکو هەفتەیەك بەردەوام بوو.

منداڵەکان ناچار بوون بە زەحمەتەوە هەموو زەرفەکان لەگەڵ خۆیاندا ببەن و بەرگەی بۆنی ناخۆشی پەتاتەکان بگرن کە ئیتر ڕزیبوون. ئەوانەی کە پەتاتەی زیاتریان لە زەرفەکانیاندا هەبوو دەبووایە زەحمەتی هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەش بەدوای خۆیاندا بەکێش بکەن. لە کۆتایی هەفتەکەدا، مامۆستا وتی ئەم یارییە تەواو بووە و هەمووان خۆشحاڵ بوون لەوەی کە ئەم یارییە ئیتر تەواو بووە و چیتر ناچاری هەڵگرتنی پەتاتەکان نین.

مامۆستا لێیانی پرسی: (بەم یەک هەفتەیە چ هەستێکتان لە هەڵگرتنی پەتاتەکان هەبوو). هەموویان دەستیانکرد بە گلەییکردن و دەربڕینی نارەحەتی لەو زەحمەتەی کە لە هەفتەیەکدا بەرگەیان گرتبوو.

مامۆستا وتی: (ئەو کارەی ئێوە ئەنجامتاندا وەکو هەڵگرتنی نەفرەت و هەستێکی خراپە بەرانبەر ئەوانیتر کە ئێوە لەناو خۆتاندا هەڵیدەگرن. ئەم هەست و قورساییە ناخۆشە بۆ هەموو شوێنێک لەگەڵ خۆتاندا دەبەن. داڕزین و قورساییەکەی دەبێتە هۆی تێچکوونی دڵتان. پاشان وا باشترە نەفرەت بەلاوە نێن تاوەکو دڵتان لە گوناە و قورسایی ڕەها بێت و فێر بن ئەوانیتر ببەخشن و خراپەکانیان پشتگوێ بخەن تاوەکو خۆتان لەئارامیدا بن.

***

هاوڕێیەکم بدەرێ کە لەگەڵم بگریێت، خۆم هاوڕێیەک ئەدۆزمەوە کە لەگەڵمدا پێبکەنێت.

# ((بازرگان و چوار هاوسەر))

بازرگانێکی دەوڵەمەند چوار هاوسەری هەبوو. هاوسەری چوارەمی بازرگانەکە جوان بوو و بە دڵخوازەکەی ئەو لەقەڵەم دەدرا. بازرگان زۆر کەیفی پێدەهات و هەمیشە لەگەڵیدا میهرەبان بوو و هەرچییەك داوای دەکرد بۆی دابین دەکرد.

بازرگانەکە هاوسەری سێیەمیشی زۆر خۆش دەویست و لە هەموو میوانداریییەکاندا شانازی بە هەبوونیەوە دەکرد. ئەو هاوسەری دووەمیشی زۆر خۆش دەویست هەر کاتێك کێشەیەك بەسەر بازرگانەکەدا دەهات، هاوسەری دووەمی یارمەتی دەدا و کێشەکەی چارەسەر دەکرد.

هاوسەری یەکەمی بازرگانەکە زۆر بەئەمەك بوو و هەمیشە لە قووڵایی ناخیەوە خۆشی دەویست و هەمیشە لە سەختی و کێشەکانیدا لەگەڵیا بوو، بەڵام بازرگانەکە بەدەگمەن قسەی لەگەڵدا دەکرد و راوێژی پێ دەکرد.

رۆژێکیان بازرگانەکە بە سەختی نەخۆش کەوت. دکتۆرەکان وتیان ئیتر هیوایەك نییە بۆ مانەوەی و ئەو بەزوویی دەمرێت، بازرگانەکە زۆر غەمگین و نارەحەت بوو. ئەو بیری لە ژیانی خانەدانی و ئەو رۆژە خۆشانە کردەوە کە لەگەڵ هاوسەرەکانیدا بەسەریبرد. لەبەر خۆیەوە وتی: (من چوار هاوسەرم هەیە، ئایا کە مردم هەر بەئەمەك دەبن بۆم؟)

ئەو بانگی چوار هاوسەرەکەی کرد و پێیانی وت: (هاوسەرەکانم، من ئێوەم زۆر خۆش دەویست و هەرچییەك كە ویستووتانە بۆم دابین کردوون. ئێستا لە سەرەمەرگدام. دلواتان لێدەكەم پاش مردنم بەئەمەك بن بۆم و لەگەڵ كەسدا هاوسەرگیری نەكەن). دڵخوازەكەی بازرگان، شانەكانی هەڵتەكاند و وتی: (نا، مەحاڵە!) و بێ ئەوەی قسەیەکی تر بکات چووە دەرەوە.

وەڵامی هاوسەری چوارەمی بازرگانەکە وەکو چەقۆیەکی تیژ دڵی بازرگانەكەی هەڵدڕی. بازرگانەکە خەمبار بوو و ڕوویکردە هاوسەری سێیەمی. هاوسەری سێیەم وتی: (نا، ژیان لەم دنیایەدا جوانە و من دوای تۆ حەتمەن هاوسەرگیری دەكەمەوە!) دیسان دڵی بازرگان شکا و تا و لەرزێکی توند جەستەی داگرت.

لەم ساتەدا هاوسەری دووەمی بازرگانیش كە خەریکی چوونە دەرەوە بوو لە ژوورەکە وتی: (بمبوورە، منیش بەڵێن نادەم. بەڵام هەندێ جار دێمە سەر گۆڕەكەت. ئەمە زۆرترین دڵسۆزییە كە ئەتوانم پیشانی تۆی بدەم!)

ئەم وەڵامە وەکو هەورەتریشقەیەك بوو لە دڵی بازرگانیدا و وردی کرد. خەم هەموو جەستەی بازرگانی داگرت. چاوەکانی داخست و لە ناخی دڵەوە گریا. بەڵام لەناکاو گوێی لە دەنگی ژنێك بوو كە دەیگوت: (هاوسەری ئازیزم، من لەبەرانبەر تۆدا هەر بەئەمەك دەبم، گرنگ نییە بۆم لە کوێ دەبیت). بازرگانەکە چاوەكانی کردەوە و بە سەرسوڕمانەوە هاوسەری یەکەمی بینی.

بازرگانەکە لە ڕادەبەدەر غەمگین بوو و وتی: (خۆزگە ئەو کاتەی كە ئەمتووانی، گرنگی زیاترم پێدەدایت).

هاوسەری چوارەمی بازرگانەکە (جەستە)ی ئەو بوو. لەم دنیایەدا چەندەی پارە بۆ جوانی خەرج بکەین، دوای مەرگ بە تەنیا دەمانهێڵێتەوە.

هاوسەری سێیەمی بازرگانەکە (سامان و دارابیەکە)ی بوو. ئەو کاتەی کە دەمرین، هەمووان لەدەست دەدەین.

هاوسەری دووەمی بازرگانەکە، خێزان و هاوڕێکانی بوون. ئێمە تا ئەو کاتەی کە زیندووین گرنگین و (لەوانەیە تەنیا لە ڕۆژی مردندا) لەسەر گۆڕەکەمان فرمێسک بڕێژن و دوای ئەوە فەرامۆشمان دەکەن.

بەڵام هاوسەری یەکەمی بازرگانەکە (ڕۆح)ی ئەو بوو. عەشقی خودایی و کاری باش لەم دنیایەدا هەمیشە لەگەڵماندا دەبن. تەنانەت پاش مردنیش وازمان لێ ناهێنن. وابەستەیی و هەوەسی بازرگان بۆ دنیا ببووەهۆی غافڵبوونی لە هاوسەری یەکەمی.

# ((سوپەرمارکێتی بەهەشتی))

پێش ساڵانێك، جارێکیان کە لە شارێپیەك دەپەڕیمەوە، ڕێکەوتی تابلۆیەکم کرد کە لێی نوسرابوو: (سوپەرمارکێتی بەهەشتی).

کاتێك زیاتر چوومە پێشەوە، دەرگاکان کرانەوە و چوومە ناو سوپەرمارکێتەکەوە. لەوێ گروپێکی فریشتەی خانەخوێم بینی. ئەوان لە هەموو شوێنێك ئامادەبیان هەبوو. یەکێکیان سەبەتێکی دامە دەست و وتی: (ئەمە بگرە و بە وریاییەوە شت بکرە).

هەرچییەك مرۆڤ پێویستی پێی بوو لەوێ هەبوو. سەرەتا بڕێك (ئۆقرە)م هەلگرت. (عەشق)یش هەر لەو ڕەفەیەدا بوو. لە ڕەفەی خوارتر (تێگەیشتن) هەبوو کە لە هەموو شوێن و کاتەکان پێویستم بوو.

یەك دوو پاکەت (زانین) و (مەعریفە)م هەلگرت و بڕێك (ئیمان) و پارچەیەك (چاکەکاری)م هەلگرت. پاشان بڕێك (دەسەلات) و (بوێری)م کڕی کە یارمەتیدەرم بوون تا سەریەرزانە لەم پێشبڕکێیە دەرچم. سەبەتەکەم بە تەواوی پڕ ببوو بەلام لەپڕ بە مێشکمدا هات کە پێویستم بە بڕێك (بەخشندەیی)یش هەیە و پاشان کەمێك (ڕزگاری)یشم خستە ناو سەبەتەکەوە، چونکە (ڕزگاری) مایەی دەربازبوونە.

هەولمدا هەرچییەك کە پێویستە بایی پێویست دەست بدەمێ و پاشان دەستمکرد بە حساب و کتاب.

Scanned with CamScanner

هەروەها چوومە راڕەوی سەرەوە و نزام بینی و خستمە ناو سەبەتەکەمەوە کە زانیم ئەو کاتەی لەم شوێنە دەچمە دەرەوە گوناه دەکەم. (ئارامی) و (دڵخۆشی) دوایین شت بوون کە بە بڕی زۆر لە رەفەکاندا دەمبینین. (ستایش) و (سوپاسگوزاری)یش هەر لەو نزیکانە هەبوون، ئەوانیشم هەڵگرتن. پاشان چوومە لای فریشتەی کاشیەر و وتم: (ئێستا ئەبێ چەنێك بەم؟)

ئەو بزەیەکی کرد و وتی: (هەرچییەك کە حەزت لێیە لەگەڵ خۆتدا بیبە). دووبارە پرسیارەکەم دووبارە کردەوە و ئەو وتی: (خوداوەند زۆر لەمێژە پارەی حسابەکەتی داوە).



Scanned with CamScanner

# ژ، وەکو... ژیان

ژ، وەکو... ژیان



لەسەرەتاوە دەمەڕدم بۆئەوەی دواناوەندی تەواو بکەم و بچمە زانکۆ
پاشان دەمەڕدم بۆئەوەی زانکۆ تەواو بکەم و دەستبکەم بە کارێک
دوای ئەویش دەمەڕدم بۆئەوەی هاوسەرگیری بکەم و منداڵم هەبێت.
پاشان دەمەڕدم بۆ ئەوەی منداڵەکان گەورەبین و بچنە قوتابخانەو
بتوانم بگەڕێمەوە سەر کارەکەم.
پاشان دەمەڕدم بۆ ئەوەی خانەنشین بیم و ئێستا کاتی مردنم هاتووە و
لەپڕدا تێگەیشتم کە لەبیرمکردبوو بژیم...

مەسعود لەعلی